## ئاشنابوون بە

# سپینۆزا



کۆمەڵێک نوسەر

# ئایدیا

گۆڤارێکی فکریی فەلسەفییە، گرنگی بە لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان دەدات
دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٤١)
تشرینی دووەمی ٢٠١٣ سالی نۆیەم


خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
سەرنوسەر: ئەنوەر حسێن
a.bazgr@gmail.com
٠٧٧٠١٥٣٥٠٢٩
جێگری سەرنوسەر: لوقمان رەئوف
lukmanraoof@yahoo.com
٠٧٧٠١٣٦٩٧٩٢
دەستەی نووسەران:
شاسوار کەمال، پێشڕەو محەمەد
مەجید مارابی، ئارام مەحمود ئەحمەد
راوێژکار:
شوان ئەحمەد، رێباز مستەفا
مستەفا زاهیدی
تایپ و هەڵەچن:
باوان عومەر
بەڕێوەبەری پەیجی فەیسبوک:
باوان عومەر
بەڕێوەبەری سایت: ئاراس حەسەن

بەڕێوەبەری هونەری:
هەرێم عوسمان

چاپ: چاپخانەی کارۆ.... تیراژ: ١٠٠٠ دانە ... نرخ: ٤٠٠٠ دینار

## سپینۆزا: ژیانو بەرهەمەکانی

**سپینۆزا**

**لە عەرەبییەوە: ئاوات محەمەد**

### ١- جولوکەکەی ئەمستردام

سپینۆزا لە ٢٤ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٦٣٢ لەئەمستردام لەدایک بووە، لەخێزانێکی جولەکەی پورتۆگالی پەناهەندە لەهۆڵندە لەدایک بووە، لەو شارە ژمارەیەکی زۆری جولەکەی لێبوو، لەهەموو شوێنەکانی دوورگەی ئایبریەوە هاتبوون، کەشەریعەتی موسا تەنها بەنهێنی مومارەسەدەکرا، ئەم کۆمەڵە خێزانە گروپێکی پتەویان پێکهێنابوو، ئەوەیش بەهۆی ئەوەی زمانی ئیسپانیەکەی خۆیان پاراستبوو، کەزمانی باڵادەستی ئەوکاتە بوو، هەروەها خاوەنی کنێستو قوتابخانە بوون، (کەقوتابخانەی Keter Torah سەرەکیترین قوتابخانەکانی بوون)، ئەم کوڕە لەناو کەشێکی حاخامیدا گەورە بوو، کەدەقی تەوراتی بەزمانی عبری خوێندووەو تەلمودی لەبەرکردووە، پێدەچێت فەلسەفەی جولەکەی سەدەکانی ناوەندی خوێندبێت، هەروەها فەلسەفەی Maimonide خوێندووە، جگە لەنوسینەکانی جاسدئای کریسکاس Chasdai Crescas، کەلەسەدەی شانزەدا زۆر دژی ئەرەستۆ بووەو لەرەهاگەریی راماوە(١).

ئاسایە ئەم حەزی فێربوونە وا لە سپینۆزا بکات، خۆی لەنەریتی جولەکەیی رزگار بکات، کەئەم گروپە جولەکەیەی ئەمستردام نەیاندەتوانی بەدەر لەکاریگەرییە دەرەکییەکان بنو بەسەرخۆیاندا دابخرێن، کەلەناو خۆیاندا جێگیریەکی رەها

درووست نەکەن، زۆربەی ئەندامانی ئەم گروپە تازە لەو نیمچە دوورگەیەوە هاتوون، کە سەر بە(مارانییەکان) بوون(٢)، لەژێرەوە جولەکە بوون، رقیان لەوە بوو وەک مەسیحی دەربکەون، ئەگەرچی بەدەست ئەوەی ئەم ئاینە بەسەریدا سەپاندبوونو ئەبوایە وەریانبگرتایە ئازاریان زۆر چەشت، لەزۆر باردا ئەم ئازارە لەوە کەمتر نەبوو کەرۆشنبیری زانکۆ ئیسپانیەکان بەسەریاندا دەیسەپاند، نیشتمانی خۆیان بەجێهێشت، تاکو مومارەسەی باوەڕی خۆیان بەئازادی بکەن، بەڵام هەندێکیان لەو فشارەی ئەو گروپەی تێچووبوون زۆر بێزار بوون، بەرەو رووی دوو حاخام بوونەوە، کەتوندیان باس دەکرا، کەهەندیجار وەک دادگای پشکنین(٣) ناویاندەهێنان.

بەپێچەوانەی ئەوەی لەناو کۆمەڵە جولەکاندا هەبوو، دەوڵەت لەو وڵاتەی جولەکانن هەستیان دەکرد پەناگەیەکە بۆ ئەوان، ئازادییەکی زۆر زیاتری دەدا بەکەنیسەکان، لەبەرامبەر کالڤینیەتی فەرمی(٤)، کاسۆلیکی رۆمانی هەبوو بەشێوەیەکی تایبەتی تایەفە پرۆتستانتیەکان: لەوانە مژدەبەخشەکان Remontrants یان ئارمینیە بەرهەڵستکارەکانی دژی گۆمارییەکان(٥)، لەناو کالیڤینیەکاندا، پاشان لۆسەریەکان(٦)، هەروەها مینۆنیتیۆنەکان(٧)، (ئەوانەی لەلاهوتو راهیبیەتو راکردوو لەخزمەتی سەربازی)، کوەیکرزەکان(٨)، سۆسینۆیەکان(٩)، کەباسیان لەدووبارە تەعمید دەکردەوە، هتد...، دواجار گروپی (دەستەی کاهینەکان)(١٠)، بەکۆکردنەوەی ئەو هەموو جۆر تایەفە، جگە لەدۆگماتیزمەکان لەناو پەرستنێکی ناوەکی پوختدا، ئەویش لەپێناو کۆنترۆڵکردنی ئەو هەموو دژبەیەکە.

باوەڕی ئاینی نەیدەتوانی پشت بەئەمانەتی تەقلید ببەستێت، بەتایبەتی لەناو ئەو هەمەچەشنیو جیاوازیانەدا، بەڵکو رێک پێچەوانەی ئەمانە لەخۆ دەگرێت، لەهەراو زەناو گەڕان بەدوای ئاینێکی باشتردا، گفتوگۆکانی نێوان هەمە جۆری تایفەی مەسیحی هەمەجۆر بووەوە، هەروەها لەناو خودی گروپە جولەکەکاندا بەرەو بەخۆدا چوونەوە گەڕانەوە، حاڵەتێک هەیە پێویستە باسی لێوە بکەین، ئەویش حاڵەتی ئارێیل داکۆستایە Uriel da costa ، کەئەمیان جولەکەیەک بوو لەبۆرتۆ، بەپێی مەزهەبی کاتۆلۆکی گەورە بووە، دواتر بەدزیەوە بۆ ئاینی جولەکە گەڕایەوە، پاش ئەوەی هەموو خێزانەکەی گەڕاندەوە بۆ سەر دینی خۆی، گەیشتە

ئەمستردام‌و چووە ناو گروپێکی جولەکەوە، دواتر لەئەرسەدۆکسیەت دوور، کەوتە جیاوازییەکانی لەگەڵ کنێست، وای لێکرد لەساڵی ١٦٤٠خۆی بکوژێت(١١).

ئەو بارودۆخەی وای کرد سپینۆزا لەرووی فکریەوە ئازاد بێت، ناکرێت چاو لەو واقعە بپۆشین، کە لەئەمستردام لەقوتابخانەی فرانز ڤان دین ئاند Franz van Den Ende، هەیبوو، کەدکتۆرێک بوو پێشتر مەسیحی بووە، کەیارمەتی کلارا ماریای کچی لەخوێندندا دەدا، کەلە پێشبڕکێیەکدا لەبەردەم هاوەڵێکی دۆڕا، کەلەو دەوڵەمەندتر بوو، هەروەها لۆسەریەک بەناوی کرکیرینگ Kerkering کەدواتر لەگەڵ ئەمەدا هاوسەری گرت‌و بووە کاثۆلیک، بەڵام بەگوێرەی ڤان دین ئاند بەشێوەیەکی زۆر تراژیدی گیانی لەدەستدا، بەهۆی ئەوەی لەپیلانێکدا لەساڵی ١٦٧٤ بەشداری کرد لەسەر ئەمە لەسێدارە درا، ئەویش لەو ئۆپەراسیۆنەی لەنۆرماندیا لەدژی لویشی شانزە، ئەوەی پێویستە بەهەند وەریبگرین، لەم ماوەیەی ژیانی سپینۆزا، ئەوەیە لەخوێندگاکەی ڤان دین ئاند، کەمێک فێری لاتینی‌و یونانی بووە، کەئەوەندە نەبووە راستەوخۆ بتوانێت ئینجیلی پێشیبکاتەوە، کەئەمەش سپینۆزا خۆی دانی پێدا ناوە، بەڵام بەفێربوونی لاتینی دەروازەیەکی بۆ تێگەیشتن لەفەلسەفەی مەسیحی پێفێربوو لەسەدەکانی ناوەڕاست، بەتایبەتی فەلسەفەی تۆماس داکین، هەروەها لەفەلسەفەی ئەفلاتونیەتی نوێکراوی سەدەی رۆشنگەری، (لەوانە فیسین Fisein، برۆنۆ Bruno، هەروەها دەتوانین لەگەڵ ئەماندا باسی لۆنی عبریش بکەین)، هەرەها سەبارەت بەفەلسەفەو کارەکانی ئەو ئافە، هەروەها دانراوەکانی بایکۆن، هۆبز، دیکارت، هەروەها دیکارتییەکان‌و نەیارەکانی، کەئەمانە لەوڵاتی نشێودا زۆر چالاک بوون، بەبێ ئەوەی باس لەوە بکەین کەخوێندنەوەی بۆ کاری ئەوانەی دەیانویست جۆرێک لەهەمرایی لەنێوان دیکارتیەت‌و سکولاستیکدا بکەن، لەنمونەی هێریبۆرد لە Meletemata Phllosophica . لاتینی دەرگای زانستی نوێی‌و کەلتووری فکری لەخۆرئاوا لەبەردەم سپینۆزادا کردەوە، لاتینی زمانێکی ئازاد بوو لەبەردەم فکری وابەستە بەنەریتخوازی جولەکە.(دەتوانین ئەم حاڵەتە بەوەی ئێستامان کەناوی رۆشنبیری جەماوەری ناوی دەبەین)(١٢).

نامۆ نییە بەهەموو خواستەی فکریەی سپینوزاوە لەلای سەرکردەکانی

کنێست گومانلێکراو بێت، کەسوورن لەسەر ئەوەی گروپی جولەکان پێکەوە بەستراون بنو دەست لەشەریعەتی جولەکە نەدەن، هەروەها نامۆ نییە لەو کاتەی کۆمەڵێک رستەی هەرتەقی لێوە دەردەچێت، لەگەڵ مامۆستا کۆنەکانیدا بکەوێتە کێشمەکێشەوە، کەبەناوبانگترینیان حاخام شاوول لیڤی مورتاییرا بوو، ئەگەر بڕاوا بەو تاوانبارکردنانەی ئاورۆ بیۆ دی کاسترۆ Orobio De Castro مارانی بکەین، کەساڵی ١٦٦٢ گەیشتە ئەمستردام، ئەو نارۆشنیەی کەوتە سەر سپینۆزا بەهۆی ئەو تێکەڵبوونەوە بوو کەلەنێاون ئەمو ئەو دکتۆرە جولەکەیەدا روویدا لەئیسپانیا، کەناوی جوان دی برادۆ بوو، کەگومانی کافربوونی لێدەکرا، کەدایالۆگی زۆر مەترسیداری لەگەڵ کنێستدا هەبوو، کەدواتر هاتو بۆ رزگار بوون لەو هەڵوێستە داوای لێبووردنی کرد، تاکو بەشێوەیەکی کاتی ئەو حەرامەی لەسەری بوو هەڵبگیرێت(١٣)، بەڵام سپینۆزا ئەو ئەستۆپاکیەی رەتکردەوە، کەدوای لێکرابوو، پێدەچێت ئەو حوکمەی کەلە ١٧ی تەموزی ١٦٥٦ دا بۆی دەرچوو بۆ رزگار بوونی وەریگرت، کەدەستی بەوە کرد بەرپرسیارەیەتی داپچڕانی لەکنێست خستە ئەستۆی خۆی، کەئەمە لەکتێبەکەی بەناونیشانی (مورافەعەیەک بۆ پاکانەکردن لەجیابوونەوە لەکنێست) نووسی، کەدەقی ئەم مورافەعەیە وون بوو، لەوانەیە جوان دی برادۆ ئەو ئەبیکۆریە کافرە بێمانایە بێت، بەڵام ئارییل داکۆستا نمونەی کەسێکی پڕ دڵەڕاوکێی تراژیدی بوو، لەبەرئەوە سپینۆزا ناچار بوو، کەفکر بکاتە قەدەری خۆیو کەرزگاربوونی خۆی بەدەستی خۆی وەربگرێت، ئەویش بەگەڕان بەدوای هەقیقەتدا.

**٢- گۆشەگیریەکەی لەریجنسبۆرگ:**

دەرئەنجامێکی پراکتیکی بوو، کە سپینۆزای لاو لەهەموو شتێک مەحروم بکرێت، کەلەکارو باری خێزانەکەی دوور بکەوێتەوە، هەروەها لەو دوکانە بازرگانیەی لەمیچال دی سپینۆزای باوکییەوە بۆی مابووەوە، کەبەر لەدوو ساڵ لەم رووداوە مرد، واتە لەساڵی ١٦٥٤دا، ئەبوایە ئیدارەی ئەم شوێنەی بۆ گابرێلی برای بەجێبهێشتایە، نا وانین هیچ بەشێکی لەم شوێنە بۆخۆی بەجێهێشتبوو، بەدڵنیاییەوە بۆ ماوەیەک تووشی گرفتی دارایی بوو، ئەبوایە ئەو کارەی شارەزای بوو کارایی تێدا پەیدا بکردایە، کەئەویش چاککردنی ئاوێزەی چاویلکە بووە،

هەروەها ئاوێزەی تەلسکۆبو مایکرۆسکۆبی دروستدەکرد، ئەم کارە لەناوچەیەکی قەرەباڵغی ئەو شارەدا، داهاتێکی باشی بۆ مسۆگەر کردبوو، هەروەها کاتێکی بەتاڵی زۆریشی بۆ هێشتبووە، جگە لەمە یارمەتیشی لەلایەن هاوڕێیانیەوە پێدەگەیشت، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا سوور بوو لەسەر ئەوەی ئەمستردام بەجێبهێڵێت، کەوەزیرە پرۆتستانتیەکان لەگەڵ حاخامەکاندا هاوپەیمانیان بەستبوو، تاکو ئەوە لەدادوەری شارەکە وەربگرن، کەنیشتجێبوونی لەو شارەدا لێقەدەغە بکەن، ماوەیەک لەئۆفەرکوکی دەوروبەری ئەمستردام مایەوە، کەگۆڕستانێکی جولەکەکانی لێبوو، لەساڵی ١٦٦٠ لەریجنسبۆرگ لەنزیکی لاید نیشەجێ بوو، لەو گوندەی کەشوێنگەی دەسەڵاتی کەهنوتی بوو، لەگەڵ هاوڕێکانی لەئەمستردام هەمیشە لەپەیوەندیدا بوو، لەوانە بازرگانی وەک سیمۆن دی فرێس، بیار بالینگ جێلیس، وەدکتۆرەکانی وەک لویس مایەرو جان بۆفمیستر، تاساڵی ١٦٦٣ لەو گوندەدا مایەوە، ئەویش ئەو ساڵەیە کەیەکەم کتێبی بەناونیشانی (بنەما فەلسەفیەکانی رینیە دیکارت»بەشی یەکەمو دووەم») کەلەرووی ئەندازەییەوە لەلایەن بینوا سپینۆزاوە سەلمێندرابو، کەخاوەنی بیرکردنەوەیەکی میتاییە.

لەم کتێبەدا، کەتەمەنی لەسی ساڵی تێپەڕی نەکردبوو، سپینۆزا نایەوێت باوەڕێکی نوێو رەسەن دابمەزرێنێت، بەپێشکەشکردنی بیروڕای فەلسەفی دیکارت دەستی پێکرد وەک گەنجێکی خوێندکاری زانکۆی لاید، کەناوی جان سیزار بوو، سپینوزا بڕیاری دا ببێتە مامۆستای ئەو، بەڵام بەوەی فەلسەفەی دیکارتی بەشێوەی ئەندازیارەکان پێشکەشکرد، بەو میتۆدەوە پەیوەست بوو کەدەیەوێت جێبەجێی بکات، ئەویش ئاکارناسیە، بیروڕا میتاییەکانی پشکنی، کەبووە پاشکۆی کتێبەکە، هەروەها هەموو چەمکە تەقلیدیەکانی میتاییەکانی پشکنی، بەتایبەتی چەمکی خەلق، کەئەم بەشێوەیەکی ریشەیی چاکسازی تێداکرد، ئەمەش بووە نمونەی ئەوەی فەیلەسوفێک بێت، کەدووبارە بیرکردنەوە فەلسەفیە میرتگیراوەکان بپشکنێت، هەموو هەوڵیشی بۆ ئەوە بوو، تاکو لەکارەکەی خۆی بگات، رەسەنی نووسەر لەو پێشەکیە درێژەی بەشی یەکەمدایە، بەئامانجی هەڵوەشاندنەوەی ئەڵقی دیکارتی، بۆ دەرباز بوون لەو گومانە قەبەکراوە، کەپێویست نییە بەڵگە بۆ بوونی خوا بهێنینەوە، بەڵکو ئەوەندە بەسبێت بیرۆکەیەکی رۆشنو جیاوازت

لەبارەیەوە هەبێت(١٤).

بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە ناوبانگێکی باشی بۆ نووسەرەکەی بەدەستهێنا، تا ئەو کاتە دەنگی سپینۆزا تەنها لەئەڵقە بەرتەسکەکانی نێوان هاوڕێیاندا نەبێت نەبیسترابوو، کەبەزمانی لاتینی هێڵکاریەکی بەرایی لەسەر ئاکارناسی بۆ کردن، کەلەدوو بەش پێکهاتبوو، بەڵام بیرۆکەی ئەم هێڵکارییە، بەشێوەیەکی ئەندازەیی دانەڕێژرابوو، نەگەیشتە دەستمانو بەچاپنەکراوی مایەوە، تەنها لەو وەرگێڕانە نەزرلەندیەی ساڵی ١٨٦٢ دا نەبێت، کەلەژێر ناونیشانی (نامەیەکی کورت سەبارەت بەخواو مرۆڤو بەختەوەریەکانی) بوو.

بەنزیکی لەهەمان مـاوەدا، لەو کاتەی سپینۆزا لەریجنسبۆرگ دەژیا، نامەیەکی تر دەستپێکرد بەناونیشانی ریفۆرمی ئەقڵ کەبەتەواو نەکراوەیی مایەوە، لەو کاتەی لەهەوڵی ئەوەدا بوو، ئامانجێک بۆ تێڕامانی فەلسەفی دیاری بکات، کەئەویش بریتیە لەزانینی خێری پیرۆز، خەریکی دانانی ئەو میتۆدە بوو، کەبیگەیێنێتە ئەم مەبەستە.

**٣- جێگیربوون لە فۆربۆرگ**

سپینۆزا لەساڵی ١٦٦٣ گۆشەگیریەکەی خۆی ریجنسبۆرگ کۆتایی پێهێنا، لەفۆربۆرگ و رۆیشت لەنزیک لاهای نیشتەجێ بوو، ئەم شارە پایتەخی وڵات نەبوو، بەڵام ئەو شارەیە کەحکومەتی لێیە، لەوکاتەوە خەریکی بەرفراوانکردنی جوغزی پەیوەندییەکانی بوو، کەپەیوەندی لەگەڵ زانایانی وەک کریستیان هایجنس گردو لەگەڵ ئاوڵد نبرگ نامەگۆڕینەوەکانی بەردەوام بوو، کەئەمینداری کۆلێژی پاشایەتی بوو، کەلەو کاتەی ئەم لەریجنسبۆرگ بوو سەردانی کردبوو، دواتر پەیوەندیەکانی بەناوەندە سیاسیەکانەوە دەستی پێکرد، پەیوەندی لەگەڵ فەرمانبەرێکی گەورە دروستکرد (سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هۆڵەندا)، جان دو وایت، سەرۆکی پارتی لیبراڵی، کەدژی سیاسەتی ئاورنجیەکان بوو، کەبەپاڵپشتی کالڤینیەکان دەیانویست دەوسەڵاتی کارەکانی شتائساودر بۆ دەسەڵاتی پاشا وەربگرنەوە، لێرەوە سپینۆزا دەستی بەتێڕامانە میتاییەکانی کرد، لەسەر ئەو کتێبەی وەستا کەناوی نامەیەک بۆ ریفۆرمی ئەقڵ بوو، لەئامادەکردنی ئاکارناسیدا زۆر خاو بوو، کە دەبێتە کاریگەری سەرکی لەسەر ژیانی سپینۆزا،

فەیلەسوف خەریکی ژیانی ناوخۆی ئەو کاتە بووە، (هەندێک ئەرکی نیشتمانی لەخۆ دەگرێت)، خۆی تەرخانکرد بۆ نوسینی نامەیەک سەبارەت لاهوتی سیاسی

**٤- نامەی «لاهوتی-سیاسی»**

ئەم کتێبە وەک بەرگریکردنێک لەئازادی بیرو ڕا بەرامبەر دەمارگیری لاهوتیەکان، دەرکرد، ئەویش بۆ زامنکردنی ئەو ئازادییە، تادەسەڵاتی ئاینی بخاتە ژێر دەسەڵاتی مەدەنییەوە، ئەو دوو سیمای ئەم مەسەلەیە دیاری دەکات، ئەو لەلایەکەوە ڕەخنەگرتن لەلاهوت زامن دەکات، بەوەی کەخواستیەتی مومارەسەی دەسەڵاتی سیاسی لەدەروەی بواری خۆی بکات، لەلایەکی ترەوە تیۆریەک بۆ دەسەڵاتی سیاسی مسۆگەر دەکات، بۆ سەرچاوەی ئەو دەسەڵاتەو بنەماکانی، لەرووکاری یەکەمەوە نووسەر گوزارشت لەوە دەکات، چۆن کاردانەوەی کەسی سپینۆزا بەرامبەر ئەو دەسەڵاتی حوکمی کردووە، دەتوانین لەوێوە دەست لەمە بدەین، ئەویش لەزایەڵەی ئەو مورافەعەیەی نوسیویەتی، پاش ئەوەی لەکنێست دەردەکرێت، روکاری دووەمی لەنووسەر ئەو پاڵپشتیەیە لە سیاسەتی جان دۆ وایت ئەیکات، هەروەها ئەو بیروڕایانەی فەرمانبەری گەورە ئۆڵدنبار نیڤلت Oldenbarnevelt بەرگری لێکردو لەساڵی ١٦١٩دا حوکمی مەرگی لەسەروەرگرت.

ا- ئەم لێکۆڵینەوەیە لەبەشی لاهوتیەکەیدا، هەراو زەنایەکی گەورەی نایەوە، ئەویش لەبەر ئەوە نا کەسپینۆزا بەراشکاوانە بەرگری لەعەقیدەیەک دەکات، پێچەوانەی عەقیدەی ئاینییە، ئەو را تایبەتیانە روونناکاتەوە، کەسەبارەت بەخواو خەلقو چارەنووسی خودن، هەروەها نایەوێت بیرو ڕاکانی هاوتای بیروڕای باوی ئەو کاتە بکات، بەڵکو ئەو هەوڵی تێڕوانینێکی جاڕسکەرانەی بۆ سروشتی خود هەبوو، هەروەها سەبارەت بەعەقیدەی ئایینی، بەپێی ئەوەی ئەم نووسینەکانی ئاراستەی ئەو خوێنەرانە دەکات، کەپێیانوایە کتێبی پیرۆز سروشێکی خواوەندانەی تێدایە، واخۆی دەرخست، کەئەمیش بەشداری هاوڕاییان دەکات، ئەویش بەخاتری ئەوەی ئەوەیان بۆ رۆشن بکاتەوە، ئەوە چییە کەبەتێڕاونینی ئەم دەپوکێنەوە، بەدیاریکراوەیی ناوەڕۆکی سروش، ئەو ئەرکەی خستە ئەستۆی خۆی، کەئەبێت عەقیدەی ئاینی کاڵبکاتەوە، لەوە رزگاری بکات کەجۆرێک لەلادانو دۆگمایی تێدایە.

ئەگەر تەورات کتێبێکی سروشئامێزی بێت، ناکرێت پرسیار سەبارەت بەڕاستی شێوەی گەیشتنی بەئێمە بکەین، کەکتێبە پیرۆزەکان ئەبێت لەبواری سەرچاوەو دانەرو ئەوانەی گواستویانەتەوە بپشکنرێت، ئەویش بەپێی مێتۆدی فقی زمانی بەسەر کتێبەکانی تردا دەچەسپێت، بەم شێوەیە سپینۆزا گەیشتە ئەوەی نکوڵی لەدانانی موسا بۆ هەر پێنج سفرەکە بکات، کەدەبینێت ئەم پێنج سفرە دواتر لەلایەن عەزراوە دانراوە، (بەشی هەشتەم)، بەم شێوەیە سپینۆزا بەرو رەخنە گرتن لەتەورات هەنگای نا، ئەو رێگایەی ریچارد سیمۆن ئەندامی دەستەی گوتاربێژی Oratarien گرتیە بەر، بەڵام ئەم شۆکە چەندە توند بێت، بۆ هاوچەرخەکانی سپینۆزا، لەدەرئەنجامی ئەم پێشنیارەوە، رەخنەی فقی زمان تاکە هۆکارێک بوو بەدەست سپینۆزاوە، ئامانجیش لەو رەخنەیە، شیکردنەوەی کتێبی پیرۆزو دیاریکردنی ماناکانی بووە(بەشی حەوتەم)،

کتێبی پیرۆز لای هەندێک راڤەکار، مانایەکی تەمو مژاویو شاراوەی هەیە، بەهۆی رێنیشاندانێکی میتاسروشتیەوە نەبێت، ناتوانین ئاشکرای بکەین، بەڵام ئەگەر مەسەلەکە ئاوا بێت ئەوا مژدەبەخشی پێغەمبەرانو پەیمبەران دەبێت مەسەلەیەکی نائێگەیشتوو، ناسەرکەوتوو، دەلالەتی کتێبی پیرۆز هاوشێوەی هەمیشەی هەقیقەتە، هەروەها خۆی لەبەردەم مەعریفەی سروشتیدایە، کەئەمەش رای ئیبن مەیمونو لویس مایەر بووە، کەهاوڕێی سپینۆزا بوون لەکتێبی Philosophica sacrae Scrioptuae Interpres ١٦٧٤ بەڵام سپینۆزا ئەم هاوشێوەییەکی بڕیار نەدا، کتێبی پیرۆز بەتێڕوانینی ئەم هەندێک شتی تێدایە لەگەڵ مەعریفەی ئەقڵیدا ناگونجێت، هەروەها دەبینێت کەناکرێت لەناو کتێبی پیرۆزدا، گەڕان بۆ زانیاری لەسەر سروشتو سروشتی خوا بکەین، بەڵکو پێویستە تەنها بەدوای چەند ئاماژەیەکدا، سەبارەت بەچۆنیەتی ژیان بەشێوەیەکی باشتردا بگەڕێین، ئەو مژدەبەخشیەی پێغەمبەرو پەیامنێرەکان دەکەین ئامانجی هیدایەتدانی دڵو رێککردنەوەی هەڵسوکەوتمانە، لەبەرئەوە دەبینین مژەبەخشی بەزمانێکی ساکار دەکرێتو لەبەردەست هەموواندایە، خاوەنی مۆرکێکی هزری ئەو تاقە دیاریکراوەیە، بۆ گەلێکی دیاریکراو، تەنانەت مەزاجی نووسەری سروشبەخش، ئەمە شتێکی نامۆ نییە، لەچیرۆکی تەوراتیداو لەقسەی پێغەمبەرانو پەیامنێرەکاندا

هەندێک چیرۆک ببیسین لەگەڵ مەعریفەی ئەقڵیدا یان لەگەڵ هزری هاوچەرخدا هاوکۆک نابێت، بەدیاریکراوەیی ئەمە واقعی مەسەلە ئەفسانەییە مەبەستدارەکانن، کەبەهۆی ئەندێشەی گوێزەرەوەکەی‌و ئەوانەی گوێلێدەگرن دەبزوێت، کەدەچێتە پیرۆزی ئیمان‌و فەزیلەتەوە، بەڵام سپینۆزا لێرەدا وەک لاهوتییەک ئەوە بەهەند وەردەگرێت، گەورەیی خوا بەگوێرەی ئەقڵە بیرکەرەوەکانەوە دەردەکەوێت، بەگوێرەی هزرە بیرکەرەوەکانەوە، ئەویش لەچوارچێوەیەکی جێگیری سروشتدا، بەشێوەیەکی باشتر لەچوارچێوەی موعجیزەکاندا دەردەکەوێت، کەدەبێتە هۆی سەرسوڕمانمان(بەشی شەشەم).

ئەوەی جێگەی تێبینیە ، مالبرانش کاهینی گروپی گوتاری Oratarien و بیرکلی قەشەی ئەنکلیکانی، رایەکی هاوشێوەی ئەوەی سپینۆزایان هەیە، ، بەڵام ئەمان ناگەنە دەرئەنجامی نەشیانی موعجیزە، بەڵام ئەسپینۆزا بەپێچەوانەی ئەمانەوەیە، هەموو ئەو تێڕوانینانەی لەئەندێشەدا جێگەیان دەبێتەوە، یان گوزارشتکردن بێت لەلایەنی مێژوویی رۆشنبیری، لەکتێبی پیرۆزدا، تەنها وەک هۆکارێکی سروش ئەگونجێت، بەڵام بەشێکی تەواوکەری کرۆکەی پێکناهێنێت، بەم شێوەیە سپینۆزا رێگە لەبەردەم ئەوانەدا خۆش دەکات، کەدەیانەوێت لایەنی خورافی لابەرن لەناو باوەڕی ئاینیدا، ئەمەش مانای وانیین سپینۆزا بیەوێت بەڵگەکانی ناوکتێبی پیرۆز کورتبکاتەوە بۆ هەقیەقەتێکی ئەقڵی پوخت، ئەم نووسینە بەتێڕوانینی ئەو زانیارییە تیۆریەکانمان کەخاوەنی مۆرکێکی مەزهەبی نین بۆمان ناگوازێتەوە، زانیاریەکانی بەرەو ئاراستەیەکی کردەیی دەچن، ئەو تەنها فێری ئەوەمان دەکات، چ پێویستە بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ ژیان‌و رزگارکردنی دەروون، ئەگەر باوەڕمان بەوە هێنا کتێبی پیرۆز قسەی خوای تێدایە، ئەبێت دان بـەوەدا بنێین ئەو قسانە سەرچاوەکەی شەریعەتی خواوەندییەو لەدڵی مرۆڤدا چاپکراوە، هیچ شتێکی تر ئەوەندە بەڕاشکاوانە رێنمایمان ناکەن، هەروەها بەو روونییە تەواو بەشێوە راستەوخۆیە، ئەم وەسیەتە دوانەکییە، کەلەوەدا کورتدەبێتەوە ئەوەی پێغەمبەرەکان هێناویانەو بەسەر پەیامنێرەکانیدا دابەشیان کردووە، ئەمە هەمان شتە مەیسح جەختی لێوەکردووەو پەیامنێرەکانی بڵاویان کردووەتەوە.

سروش وەک لەو لێکۆڵینەوە مێژوویی‌و رەخنەیانەدا هاتووە لەسەر کتێبی

پیرۆز، لەگەڵ مەعریفەی سروشتی هاوتایە، بەوەی ئەمەی دوایی، بنەمایەک نییە بۆ تێڕامانی تیۆری، بەڵکو بنەمایەکە تەنها بۆ هەڵسو کەوت، سروش هیچ پەیوەندییەکی بەئەقڵی تیۆرییەوە نییە، بەڵام بەشێوەیەکی تەواو لەگەڵ ئەقڵی کرداریدا دەگونجێت (بەشی دوانزە).

بەم شێوەیە، لەنێو ئازادی فەلسەفییەوە هەوڵی خۆرزگارکردنی لەحوکمی لاهوتی داوە، لەبەرئەوەی تێڕامانی فەلسەفی لەدەرەوەی بواری تێڕامانی ئاینی کار دەکات، کەتەنها بەسەر ئاراستەکردنی هەڵسو کەوتو ڕێگای رزگاربووندا دەچەسپێت، بەڵام لەوە دڵنیا نییە کەدەتوانێت تێڕوانینێکی تۆکمە بەپەیوەندییە فەلسەفیو باوەڕە ئاینییەکان ببەخشێت، ئەو خۆی لەپێکدادانی نێوان ئەقڵو لاهوت لادەدات، شەریعەتی خواوەندی لای ئەو لەوەدا کورتدەبێتەوە کەچۆن وەسیەتێکی دوالیزمەیی بۆ خۆشەویستیو نزیکبوونەوە لەخوا پێکبهێنێت، کەئەمەش بەتێڕوانینی ئەم بنەمای سەرەکی ئاینی هەقیقی کاتۆلۆکییە، واتە گشتگیرو هاوبەشە لەنێوان هەموو مرۆڤایەتییدا، کەمرۆڤی دیندار بەتەواوەتی ملکەچی شەریعەتی خوایە، ئەویش بەپێی چەند باوەڕێکی سەرەکی، کەسپینۆزا وەک بنەماکانی باوەڕی گشتگیر تەماشای دەکات، کەبریتین:

«خوا ئامادەیی هەیە، سەرپەرشتی ئەو هەموو شتێک دەگرێتەوە، تەواوی توانای هەیە، بەفەرمانی ئەو خۆشنوودی بۆ چاکەکاران دەهێنێت، هەروەها دەردەسەریش بۆ بەدکاران، رزگاربوونی ئێمە تەنها بەبەخشندەیی ئەو دەبێت»

ئەم روکنانە هاوتای روکنی ئاینی سروشتی، یان خواوەندین(١٥)، وەک هێربەرت شێربۆری دایڕشتووە، مەبەست لێی بەرەنگاربوونەوەی دەمارگیری لاهوتییە، بەڵام ئەگەر ئەم باوەڕە وەربگرین، ئەبێتە مەسەلەیەک هەر ئەبێت رووبدات، نابێتە هۆی ئەو ریو شوێنانەی لەدژی بێئاینی ئەگیرێتە بەر، جگە لەمە ئەم باوەڕە باوەڕی سپینۆزا نییە، لەبەرئەوەی خواوەند لەمدا وەک سەردارێک یان دادوەرێک بەرجەستە دەبێت، ، بەوەی ئەو لایەنەی کەدەبێتە ئەندێشە سپینۆزا دووری دەخاتەوە، لەئاکارناسیدا، لەبەرئەوەی تێڕوانینێکی گوڕایە(١٦)، ئەم باوەڕە والەچاکەکار بکات ڕێگەی خۆی بدۆزێتەوە، ئەویش بەملکەچی بۆ شەریعەت، بەڵام عەقڵی ئەو درک بەو چاکەیە دەکات و بۆ ئەو بیرکردنەوە جەخت لەناسینی

هەقیەقەتی خواوەند دەکات، بەم شێوەیە ئیمان لای سپینۆزا تەنها رۆڵێکی لاوەکی دەگێڕێت، بۆ جەماوەری بەرفراوانی خەڵک پێویستە، کەناتوانن بگەنە ئاستی مەعریفەی فکری، یان خۆیان بۆ چاکەکاری تەرخانبکەن، ئەویش تەنها لەڕێگەی ئەقڵەوە، بەبێ دەرخستنی کتێبی پیرۆز، کەپێمان دڵێت رزگاربوون شیاوە تەنها بەوەی ملکەچی سادەی شەریعە سروشیەکان بن، بەڵام پێویستە لەسەرمان، بەنیزیکی هەمووومان، ئەبێت گومانمان لەرزگاربوون بێت (بەشی پانزە).

هەموو دادگاییەکانی پەیام گریمانەی ئەوە دەکەن، کتێبی پیرۆز سروشێکی خواوەندی لەخۆی دەگرێت، لەبەرئەوەی بۆ ئیمانداره روشنفکرەکان ئاراستە کراوە، ئەمانە ئەوانەن سپینۆزا دەیەوێت قەناعەتیان پێبهێنێت، بەڵام ئایا سپینۆزا لەلای خۆیەوە بڕوای بەوە هەیە کەخوا ئەمەی بۆ پێغەمبەرەکنای ئاراستە کردووە؟، ئەو لانی کەم دان بەوەدا دەنێت، ناتوانێت لەچۆنیەتی روودانی سروش تێبگات، کەلای ئەو ناکرێت تەنها کارێکی مینا سروشتی بێت، کەچاکەکاری‌و تەقوا وەک دوو نمونە لەئەندێشەی هەندێک کەسدا درووستی کردبن، بەڵام ئەمە هاوتای مەعریفەی فەلسەفی نییە، لەتێڕوانینی سپینۆزا، تەنها بۆ ئەو کەسانە شیاوە، کەناتوانن درک بەم مەعریفەیە بکەن، بەم شێوەیە سروش دەبێتە چاکەکاریەکی سەرپەرشتی خواوەندی، لەگەڵ ئەوەی ناتوانین لەوە تێبگەین چۆن هاتووەتە ناو راستی رووداوە سروشتی‌و مێژوویەکانەوە، ئیمان هاوتای بیرکردنەوە نییە، کەلای مەزهەبی سپێنۆزیی ناتوانێت بێجگە لەشوێنێکی لاوەکی، هیچی تر بێت.(هەردوو بەشی یەکەم‌و دووەم).

بەڵام سپینۆزا پێدەچێت بڕیار لەشێوەیەکی سروش بدات،بەڵام لەئاستێکی بەرزتردا، ئەگەر پێغەمبەرەکان وەک خاوەنی تێڕوانین وەسفکرابن، سروشی خواوەندیان پێگەیشتبێت، ئەویش لەرێگەی زیندووکردنەوەوە، (کەناکرێت زیندووکردنەوە بۆ ئەندێشە کورت بکرێنەوە)، سپینۆزا لەم حاڵەتەدا ئەوە بەهەند وەردەگرێت، کەموسا لەهۆی هەنگاوێکی دەگمەنەوە، توانی خواوەند روو بەڕوو ببینێت، واتە خوا بەشێوەیەکی هەستپێکراو بەدیار کەوت، موساش قسەی لەگەڵ کرد، بەڵام عیسا خواوەندی لەناو هەقیەقەتەوە خوای ناسی، لەڕێگەی سروشی ناڕاستەوخۆوە، پەیوەندیەکی فکری پێوەی هەبوو، کەخوا بەخۆی

گوزارشتی لەخۆی کردووە، ئەویش بەهۆی دەمو زمانی مەسیحەوە، سپینۆزا ئەمە شیدەکاتەوە:» بەم مانایە دەتوانین بڵێین، حیکمەتی خواوەندی، واتە حیکمەتی سەرو مرۆیی بەمەسیحدا سروشتێکی مرۆیی وەرگرتووە، (بەشی یەکەم ٢٣–٢٤، بەشی پێنجەم ٣١–٣٢).

بەدڵنیاییەوە سپینۆزا لەو نامەیەی بۆ ئۆلدنبۆرگی نارد (نامەی سیو حەوت)، مەسەلەی ئەوەی خوا شێوەیەکی مرۆیی وەربگرێت، لای ئەو زۆر ناماقۆڵە: ئەمە وەک ئەوە وایە بڵێین بازنە بۆ خۆی شێوەی چوارگۆشەی وەرگرتووە، بەڵام ئەم بەراوردکارییە تەواو نییە، بەپێی ئێڕوانینی سپینۆزایی: بازنەو چوارگۆشە دوو درێژی ناکۆتان، ئەوەی دژبەیەکە، کەسروشت یان جەوهەرێکی دیار کراوو ئاڵو گۆڕ بکات، بۆ جەوهەرێکی ترو شکلێکی تر، بەڵام سروشتی خوا سروشتێکی ناکۆتایە، یان تەواو وردتر قسە بکەین، ئەو نمایشێکی ناکۆتایە، کەناکرێت دژ بەیەک بێت، کەئەوەی ناکۆتاییەک گوزارشتی لەخۆی لەکۆتاهاتوویەکدا بکات، لەمرۆڤیەتی مەسیحدا، بەم جۆرە قسانە، سپینۆزا بەروە فەلسەفەیک بۆ ئایین چووە، کەئێمان بۆ فەیلەسوف عەیبدار نییە(١٧).

ب– لەبەشی سیاسی نامەکەیدا سپینۆزا، کەلەبەشەکانی کۆتایی پێکهاتووە(لەبەشی شانزە بۆ بەشی بیست)، ئامانجی رزگارکردنی دەسەڵاتی سیاسیە لەباڵادەستی ئاینی، هەروەها بەرگریکردن لەعلمانیەتی دەوڵەت، ئەویش بەپێی ئەوەی مارسێل دی بادۆ لەDefensor Pacis دا هەوڵی بۆ داوە، ئەوبایە ئەوەی دەرخستایە کەدامەزراوەی دەوڵەتی دامەزراوەیەکی هەقی خواوەندی نییە، کەنمونەکەی لەتیۆکراتییەتی عبریەکاندا دەهێنێتەوە، هەروەها لەسەر هەقی سروشتیش پێک نەهاتووە، ئەگەر بەشداری گرۆتیۆس بکەین لەوەی مافی سروشتی پێویستیەکە ئەقڵی هەمەکی دەیسەپێنێتو لەیاسای مەدەنیدا گوزارشتی لێوە دەکرێت، کەمافی نێودەوڵەتی یان مافی مرۆڤ پشتی پێدەبەستێت، سپینۆزا پێیوایە دەوڵەت بنەماکانی خۆی نە لەئاینەوە نەلەئاکارەوە وەرناگرێت، ئەویش لەبەرئەوەی هەردووک ئەقڵو سروش خاوەنی هێزی یاسایی نین، تەنها لەناو دەوڵەتدا نەبێت، لەدەوڵەتی سروشتیدا یاسا لەگەڵ خواستدا دژبەیەک نابن، هەق تەنها لەتوانای هەموو تاکێکدا بوونی هەیە، کەجیاکاری لەنێوان عادڵو

ناعادلدا بکات، لەنێوان ئەوەی شیاوەو ئەوەی قەدەغەیە، بەهاوتا بوون لەگەڵ ئەمەدا، لەنێوان چەمکەکانی کەم‌و کورتی‌و ئازایی، کەتەنها لەدەوڵەتی مەدەنیدا بوونی هەیە، یاسا تەنها دەتوانێت لەگەڵ دەسەڵاتی باڵادەستدا یەکبگرێت، کەتواناى فەرهەمکردنی ڕێزی یاسای هەبێت، ئەو مافە سروشتیەی هەر تاکێک خواستیەتی زۆر پوچە، لەبەرئەوەی کەس تواناى ئەوەی نییە لەبەرامبەر ئەوەی لەخۆی بەهێزترە بیپارێزێت، بۆ دەرچوون لەم نائامانییە، مرۆڤ بەخواستی خۆی یان بەناچاری یەکێتییان پێکهێناوە، کەتێیدا هەموو هێزەکانیان لەژێر یەک ئیرادەدا کۆکردووەتەوە، هەروەها گەیشتوونەتە ئەوەی بەڵێن بدەن کەبیپارێزن، ئەو جەستە سیاسیەی بەم شێوەیە درووستدەبێت، دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ئەندامەکانیدا دەبێت، ئەویش تەنها بەپێی ئەو پەیمانەی نێوانیان نا، جائەو پیماننامەیە راشکاوانە یان ناوەکیانە بێت، کەئەندامان لەمافی سروشتی خۆیان بۆ دەسەڵات وازیان هێناوە، کەدەیانخواست هەقەکانی خۆیانینێدا بەدەستبهێنن، بەڵکو بەپێی ئەوەی دەوڵەت خاوەنی هێزی رەهایە، هاووڵاتیان بەشێوەیەک ملکەچ نەبوون، بەڵام دەکرێت ناچار بمرێن بۆ ئەم مەبەستە، لەبەرژەوەندی ئەوان نییە ملکەچ نەبن(بەشی شانزە).

ئەم تێڕوانینە بۆ دەوڵەت‌و هەق، پێدەچێت بەرو سەرکونگەری بمانبات، بەڵام واقع بەپێچەوانەی ئەمەوەیە، لەبەرئەوەی دەسەڵاتی باڵا خاوەنی سنوری سروشتی خۆیەتی، لەسەر دەوڵەتە زامنی ئاسایشی هەمووان بکات، ڕێگە نەدات هیچ تاکێک بەپێی هەوەسەکانی خۆی هەڵسو کەوت بکات، کاری پێدانی هەق بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، بڕیار لەسەر ئەوە دەدات چی عادلەو چە ناعادل، هاوڵاتی ناتوانێت ببێتە دادوەرێک بۆ ئەوەی پەیوەندی بەمافی ئەوەوە هەیە، هەروەها ناتوانێت بەرو رووی بڕیارەکانی دەوڵەت بووەستێتەوە، بەڵام ڕێگەی ئەوەی لێناگیرێت بەئارەزوی خۆی ئەو حوکمانە بەکاربهێنێت، حوکمەکانی ناوەوەی خۆی ئازادە ناکرێت لێی مەحروم بکرێت، هەروەها ناکرێت هەقی لێوەربگیرێتەوە، لەدەرئەنجامی ئەمە دەسەڵاتی باڵای دەوڵەت، مافی ئەوەی هەیە بۆ هەموو هەڵسو کەوتەکانی هاووڵاتی پەلبهاوێژێت، بەڵام ئەو لەهەورازی ویژداندا دەوەستێت، کەئازادی بیرکردنەوە سروشتیەو ناکرێت لێسەنرێتەوە، کەناکرێت کەسێک لەوە

قەدەغە بکرێت کەچۆن بیردەکاتەوە، حیکمەت لەوەدا نییە کەبیرکردنەوەی یەکتر گوزارشتکردن لێی قەدەغە بکرێت.

جوڵەی بیرکردنەوە، کەهاوتای مافی سروشتیە، ناکرێت دەستکاری بکرێت، کەبەمەش سنورێک لەبەردەم هێزی باڵای دەوڵەتدا دادەنێت، هەروەها لەبەرژەوەندی رەعیەتە، بەرهەڵستکاری لەفەرمانی حاکم نەکەن، لەبەرژەوەندی ئەمەی دوایـیـە، بەرهەڵستکاری بیرکردنەوەی ئـازاد نـەکـات، لـەبـەردەم بەکارهێنانی گشتی ئەقڵدا لەمپەر دانەنێت، لەبەرئەوەی بەم شێوەیە بەرو رووی دوژنکاری بیرمەندان دەبێتەوە، کەبەسروشتی ئەمانە دەبنە باشترین پاڵپشتی، بەبەرنگاربوونەوەی ئازادی هاووڵاتیان، زیاد لەپێویست بۆ سەقامگیرکردنی رژێمی گشتی، بەم شێوەیە دەسەڵاتی تایبەتی خۆی تێکدەشکێنێت (بەشی بیست).

بیرو باوەڕی سپینۆزایی سەبارەت بەهەقو دەوڵەت، بەرەو سەنتەرەیەتی ناوەندی لەنێوان ئایدیالیستیەتی ئەقڵی گشتگیرو واقعیەتی هێز هەنگاو دەنێت، لەنێوان گرۆتیۆسو هۆبز، لەنێوان رۆسۆو مایکاڤیللی، ئەقڵانیەتی پوخت ناکرێت دامەزراوەکانی دەوڵـەت لەحساباتی خۆیدا جیگا بکاتەوە، جائەگەر هەموو مرۆڤایەتی لەرووی فکرەوە کامڵن، ئەوا دەوڵەت بێسوود دەبوو، ئەگەر مرۆڤ بگەیشتنایە بەکۆبوونەوەیەکی سیاسی، ئەوا ئەمە بەهۆی بەرژەوەندیو ترسەوە بووە، ئەویش لەپێناو رزگاربوون بەو هەستەی بێئامانییەی لەناویاندایە، تاکو چێژ لەئاشتیو نیعمەت وەربگرن، ئەوەی لەدەوڵەتدا گوزارشتی بۆ دەدۆزێتەوە، ئەقڵی رەهاو پیرۆز نییە، ئەوەی قسە لەسەر رواقیەکان دەکات، بەڵکو ئەو ئەقڵەیە کەبەسروشتی پێکهاتووە، لەژێر فشاری پێویستیدا، کەئامۆژگاری هەموو تاکێک دەکات کەخواستە خۆپەرستەکانی بخەفێنێت، تەنانەت ئەو خواستە ئایدیالیستیانەی بۆ مەرجەکانی رژێمی گشتی هەیەتیو لەلایەن دەوڵەتەوە دیاری کراوە.

ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆ دەوڵەتی سیاسی، دەکرێت وەک ئەزمونێکی ئەقڵانی جیکاری، کەدوڵەتو لەهەقدا گوزارشتێکی رەها بۆ بنەمای پیرۆزیو مینایی نابینێت، بەڵکو وەک هۆکارێکی هاوسەنگی نێوان غەریزە سروشتیەکانو خواستە ئەقڵانیەکانی، مافی باو گوزارشت نییە لەیاسایی سروشتیو یاسای گشتیەتی ئەقڵ، بەڵکو ئەوە حەقی سروشتیە، ئەو خواستە خۆبەخۆییەیە بۆ ئازادی، ئەو پێویستیە

کەبەبێ دەستلێدان دەیهێڵێنەوە، کەتەنها ئەو کۆتانە قبوڵ دەکات، کەبەێ بوونیان ناتوانین ممارەسەی بکەین(نامەی پەنجا)، بچۆرەوە بۆ نامەی سیاسی (هەردوو بەشی سێو چوار).

بەم تێڕوانینە سپینۆزا دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کەمافی هەر تاکێکە بۆ ئازادی بیرکردنەوە لەلایەکو علمانیەتی دەوڵەت لەلایەکی ترەوە، تەقواو پەرستنی ناوەکی لەناو ناخدان، وەک ئەوەی لەمیحرابدا بنو ناشێت بیبەزێنیت، کەئەمیش وەک بیرکردنەوەی ئازاد ناچنە ژێر رکێفی دەسەڵاتی گشتیەوە، بەڵام ممارەسەکردنی سروتی پەرستنو ممارەسەی کاری چاکە، ئەمانە کرداری دەرەکین، دەوڵەت مافی ئەوەی هەیە سانسۆری لەسەر دابنێت، لەسەر دەوڵەتە بەرەو رووی هەموو دەمارگیریەک بێتەوە، ئەویش بەخاتری زامنکردنی ممارەسەی هەموو پەرستنەکان، ئەویش لەچوارچێوەی رێزگرتن لەئادابی گشتی، نەمانبینی موسا سروتی پەرەستن دیسپلین بکات، تەنها لەو کاتەدا نەبێت کەوەک حاکمو یاسادانەر وابوو، تەنها دوای مردنی نەبێت، دەسەڵاتی کەهنوتی پێکهات، کەئەمە دواتر بووە هۆکاری دابەشبوونی دەوڵەت، بەڵام ئایینی هەقیقی ناکرێت لەگەڵ دەوڵەتدا دژ بەیەک بن لەو بوارەی پێویستە، ئەویش پاراستنی ئاشتی گشتییە، ئەگەر ئەم جۆرە کارانە بکات لەوانەیە ببێتە هۆی تێکدانی ئەم کەشە گشتییە، هەروەها دەستبەرداری تەقواو کاری چاکەش بێت (نامەی لاهوتی- سیاسی، بەشی نۆزدە) (١٨).

**٥- دواساڵەکانی لەلاهای**

نامەی لاهوتی- سیاسی لەساڵی ١٦٧٠ دەرکەوت، ناوی نووسەری لەسەر نەبووە، هەروەها ناوی بڵاوکەرەوەیەکی وەهمی لەسەر بووە، بەناوی ئابود هنریکوم کۆنرات، لەهامبۆرگ، لەبری کریستۆڤەر کونراد، لەئەمستردام، تاکو لەگلەیی بەدوور بێت، لەو کاتەوە سپینۆزا چووە لەلاهای نیشتەجێ بووە، لەنزیک بنەکەپارێزی جان دۆ وایت، کەپێشتر موچەیەکی بۆ بڕیبووەوە لەسەری دەژیا، بۆ ماوەیەکی لای ڤان فێلدی بێوەژن مایەوە، دواتر لەژورێکی سەرەوەی ڤان دێر سبیکی هونەرمەندی شێوەکار مایەوە، تاکو ئەو کاتەی ماڵئاوایی لەژیان کرد.

لەساڵی ١٦٧٢دا لەشکری لویسی چواردە هۆڵندای داگیر کرد، کەوەستانی ئەم هێرشە شیاو نەبوو تاکو بەهۆی ئەوەی ئاوی دەریاوە نوقمکران، کەبەشێکی زۆری وڵات ژێر ئاو کەوت، کەسیاسەتی جان دۆ وایت بەرامبەر بەم وێرانکارییە ئاوانبار کرا، جەماوەری توڕە لێی هەستان، کەپارتی ئال ئۆرەنج خرۆشانیانو هەستان بەکوشتنی هەردوو برا دۆ وایت: جانو کۆرنلیس، سپینۆزا ئەوەی لێقەدەغەکرا، کەبەیاننامە بەدیوارەکاندا هەڵواسێتو ئیدانەی ئەو کوشتنە بکات، کەئیدانەی بکوژانی دەکردو بەبەربەری لەقەڵەمی دان، پاش ماوەیەکی کەم لەساڵی ١٦٧٣دا ڕووی کردە ئاوترخت، ئەویش لەسەر داوەتی ئەمیر دۆ کۆندە، کەلەگەڵ سوپای فەرەنسیدا لەوێدا بوون، کەئەم کەسە رقی لەگفتوگۆکردن لەگەڵ بیرمەندانی زیرەکدا نەبوو، هەروەها بەکارێکی نهێنی فەرمانی پێدرابوو، دەڵێن سپینۆزا چاوی بەئەمیر نەکەوتووە، لەلایەکی ترەوە دەڵێن چاوی بەئەمیر کەوتووەو چەند پێشنیارێکی خەڵەتێنەرانەی خستووەتە بەردەمی ئەویش رەتی کردووەتەوە، چەند حەز دەکەین مانەوەی سپینۆزا لەئاوترخت سەرسوڕهێنەر بێت، وەک ئەو مانەوەی ئەفلاتون لەسەرکۆسە، کەتەنها خورافەیەک بێت، ئەوەش ئاشکرایە لەهەمانکاتدا سپینۆزا ، بەخواستی سەربەخۆیی کورسیەکی زانکۆی هایدلبرگ رەتکردووەتەوە، کەلەلایەن ئەوەی لەکۆشکی شاهانە هەڵبژێردرا پێدرا(١٩).

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، سپینۆزا کتێبی ئاکارناسی لەکۆتایی تەموزی ساڵی ١٦٧٥دا تەواو کرد، گەڕایەوە بۆ ئەمستردام بۆ چاپکردنی کتێبەکەی، بەڵام لەم مەسەلەیە پاشگەز بووە، زانی کەهاوپەیمانیەتێکی لاهوتییەکانو زانایان خۆیان بۆ بانگەوازکردنی بێدینی ئەم لەسەر ئەم کتێبە ئامادە کردووە، لەساڵی داهتوودا چاوی بەلایبنێز کەوت، کەبۆ ئەڵەمانیا گەڕایەوە، ئەویش بەداوەتێکی دوک هانۆڤەر، ئەویش پاش ئەوەی چوار ساڵی لەفەرنسا بەسەر برد، لەکاتی گەڕانەوەیدا بەهۆڵنداو بەریتانیادا تێپەڕی، کەلەو کاتەی لەفەرەنسا بوو شتێکی دەربارەی سپینۆزای فەیلەسوف بیستبوو، ئەویش لەڕێگەی هەندێک گوتەی نالەبەرکراوەوە، کەیەکێک لەخوێنکارە ئەڵەمانیەکانی سپینۆزا درکاندبووی، کەئەویش تشیرنهاوسە، لایبنێز لەئەمستردام لەگەڵ ئەڵەمانییەکی تر پەیوەندی بەشت، کەئەویش شیللەرە، کەئەویش یەکێک بوو لەئەڵقەی سپینۆزایی، بەهۆی ئەمەوە توانی چاوی بەسپینۆزا

بکەوێت، ئەویش لەژووری سەرەوەیی بافیلجۆ ئانگراخت، پێدەچێت لەمانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٦٧٦دا چەند جارێک چاوی پێی کەوتبێت، کەتوانی متمانەی لاپەیدا بکاتو چاوی بەدەستنووسی ئاکارناسی بکەوێت، لەلای خۆیەوە لایبنێز وتارێکی کورتی نیشان دا بەدوای بوونی بوونەوەرێکی پیرۆزدا دەگەڕێت، ئەندێشە ئەوەندە چێژ لەوە دەبینێت، کەبگەڕێتەوە بۆ چاوپێکەوتنی ئەم دوو فەیلەسوفە گەورەیە(٢٠)، بەڵام سپینۆزا دوای ئەوە تەنها چەنمد مانگێک ژیا، لەبەرئەوەی نەخۆشی سیلی سی درێژخایەنی هەبوو، لەرۆژی ٢١شوباتی ساڵی ١٦٧٧دا مرد، ئەویش پاشنیوەڕۆیەکی یەکشەممە بوو، لەو کاتەی هەردوو میوانەکەی ڤان دێر سبیکو ژنەکەی لەقەداسێکی لۆسەری بوون، تەنها هاوڕێ پزیشکەکەی لابوو، کەئەویش لویس مایەرە، لەوانەیە ئەو کەسە شیللەریش بێت(٢٢).

لەهەمان ساڵدا کەسپینۆزای تێدا مرد، هاوڕێکانی بەبێ ئەوەی ناوەکەی ئاشکرا بکەن، یان ناوی ئەوەی چاپی کردووە، کتێبی Opera Posthuma چاپ دەکەن، کەئاکارناسیو نامە سیاسەیەکانی(کەتەواو نەبووە کیێیدا چووتەوەو لەسەر چەندەها شێوەی حوکم جێبەجێ کراوە، هەروەها ئەوانەی لەدوابەشەکانی نامەی لاهوت- سیاسەتدا هاتووە)، لەخۆ گرتبوو، جگە لەمانەی هەندێک نامەی تر سەبارەت بەریفۆرمی ئەقڵ (کەئەمانیش تەواو نەبوون)، هەروەها هەندێک نامەی هەڵبژێردراوی تر، هەروەها کورتەی رێزمانی عبری.

**پەراوێزەکان:**

١- Cf. A. Goldenson، Reflexions Sur Quelques doctrines de Spinoza et de Hasdai Crescas، Melanges de Philosophie et de literature juives I-II، ١٩٥٦-١٩٥٧، P٩٥-١٣٣

٢- مارۆنیەکان: جولەکەکانی ئیسپانیا بوون کەناچارکران ببنە کاثۆلۆکی، بەڵام بەنهێنی هەر لەسەر ئاینەکەی خۆیان مانەوە.

٣- دادگای پشکنین: ئەو دادگایە بوو لەلایەن پاپاکانەوە دانرابوو لەسەرەتای سەدەی دووانزەدا، بۆ رادوونانی هەرتەقەکان، لەبەرئەوەی لەو ماوەیەو دواتریش

هەرتەقە زۆر بڵاو بووەوە، سنوری چالاکی ئەم دادگایە بەرفراون بوو، تاکو هەموو وڵاتانی مەسیحی گرتەوە، ئەو حوکمانەی لەم دادگایەوە دەردەچوون لەنێوان حوکمی هەتاهەتایی تا سوتاندن لەگۆڕەپانی گشتیدا بوو، چالاکی ئەم دادگایە لەئیسپانیا تاکو سەدەی شانزە بەردەوام بوو، کەبەتایبەتی بەداوی جولەکەکانو مارۆنیەکانەوە بوون.

٤- کالڤینیەت: بۆ یۆحەنا کالڤین دەگەڕێنەوە، کەریفۆرمیستێکی برۆتستانتی بەناوبانگ بوو، کەمەزهەبێکی پرۆتستانتی جیاوازی لەهەموو مەزهەبەکانی تر دامەزراند، کەزۆر جەغتی لەقەدەریەت دەکردەوە، ئەوەی کالڤینیەت جیادەکاتەوە، ئەو بۆ مەسیحیەتی سەرەتا دەگەڕێنەوە، کەسروتو پەرستنەکانی لەسەر هەندێک سروتن کەخاوەنی بەهایەکی رەمزین

٥- غۆماریەکان: بۆ فرانسوا غۆمارۆس دەگەڕێنەوە، کەکالڤینیەکی کەلەشەق بوو، رکەبەری ئارمینۆس بوو کەکالڤینیەکی میانڕەو بوو.

٦- لۆسەریەکان: بۆ مارتن لۆسەر دەگەڕێنەوە، یەکەم کەس بوو دروشمی ریفۆرمی کەنیسەی بەرزکردەوە، بەتوندی بەرو رووی ئەو پارەوەرگرتنەی لەبەرامبەر لێخۆشبووندا وەردەگیرا، بووەوە، لەناوەڕاستی ئەوروپادا بانگەشەکەی بۆ

ریفۆرمی کەنیسە وەڵامدانەوەی زۆری هەبوو، لایەنگرەکانی کەنیسەی تایبەت بەخۆیان درووست کرد.

٧- مینۆنیتیەکان: بۆ مینۆ سیمۆنز دەگەڕێنەوە، کەلەسەدەی شانزەدا تایەفەیەک پێکهات دەیانووت ئەبێت بۆ تەعمید بگەڕێینەوە

٨- کۆیکرز: تایەفەیەکی ئاینی بوون، لەسەدەی حەڤدەدا سەریان هەڵدا، لایەنگرانی دەڵێن ئێمە راستەوخۆ لەرۆحی قودسەوە سروش وەردەگرین،

دژی هەڵگرتنی چەکن، دان بەهیچ پلەداریەک لەکەنیسەدا نانێن.

٩- سوسینیەکان: لایەنگرانی ئەم مەزهەبە بەرهەڵسنکارە باوەڕیان بەسێکوچکەی پیرۆز نییە، ئەم مەزهەبە لەلایەن سۆسێنەوە درووست کرا.

١٠- کۆمەڵگەی کەهنوتی: دەستەیەک بوون لەکاهینە یاساییەکان کەخاوەنی کورسی ئەسقەفی نەبوون.

Cf. Die Schriften des Costa، edites par C. Gebhardt -١١
(Bibliotheca Spinozanum، t. II.) Amsterdam- Heidelberg، ١٩٢٢.

١٢- رۆشنبیری جەماوەری: Culture de masse کۆمەڵە ئایدۆلۆژیەتێکی باوە لەلای کۆمەڵێک خەڵک، بەبێ جیاکایە بوونیادە کۆمەڵایەتییەکەیان تەماشایان دەکرێت، ئەم رۆشنبیریەیان لەرێگەی تەکنەلۆژیای پیشەسازییەوە پێدەگات.

Cf I. S Revah Spinoza et le Dr. juan de Pardo Psris Lu Haye -١٣
١٩٥٩.

Cf .E. Gilson، Spinoza interprete de Descartes Chronicon -١٤
Spinozanum III، ١٩٢٣، P. ٦٨-٨٧

١٥- خواوەندبوونیەتی، مەزهەبێکە باوەڕی بەبوونی خواهەیە، بەڵام وەحیو ئەدنیا رەتدەکاتەوە.

١٦- لێکچواندنی سیفەتی مرۆیی بەسەر خوادا، یان هەوڵدان بۆ وەسفکردنی خوا بەهەمان پێوانەی بۆ وەسفکردنی مرۆڤ بەکاردێت، ئەم بیرکردنەوەیە لەناو فکری عەرەبی تەقلیدیدا هەبووە، کەلەسەدەی دووەمی هجریدا بوونو لایەنگرانی بەناوی لێکچواندن ناسرابوون.

Cf. S. Zac، Spinoza et L`interpretation de I`Ecritique paris -١٧
١٩٦٥; A. MALET Le traite theologico- Politique de Spinoza et la pensee biblique، Paris ١٩٦٦.

١٨- سەبارەت بەفەلسەفەی سپینۆزا تەماشای

Paris، liberte des homes، Spinoza et la Preporite، ١٩٦٧،
A. MATHERON، Individu et Communaute chez Spinoza، Paris ١٩٦٩.

١٩- لەچیرۆکی فەلسەفەی نوێدا -بەشی یەکەم- کەلەنووسینی ئەحمەد ئەمەینو زەکی نجیب مەحمودە، کەسەرکردەی فەرنسی بامگی سپینۆزای کردووە بۆ سەربازگاکەی تاکو ئەو موچەیەی بداتێ کەپاشای فەرەنسا بۆی ناردووە، سپینۆزا بەبێ هیچ دوودڵیەک وەریگرتووە، لەبەرئەوەی ئەو خۆی بەفەیلەسوف زانیووە، هەقی بەسەر کێشەی نێوان دەوڵەتەکانەوە نییە، خەڵکێکی زۆر لەدوای گەڕانەوەی لای سەرکردە فەرنسیەکە کۆببونەوەو ئەیانویست ئازاری بدەن،

ئەوەندەی نەبرد بەبێدەنگی هەموو ئەو ناوەیان چۆڵکرد، ئەویش پاش ئەوەی زانیان ئەمفەیلەسوفە خۆی ناخاتە ناو گێژاوی رکەبەرو دوژمنەوە.

٢٠- Cf. L. Stein، Leibniz und Spinoza، Berlin ،١٨٩٠ chap. IV، notamment، P. ٥٥-٥٧.

٢١- CF. J. Freudemment، Spinoza Sein Leben und Seins Lehre، I. Das Liben Spinoza، annotation a lap ،٣٠٣ ٩ ,١ ou ٢٨٩ de la ٢eme ed.

٢٢- بۆ زیاتر لەژیانی سپینۆزا گەیشتن بگەڕێرەوە بۆ:

St. Von DUNIN-BORKOESKI Spinoza، ٤ Munster، vol، ١٩٣٣-١٩٣٦، et en langue feancaise: Madeleine FRANCES، Spinoza dans les pays meerloudais dans la ٢eme moitie du XVII e siecle Paris ١٩٣٧

**سەرچاوە:**

- سبینوزا، ترجمه: عقیل حسین، سلسله اعلام الفکر العالمی، المؤسسه العربیه للدرسات و النشر

## سروشتی دەوڵەت لای سپینۆزا

لەئینگلیزییەوە: شاسوار کەمال مەحمود

تێگەیشتنەکانی سپینۆزا بۆ ئاین، دەرئەنجامێکی سیاسیان لێدەکەوێتەوە، بەرادەیەک زۆربەی لێکۆڵەوەران لەکارەکانی سپینۆزا، پێیانوایە لە نوسینی کتێبی (رێکەوتن-Treatise) سپینۆزا ئەجندایەکەی سیاسی هەبووە، چونکە لەو کتێبەدا سپینۆزا رەخنەی توند ئاراستەی دەسەڵاتە ئایینییەکان دەکات بۆ دەستخستنە ناو کاروباری سیاسییەوە. لەم کتیبەدا سپینۆزا زۆر بە قوڵی چەمکی دەوڵەت شیدەکاتەوە، لەکاتێکدا زۆر بە سادەیی لە کتێبی ئەخلاق- (Ethic)- دا پێشتر باسیکردبوو. ئاگاداربوون لە سروشتی راستەقینەی کۆمەڵگەی سیاسی گرنگە بۆ ئاشنا بوون بە ئارگۆمێنتەکانی سپینۆزا دەربارەی ئازادی رۆشنبیری و ئازادی ئاین، چونکە بە بۆ چوونی سپینۆزا ئازادی نەک هاوسەنگی (سیاسەتی باش) دەپارێزێت بەڵکو بناغەیەکی پتەوی ئەو سیاسەتەیە.

خۆپەرستی ئەخلاقی تاک دەکەوێتە دەرەوەی دەقی بەر لە سیاسەتەوە، کە بە دەوڵەتی سروشت ناسراوە: ئەو دەوڵەتەی کە هیچ یاسا و ئاین و مۆراڵێک تیایدا باڵا دەست نییە، تاک ئازادە لەوەی چی دەکات و چۆن خۆی پەروەردە دەکات٠ لەم جۆرە دەوڵەتەدا تاک تەنها لەژێر کۆنترۆڵی سروشتدایە و سەربەستە لەوەی چۆن دەگاتە ئامانج و مەبەستەکانی لەرێگەی عەقڵەوە، یان لەرێگەی سۆز و ئارەزووەوە. مرۆڤ هەوڵدەدات بۆ بەدەستهێنانی سودمەندیەکانی ژیانی بەهەر رێگایەک بێت: بەرێگە (راست و دروست) یان (هێزو تەڵەکەو درۆ) یان بەهەر رێگایەک کە بۆ خۆی بە گونجاوی دەزانێت لەهەمانکاتدا ئەو مرۆڤە بۆ خۆی بڕیار دەدات. (کێ و چی) رێگر و دوژمنە لەبەرامبەر گەیشتن بە ئامانجەکانی دا، بەڵام لەراستیدا ئەم جۆرە حاڵەتە لەژیاندا ترسناکەو سەلامەت نییە. هۆبز پێیوایە-

هاوکات (سپینۆزا) ش کە بەتوندی کەوتۆتە ژێر ئەم خوێندنەوەیەوە-: دەوڵەتی سروشتی( دەوڵەتیکی تەمەن کورت،تاکڕەو، هەژار، دڕندە) یە.  وەک کائینێکی عاقڵ (ئیمەی مرۆڤ) زوو هەستدەکەین پێویستە واز لەم جۆرە ژیانە بهێنن و بگەینە ڕێکەوتن و تێگەیشتنێکی هاوبەش لەنێوانماندا بۆ ڕێگرتن لە خەون و حەزە (خۆپەرستییەکانی تاک) بۆ ژیان لەژێر سایەی یاسادا نەک لەژێر سایەی سروشتدا. بەم هەنگاوەش دەتوانین ژیان و سەلامەتی و بەرژەوەندیەکانمان بەیەکەوە بپارێزین. دەوڵەت ئەگەر (پادشایی) بێت. یان (حوکمی کەمینە) بێت یان دەوڵەتی (دیموکراسی) بێت. دەتوانێت پارێزگاری لەهێز و دەسەڵاتی خۆی بکات. هەرکاتێک سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە (ڕێکەوتنی هاوبەشی) نێوانیان پاراست، ئەویش لەرێگەی نەشکاندنی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) کۆمەڵگەکەیان. ملکەچ بوون و گوێڕایەڵ بوونی دەوڵەت پێچەوانەلای ئازادیەکانی ژیانمان نییە، لەکاتێکدا ئەگەر ئەوانەی فەرمانڕەوایەمان دەکەن ، ئازادانە هەڵمانبژاردین و هاوکات فەرمان و داواکاریەکانیشیان پێچەوانەی بەرژەوەندیە باڵاکانمان نەبن. لەسەر دەوڵەت پێویستە ئەو ئازادیە بپارێزێت و هەر یاسایەکیش دەربکات، دەبێت ببێتە هۆی پتەوکردنی جەستەی دیموکراسی لە کۆمەڵگەدا. ئەم شێوەیە فۆرمی (سروشتی) حکومەتە کە لە هەناوی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) کۆمەڵگە گەشە دەکات ، لە دەوڵەتی دیموکراسیدا کە خەڵکی تەنها گوێڕایەڵی یاسا دەبن، ئەو یاسایانەی لە بەرژەوەندی باڵای کۆمەڵگەدایە و دژی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتیشە لەلایەن دەوڵەتەوە. لەدەوڵەتی دیموکراسیدا دیموکراسیەت حوکمی گەل و دەوڵەتی ئازادی و سەلامەتییە، لەکاتێکدا دەوڵەتی پادشایی حوکمی تاکەکەسی دەوڵەتی چەوساندنەوەو پێشێلکاریە.

لەکاتێکدا ئاین ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی نێوان هاووڵاتیان هەیە، بەڵام پێویستە لەسەر دەوڵەت کۆنترۆڵی سەرجەم لایەنە (دینی و دنیا) ییەکانی کۆمەڵگە بکات، نابێت کڵێسا لە دامەزراوە دینی و دەوڵەتیەکان جیابکرێتەوە، چونکە بەم هەنگاوە ڕێ لە تایفەگەری و ملمڵانیی ئاینی دەگیرێت. سەبارەت بە تقوس و سروتە ئاینیە دەرەکیە کلیەکانیش پێویستە لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتدابن، چونکە ئەمە لە بەرژەوەندی هەموو کەسێکدایە، چونکە لەم کاتەدا

دەوڵەت هەستدەکات جێبەجێکردنی ئەم سروتانە تەریبە لەگەڵ ئاشتی و سەلامەتی کۆمەڵگە. دەوڵەت پێویستە بەشێوەیەک کۆمەڵگە بەڕێوەببات کە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی دەبێنە هۆی سەپاندنی یاساکانی خودا: پشتیوانی دەوڵەت لەدادگەری و چاکەکاری هێز دەبەخشێنە کۆمەڵگەی مەدەنی. سەبارەت بە بیروباوەڕ و قەناعەتە زاتیەکان، ئەوانە مافی تایبەتی تاکەکەسن و دەوڵەت ناتوانێت کۆنترۆڵیان بکات، یاسایان بۆ دابێت هیچ کەسێک ناتوانێت بیرکردنەوەو بیروباوەڕی کەسێکی دی کۆنترۆڵ بکات، ئەگەر دەوڵەت هەوڵێکی لەو شێوەیە بدات ئەوا کارەساتێکی وێرانەکەری لێدەکەوێتەوە، چونکە هەموو تاکێک مافی تایبەتی خۆیەتی بەچ شێوازێک بیر دەکاتەوەو ئازادیشە لەوەی چ جۆرە قەناعەتێکی هەیە. هاوکات هەوڵدان بۆ سیتماتیزەکردنی قەناعەتەکانی تاکەکانی وەک ئەوەی دەوڵەت دەیەوێ کارێکی حەتمییە و زیان رەفاهیەتی گشتی کۆمەڵگە دەگەیەنێت، چونکە مرۆڤەیەکان لە یەکتر جیاوازن و حەزو خولیا جودایان هەیەو ناکرێت لەقاڵب بدرێن. سپینۆزا پێیوایە رەفتار و گوفتارکانی تاک سنوردار ناکرێن، تەنها لەو کاتەدا نەبێت، کە ئەو رەفتارو گوفتارانە دەبنە هۆی هەرەس پێهینانی (پەیمانی کۆمەڵایەتی) گۆمەڵگە.

سەر ئەنجام دەگەینە ئەو تێگەیشتنەی، کە باشترین دەوڵـەت ئەو دەوڵەتەیە ئازادی بیرکردنەوەو ئازادی بیرو باوەڕ دابین بکات، بە دڵنیاییەوە هەندێک جار لە هەناوی ئەو ئازادیەدا سوکایەتی و پێشیلکاری روودەدەن، بەڵام هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی سەرجەم لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگە لە رێگای یاسایەوە وەک قوڵکردنەوەی گرفتەکانە نەک چارەسەرکردنیان. سپینۆزا پێیوایە فراوانبوونی مەوداکانی ئازادی، دەبێنە هۆی گەشەپێدانی زانست و هونەر سپینۆزا زیاتر روونیدەکاتەوەو ئەڵێت: ئەو شوێن و کەسانەی دەسەڵاندارانیان ئازادن لەسەرجەم لایەنەکانی ژیاندا سەرکەوتوون.

لەکۆتایی وتارەکەمدا دەگەنە ئەو قەناعەتەی مەحاڵە بتوانین باس لە ئازادی و لێبوردەیی بکەین بەپێ سپینۆزا.

**سەرچاوە:**

- ئینتەرنێت

Stanford Encyclopedia of Philosophy

**((لێبوردەیی و راڤەکردنی کتێبی پیرۆز))**

بوغزی لاهوتی

لەفارسییەوە: ئارام جەمال سابیر

(لە: نامەیەک سەبارەت بەلاهوتو سیاسەت، بەشی حەوتەم، نوسینی سپینۆزا۱)

ناونیشانی لاوەکیانەی «نامەیەک سەبارەت بە لاهوتو سیاسەت» دەرخەری ئامانجێکە سپینۆزا بەنوسین ئەوەی لەبەرچاوگرتووە: دەیەوێت بیسەلمێنێت کە « ئازادیی فەلسەفە نەک هەر مەترسی نییە بۆ سەر تەقوا (ئایین) یان بۆ سەر هێمنیو سەقامگیریی وڵات، بەڵکو بە لەناوچوونی ئەو ئازادییە هێمنی وڵاتو تەنانەت تەقواش لەیەککاتدا لەناودەچن»، لەبەرئەوە لەپێناو ئازادیی فەلسەفەدا، دەبێت داکۆکی لەدوو لایەن بکرێت: یەکێکیان لەڕووی پیاوانی ئایینییەوە، بکۆڵرێتەوە لەوەی کە ئاخۆ ئەم ئازادییە پێچەوانەی ئیمان نییە؟ ئەویتریشیان لەڕووی سیاسییەوەیە، کەپێویستە بزانرێت ئاخۆ ئازادیی فەلسەفە زیان بەبەرژەوەندی دەوڵەت ناگەیەنێت؟ بەڵام یەکەمین راستییەک کە سپینۆزا پێیدەگات، پەیوەندی بەبوغزی لاهوتەوە هەیە، یان بەواتایەکی تر پەیوەندی بەشێواندنی دەقی کتێبە پیرۆزەکان، هەروەها رەشە خەڵکێکەوە هەیە کە کەسانێکی تر هەن دەیانەوێت ناچاریان بکەن گوێڕایەڵی خۆیان بن. ئاشکرایە لێرەدا سپینۆزا مەبەستی لەپیاوانی ئایینی سەر بەرێبازی کالۆن۲و دژە ریمۆنترانتسە۳ کەچەندین دۆگمایان بۆ لاهوت زیادکردووە - کە لەخودی لاهوت خۆیدا بوونیان نییە- لەگەڵ هێنانی چەندین «بیدعە»و «حوکمو داوەریی کوێرانە»، کەبەرگێکی ئیلاهیان دەدەنێو لاهوتو

ئازادیی بیرکردنەوە پێکەوە لەناو دەبەنو دۆگما داتاشراوەکانی خۆیان، وەک ئەوەی قسەو گوتەی خودا بێت، دەسەپێنن. شانو شکۆیەک کە لای خەڵک هەیانەو دەسەڵاتێک کە بەو شێوەیە بەدەستیدەهێنن، جگە لەتووڕەیی لاهوتی راستەقینەو گەندەڵبوو، هیچی تریان تێدا نییە: کاری سپینۆزا شینەڵکردنەوەو لێکۆڵینەوەی پرۆسەیەکە کەدەبێتە مایەی ئەو سەرەوژێربوونەی لاهوت: هەربۆیە ئەو نیشاندەری ئەوەیە کەچۆن پیاوانی ئایینی، ئەو دەسەڵاتەیان بەدەستهێناوە، چۆن مرۆڤەکان چوونەتە ژێر رکێفیانەوەو چۆن ئەو جێگۆڕکێیە واتای کتێبی پیرۆزی شێواندووە.

پیاوانی ئایینی بۆ شێواندنی کتێبی پیرۆز، دەست بۆ ئەم جۆرە لێکدانەوانە دەبەن. باشە ئەگەر باوەڕیان بەوەیە «کتێبی پیرۆز، کتێبی خودایەو لەئاسمانەوە بۆ مرۆڤەکان دابەزیوە»٤، ئەی بۆچی ستایشی وتەکانی ئەو دەکەن، کەچی هەریەکەیان خۆی بەتاکە زانا دەزانێت لە لێکدانەوەی واتای دەقەکانداو هەرچی لێکدانەوەکانی ترە بەتاوان دەزانێت. یاخود چەند پەرەگرافێک لەکتێبی پیرۆز لەڕووی لێکدانەوەی وشەوە بەلێڵو ناکۆک دەزانرێت، کەچی پیاوانی ئایینی لەهەمان ئەو پەرەگرافانە چەندین سیمبوڵو نهێنی دەخوڵقێنن، بەمەش یەکەمین کارێک کەئەوان دەیکەن شێواندنی عەقڵو مافی سروشتییە. ئەوان لەپێناو کەشفکردنی چەند نهێنییەک کە لەکتێبی پیرۆزدا دۆزیویانەتەوەو لەپێناو گونجاندنی ئەو نهێنیانە لەگەڵ پێشداوەرییەکانی خۆیاندا چەند دۆگمایەکی تازە دادەهێننو هەوڵدەدەن کتێبی پیرۆز لەگەڵ قوتابخانە فەلسەفییەکاندا بسازێنن، بەمەش نەک تەنها فەلسەفەو لاهوت، بەڵکو ئازادیی بیرکردنەوەو قسەکردنیش لەناوبەرن. بەمشێوەیە «پەرستگاە دەبێتە شانۆی نواندنێکو کەسەکانی تر لەوێدا گوێیان لەگوتەی ئاینپەروەران نابێت، بەڵکو ئەوەی دەیبیستن، گوتەی پیاوانی کڵێسایە کەهیچ یەکێک لەوان نەیانویستووە خەڵک فێری شتێک بکەن، بەڵکو ویستویانە هەستی ستایشکردنیان ببزوێننو لەوێشەوە پەیوەندی خۆیان لەگەڵ لادەران «دەستەبازان»دا ئاشکرا بکەنو جگە لەچەند شتێکی تازەو نائاسایی، کەهۆکارەکانی سەرسوڕمانی خەڵکی رەشۆکە هیچی تریان فێر نەکەن»٦. مافی سروشتی، وەک سەرچاوەی نائیمانداریی، بەزیویی‌و بیدعەکانی مرۆڤ، وەک رێنومابییەکانی ئیلاهی

دەناسرێت، ئیمان بەساویلکەییو خورافە دەژمێردرێتو ناکۆکییە مەزهەبییەکان لەناو دەوڵەتو کڵێسادا دنەی توندترین هەستی دووبەرەکیو شۆڕش دەدەن.

بـەڵام هەرچی خەڵکی رەشـۆکـە، یـان ئـەو کەسانەی شوێنکەوتووی پێشداوەرییەکانی پیاوانی ئایینن، کراونەتە دیلی دەستی خورافەیەک، کە «دەسەڵاتی بەسەر دەروونەکاندا هەیە». هەرچەندە پیاوانی ئایینی «رێگرن لەبەردەم ئەوەی مرۆڤەکان دڵو دەروونی خۆیان لەگەڵ فەلسەفەدا نەرمبکەن»٧و پێیانوایە لەتوانایاندایە هاووڵاتیانیش بخەنەژێر باری داخوازییو داوەرییەکانی خۆیانەوەو خەڵک لەژێر باری فەرمانەکانی خۆیاندا قەتیس بکەن، بەڵام دەبێت ئەوە وەبیربهێنینەوە کە گوێڕایەڵی خەڵکە رەشۆکەکە ئەنجامی کاریگەریی پیاوانی ئایینی یان نەبوونی ئازادیی بیرکردنەوە نییە لەوڵاتدا. سپینۆزا ئەوە دەسەلمێنێت کە پێکەوەهەڵکردن لەگەڵ دەسەڵاتی پیاوانی ئایینیدا، رەگوڕیشەی لەماهیەتی مرۆڤ خۆی، یان بەواتایەکی تر رەگوڕیشەی لەبونیادی هەستو سۆزەکانی مرۆڤ خۆیدا هەیە. ئەی کەواتە لەبنەڕەتدا خورافە چییە؟ چەقی راگرتنی خورافە، نائاگاییە لەهۆکارەکانی پشت کاروبارە سروشتییەکانو حەزو ئارەزووەکانی مرۆڤو سوودخوازییەکەی. سپینۆزا پێیوایە مرۆڤەکان لەماهیەتدا خورافین، چونکە «بێئاگان لەو هۆکارانەی لەپشت شتەکانەوە ئامادەگییان هەیەو بەو بێئاگاییەوە لەدایکدەبنو هەر هەمووشیان بەشوێن ئەو شتەوەن کەسوودی بۆ ئەوان تێدا بێتو ئەوە بەشتێکی باش دەزانن». ئاکامی ئەو نائاگاییە ئەوەیە کەگەڕان بەدوای ئامانجدا، جێگەی ناسینی هۆکارەکان دەگرێتەوە (واتە ئامانجەکان هۆکارەکانیان لەبیردەباتەوە - و. کوردی): بەدەستهێنانی سودو قازانج دەبنە ئامانجو خەڵک نائاگایی خۆی بەرامبەر هۆکارەکان وەک ئەوە لێکدەداتەوە، کە خودی هۆکارەکە، خۆی بوونی نییە. خولڨاندنی خورافە پێشداوەرییەکی ئامانجگەرا دەهێنێتە ئاراوە کە نەک تەنها بەسەر مرۆڤدا (کەپێیوایە ئەو ئازادیی ئیرادەی هەیە) پیادەدەکرێت، بەڵکو بەسەر سروشتیشدا (کەگوایە سیستمەکەیان بەشوێن ئامانجێکەوەیەو ئەمەش بەئیرادەی خودایەکی داهێنەر یان «باڵادەستی سروشت»٨ دەسوڕێت، وەک ئەوەی بڵێیت «سروشتو خوداکان دووچاری هەمان شپرزەیی مرۆیی هاتوون»). ئەوان رەنگە بەم بیرکردنەوەیە شتێکی بەسوود لەدەستبدەن، کەئەمە زیاتر

بەزادەی سروشت دەزانن تا هێزی خودیی، تووشی ترسو هەڵچوونە رۆحییەکان دەبن٩، واتە تووشی هەژاندنو ناسەقامگیریی دێنو لەو رووەوە ئیمکانی ئەگەری هەرجۆرە داوەرییەکی ئازادانە لەدەستدەدەن، لەبەرئەوە خورافە ئامرازێکی عاتیفییە، کەمرۆڤەکان هەر کارێکی ناعەقلانی (نائاگایی بەرامبەر هۆکارەکانی

سروشت یان «شاراوەترین نهێنی»یە کە لەکتێبی پیرۆزدا شاراوەیە) بەشێوەیەکی بان- عەقلانیو بان- سروشتی لێکدەدەنەوە: لەنێوانو ترسو ئومێددا جۆلانە دەکەنو بەهۆی ئەمەوە تەسلیمی ئەو دەسەڵاتانە دەبن، کە بەلای ئەوانەوە، بەهۆی ئەو ئامرازانەی هەیانە ئیمکانی ئەوەیان هەیە دەستبەسەر چارەنوسو کەشفکردنی نهێنییەکانو گوزارەو واتای کتێبی پیرۆزدا بگرن، بەمەش لەهەمووان بەهێزترن.

لەبەرئەوە، بەرگریکردن لەئازادیی فەلسەفە، پێویستی بەئازادییە لەچنگ پێشداوەرییەکانی پیاوانی ئایینیو کاریگەرییخورافە. ئەم ئازادییە، بەهەمان هۆکار، مەرجدارە بەلێکدانەوەی کتێبی پیرۆز بە«شێوازی راستەقینە»، کەواتە دەشێت پێش هەر شتێک، کتێبی پیرۆز وەک بابەتێک بناسین کەدەکرێت دەستی تێوەربدرێت تابتوانین ماهیەتو واتای لاهوتی راستەقینە دەربخەینو ببینین کە ئاخۆ لەگەڵ فۆرمی کارو شێوەی مامەڵەکردنی پیاوانی ئاینیدا گونجاوە؟

**{دەق}**

هەمووان دەڵێن کتێبی پیرۆز گوتەی خودایەو بەختەوەریی راستەقینە، یان رێگەی رزگاربوون فێری مرۆڤەکان دەکات. کەچی شێوە هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان شتێکی تر نیشاندەدات، چونکە خەڵکی عەوام بەرواڵەتدا بەشتێکی کەمتر لەژیانێک کە لەسەر بنەمای رێنوماییەکانی کتێبی پیرۆز بێت، دڵخۆش نابن، بەڵام ئاگاداری ئەوەین، کە تارادەیەک هەمووان، بیدعەکانی خۆیان دەخەنە جێگەی قسەو گوتەکانی خوداو تەنها دەیانەوێت لەژێر پەردەی لاهوتدا، کەسانی تر ناچاری ئەوە بکەن وەک ئەوان بیربکەنەوە. ئاگامان لەوەیە کەپیاوانی ئایین لەهەوڵی شێواندنی کتێبە پیرۆزەکاندان، بیدعەو داوەرییە سەربەخۆکانیان لەو کتێبانەوە دەردەهێننو دەیانخەنە پاڵ قودرەتی ئیلاهی. کەمترین دوودڵیو زۆرترین گوشلری ئەوانە

تەنها لەلێکدانەوەی کتێبی پیرۆزدایە، واتە لەلێکدانەوەی بیرۆکە رۆحی پیرۆزدایە، ترسیان نییە لەوەی کە لەو میانەیەدا چەند تیۆرەیەکی پووچ بخەنەپاڵ رۆحی پیرۆزو لەرێگەی رزگابوون دووربکەونەوە. کەچی ترسیان هەیە لەوەیکە کەسانی تر بەگوناهکاریان بزانن‌و لەئاکامدا نابودیی دەسەڵاتی خۆیان لەلایەن نەیارانەوە ببینن‌و لەچاوی کەسانی تردا سووک‌و ریسوا بن. بەدڵنیاییەوە، ئەگەر مرۆڤەکان گەواهی راستگۆیان لەگەڵ کتێبی پیرۆزدا بدایە، ئەوا رێگەیەکی تریان لەژیاندا دەگرتەبەر، باری دەروونییان بەهۆی جیاوازییەکانەوە هەڵنەدەچوو، جگە لەهەموو ئەمانەش، بوغز لەئاست یەکتردا بەشەڕی نەدەدان، مرۆڤێکی نابیناو ئازا کەدەیەوێت کتێبی پیرۆز لێکبداتەوەو لەرێیەوە چەند شتێکی تاوە لەلاهوتدا کەشفبکات، ناچێت ئەوان بخاتە خزمەتی خۆیەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، ئەوان جەسارەتیان نەکردووە، جگە لەفێرکردنە سادەو ئاشکراکانی ئەو کتێبە وەک ئایین کتێبی پیرۆز پەسەند بکەن، سەرەنجام ئەو بێحورمەتیکردنە بەموقەدەسات‌و نەترسانیان لەشێواندنی کتێبی پیرۆز، لەزۆر بابەتگەلی تردا، ئەو تاوانەیان ئەنجام نەداوەو خۆیان ئالودەی ئەو بێحورمەتیکردنە بەموقەدەسات نەکردووە. هەڵپەو چاوچنۆکی تاوانکارانە، بوەتەهۆی ئەوەی کە لاهوت زیاتر لەوەی گوێڕایەڵی بێت بۆ وانەکانی رۆحی پیرۆز داکۆکیکار بێت، لەبیدعەکانی مرۆڤ‌و لەوەش خراپتر، لەبری تەرویجدان بۆ جۆری دۆستایەتی نێوان مرۆڤەکانلەبەرگی غیرەتی ئیلاهی‌و دەمارگیریی توندا برەو بە سامناکترین دووڕوویی‌و بوغز دەدەن. لەسەروو هەموو ئەم بەدیی‌و خراپیانەوە، خورافەشی هاتوەتە سەر، کەبەچاوێکی خراپەوە سەیری سروشت‌و عەقڵ دەکات‌و ستایشی هەر شتێک دەکات بەچاکی کەپێچەوانەی سروشت‌و عەقڵ بێت

**شتێکی سەرسوڕهێنەر نییە کەمرۆڤەکان**

بەمەبەستی چاککردن‌و ستایشی زیاتری کتێبی پیرۆز بیانەوێت بەشێوەیەک گوزارشت لەمە بکەن، کە تا ئەوپەڕی لە کتێبی پیرۆزدا شاراوەیە. هەموو هێزو توانای خۆشیان لەپێناو کەشفکردنی ئەوەدا دەخەنەگەڕ و سوودمەندبوون دەکەنە قوربانی بێهوودەیی. ئەوانەی کە بەو وڕێنەیەوە داهێنان دەکەن دەگەڕێنەوە سەر رۆحی پیرۆزو هەوڵدەدەن بەهەموو هێزو بڕستیانەوەو بەئیحساسائێکی گەرمەوە

داکۆکی لێبکەن. بەراستی مرۆڤەکان بەمجۆرەن: ئەوەی لەرێگەی پەیبردنی پەتییەوە بەدەستیدەهێنن تەنها بەیارمەتی تێگەیشتنو عەقڵ داکۆکی لێدەکەن، سەبارەت بەبۆچوونە ناعەقلانییەکانیش، کەچەندین کاریگەریی دەروونییان بەسەردا دەسەپێنێت، بەهەستو سۆزو ئیحساساتەکانەوە خۆیان دەخەنە راستای داکۆکیکردنەوە، لەپێناو دۆزینەوەی خۆماندا، بۆئەوەی بیرۆکەکانی خۆمان لەچنگ پێشداوەرییەکانی پیاوانی ئایینی ئازاد بکەینو بەئاسانی لەوە تێبگەین، کە بیدعەکانی مرۆڤ وەک گوتەکانی خودا نینو پەیوەست نەبین پێیانەوە، دەبێت کتێبی پیرۆز بەشێوازی راستەقینە شرۆڤە بکرێتو بگەینە ئەو جێگەیەی کەدیدێکی روون لەبارەیەوە بەدەستبهێنین: تا ئەو ناسینەمان بۆی نەبێت ناتوانین ئەو شتەی کتێبی پیرۆزو رۆحی پیرۆز دەیانەوێت فێرمانی بکەن، شتێکی یەقینمان چنگ بکەوێت.

## سپینۆزا
## شێوازی راستەقینە بۆ راڤەکردنی دەقەکان

رەخنەگرتنو راڤەکردنی کتێبی پیرۆز، کە سپینۆزا گۆڕانی زۆری بەسەردا هێناوە، لەو گفتوگۆیانەی سەبارەت بە بیرۆکەی لێکبوردنن جێگەیەکی ناوەندی هەیە. شێوازی راڤەکردنی کتێبی پیرۆز، پەیوەندی خوێنەر بەشێوەیەکی یەکسان لەگەڵ دەقی کتێبو ئیعتبارەکەی و ناوەڕۆکە مەعریفییەکانیدا ئاشکرا دەکات. رەخنەی سپینۆزا لەلاهوتیەتو پێناسەکردنی دینخوارییو تەقواو ئیمانداریی، وەک پەیوەندییەکانی نێوان فەلسەفەو لاهوتو مەزهەب، لەسەر ئەو شێوازە وەستاوە، لەبەرئەوە نەک تەنها فەرمانکردنی کتێبی پیرۆز، بەڵکو تەنانەت ئەوەی کە لەو کتێبەشدا نەهی لێدەکرێت، جێگەی باسو لێکۆڵینەوەیە. مەسەلەی ئازادیی بیرکردنەوەو ئازادیی کاری فەلسەفی لەناو دڵی شێوازی راڤەکردنی سپینۆزادایە: چیدی کتێبی پیرۆز نابێتە بابەتێکی تایبەت بە لاهوتیەت، بەڵکو دەکرێتە مەسەلەیەکی سیاسیش.

شێوازی راڤەکردنی سپینۆزا لەگەڵ شێوازی راڤەکردنی سروشتدا جیاوازی نییە: ئەو شێوازە بریتییە لەگردکردنەوەی چەندین دراوی وردو گەیشتنە چەند پێناسەیەک لێیەوە.ئەمە چ مانایەک دەگەیەنێت؟ واتە دەبێت لەکاتی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزدا، رەگەزە مێژووییەکانی پێکهاتەی واتای دەقەکان: زمانێک کەپێینوسراوە، چۆنێتی کاریگەریی وەرگێڕانەکان، فرە واتای واژەکان، ئەوخەڵکانەی لایەنگری گوتار بوون، رەوشو حاڵو بیروباوەڕەکانی نوسەرەکان، هەموو ئەمانە لەبەرچاو گیراون. ئیلهامو سروشەکانیش لەگەڵ باوەڕەکانو خووڕەوشتی پەیامبەراندا گونجاونو

پەیوەستە بەخەیاڵی ئەوانەوە، نەک بەبیرکردنەوەیەکی کامڵترەوە١٠، کەواتە زانینی واتای پەیامبەران پێویستی بەهۆشیارییە لەبارەی خەیاڵی پەیامبەرانەوە. ئەوەی لەرێسای یەکەمدا جێگەی سەرنجدانە، دوو لایەن لەخۆدەگرێت: لەلایەکەوە نیشانیدەدات کە سپینۆزا سروشت لەبەرامبەر کتێبی پیرۆزدا راناگرێتو خوڵقاندنی خورافەش، کەخوارکردنی عەقڵو سروشتەو تەنها ستایشی دەقی کتێبی پیرۆز دەکات، لەیەکتر هەڵدەوەشێنێت. کتێبی پیرۆز بەکۆمەڵێک حیکایەت دەزانێت نەک شتێکی میتافیزیکی. «سەیرکردنی سروشت بەچاوی مێژوونوسەوە» ئەوە نیشاندەدات کە کاری ئەو، وەک فرانسیس باکۆن١١، سروشتگەرایانەیە: دەقی کتێبی پیرۆز وەک سروشت یان وەک بابەتێک سەیردەکات. ئەم دەقە حاڵەتی یەک سەنەدی غەیرە لاهوتی، یان کۆمەڵە گەواهییەکی هەیە، کە بەهۆی ئەوانەوە دەتوانرێت مەبەستەکانی کتێبی پیرۆز بدۆزرێنەوە. لەو رووەوە کتێبی پیرۆز تەنها بابەتێک نابێت قابیلی ناسین بێت، بەڵکو چیتر لەسەر پیاوانی ئایینی تاپۆ ناکرێتو هەمووان دەستیان پێیڕادەگات. لەلایەکی ترەوە سپینۆزا دەیسەلمێنێت، کە نابێت بونیادی یاسای کتێبی پیرۆز سەرپۆشێک بێت بۆ کاری مێژووناس، چونکە بەمە نکۆڵی لەپیرۆزیی دەق دەکرێت: ئەو بە پەنجەدانان لەسەر ناهەماهەنگییەکان، دووبارەکردنەوەکان، هەڵەکانی رەچەتەنوسان یان هەڵە مێژووییەکان، باوەڕیی بەکەماڵیی وێنەی کتێبی پیرۆز بەپووچ دەزانێت. ئەو کتێبە یاسایەکی نییە کە یەکێتی سروشنووسانو قەشەو بەخواییبوونیان نیشانبدات. بەهۆی رەسەنی نوسەرەکانەوە، کتێبی پیرۆز دوودڵ دەکرێت (سپینۆزا هێشتا دەریدەخات کە {حەزرەت}ی موسا پێنج ئەسفارەکەی نەنوسیوە. مەبەست، شتێکی تازەی تێدا نییە، بەڵام جەنجاڵانە دەبزوێت). سپینۆزا باوەڕی بەبوونی چەندین لوغزی شاراوە هەیە لە کتێبی پیرۆزو لەستایشی واتای وشەکانو دەستێخستنی پیاوانی ئایینی لەراڤەیەکدا، کە دەتوانرێت تێیدابکرێت، ئەمەش بەکارێکی ناپەسەند دەزانێت.

مەسەلەی سەرەکی لەراڤەکردنی کتێبی پیرۆزدا، مەسەلەی «تەنها نوسراوەو بەسە»یە١٢: دەبێت لەخودی کتێبی پیرۆز خۆیەوە کتێبی پیرۆز بناسرێت. نابێت کتێبی پیرۆز بەپاڵپشتی داناکانی دەرەوەی خۆی لێکبدرێنەوە. راڤەکردنی کتێبی پیرۆز ئەوە نییە کەتێیدا بۆ «هەقیقەت» بگەڕێین، کەهەندێکجار ئەو هەقیقەتە

عەقڵ پەسەندبکاتو هەندێکجاریش پەسەندی نەکات، بەڵکو دۆزینەوەی «واتا»ی ئەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو واتایە، لەگەڵ عەقڵیشدا نەگونجێت. ئەنجامەکانی ئەو راڤانەی سپینۆزا لەم راستایەدان: کتێبی پیرۆز چەند لێکۆڵینەوەیەکی تیۆریی بەرزی لەخۆنەگرتووە، بەڵکو تەنها چەند رێنماییەکی لەخۆگرتووە کەزۆر سادەن، بەجۆرێک هەمووان تێیدەگەن. کتێبی پیرۆز جگە لەگوێڕایەڵی، هەقی بەسەر تەقواو عەدالەتو دۆستایەتییەوە نییە. رێنماییەکانی فەلسەفی نین، بەڵکو ئەخلاقین. ئەوەی مەحکومی دەکات تەنها بەگوێنەکردنە نەک نەفامی، لەبەرئەوە لەپانتایی دۆگماکانو باوەڕە لاهوتییەکاندا، ئەنجامدانی تاوان واتایەکی نییە، بەڵکو تەنها لەکاروکردەوەکاندا، واتە ئەنجامدانی تاوان لەرووکاری پراکتیکیانەی دیندارییو تەقوادا، ئەگەری بوونی هەیە، هەربۆیە سپینۆزا فەلسەفە لە لاهوت جیادەکاتەوە. لاهوت لەخزمەتی عەقڵدا نییەو عەقڵیش لەخزمەت لاهوتدا نییە. لەروویەکەوە هەقیقەتو حیکمەت ئامانجیەتی، لەروویەکی تریشەوە ئامانجەکەی ئیمانو تەقواو گوێڕایەڵییە، لەبەرئەوە لاهوت شێوازی هەڵهێنجانی داوەرییە جازیمەکان بەعەقڵ دەسپێرێت، بەمەش ئازادی بیرکردنەوە دابیندەکات.

{دەق}

بۆ خاتری ئەوەی قسەکە کورتبکەمەوە، بەکورتی باسی ئەو شێوازە دەکەمو دەڵێم، کە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ شێوازی راڤەکردنی سروشتدا نییە، بەڵگو لەهەموو روویەکەوە لەگەڵیدا گونجاوە. ئەوەی راستی بێت، هەرچۆن راڤەکردنی سروشت لەسەر بناغەی ئەوەیە، کە سەرەتا لەدیدی مێژونوسەوە سەیری سروشت بکەین، دوای ئـەوەی کە دراوە راسـتو بەڵگەنەویستەکان گرددەکەینەوە، ئنجا پێناسەی کاروباری سروشتی دەردەهێنین، بەهەمان شێوە بۆ راڤەکردنی کتێبی پیرۆزیش، پێویستە شارەزاییەکی مێژوویی وردمان لەبارەیەوە هەبێت، دوای ئەوەی کە ئەو شارەزاییە، واتە دراوەکـانو شتە بنەڕەتییە وردەکانمان دەستدەکەوێت، دەتوانین بەچاکی پەی بەبیرکردنەوەی نوسەرانی کتێبی پیرۆز بەرین. بەمجۆرە (دەخوازم بڵێم ئەگەر هیچ بنەماو دراوێکی ترمان، جگە لەوەی

لەخودی کتێبی پیرۆزو رەخنە مێژووییەکەیەوە دەردەکەوێت، لەراڤەکردنو روناککردنەوەی ناوەڕۆکەکانیدا پەسەند نەکرد ) هەرکەسێک دەتوانێت، دوور لەئەگەری هەر هەڵەیەک، رێگەی خۆی بگرێتەبەرو بەهەمان ئەو دڵنیاییەی کە رووناکی سروشت دیاردەکانمان بۆ رۆشندەکاتەوە، خۆی لەبارەی خواستەکانی دوور لەتێگەیشتن، سەیری بکات، لەپێناو ئەوەی کە بەرۆشنی نیشانی بدەم، کە ئەو رێگەیە نەک تەنها رێگەیەکی دڵنیاکەرە، بەڵکو تەنها رێگەیەو لەگەڵ شێوازی راڤەکردنی سروشتدا گونجاوە، پێویستە ئەوە بیربهێنمەوە کە کتێبی پیرۆز عادەتەن لەو شتانە دەدوێت، کە لەبنەما ناسراوەکانی سروشت نییە، رووداوە مێژووییەکانو سروشەکان بەشی سەرەکی کتێبەکە پێکدەهێنن، بەڵام رووداوەکانی مێژوویی زیاتر موعجیزەکان (هەروەک لەبەشی پێشتردا نیشانمدان)، واتە ئەو داستانانە لەخۆدەگرێت کەباسی رووداوی نائاسایی سروشتی دەکەن، کە بەهۆی باوەڕو داوەرییەکانی مێژوونوسانیانەوە گونجێنراوە. هەروەها وەحیش لەگەڵ باوەڕەکانی پەیامبەراندا بەجۆرێک گونجاوە کە بەراستی (وەک ئەوەی لەبەشی پێشتردا نیشانمدان) لەتێگەیشتنی مرۆڤ تێدەپەڕێت، هەربۆیە ناسینی ئەو شتانە، واتە ناڕادەیەک تەواوی ناوەڕۆکی کتێبی پیرۆز، دەبێت لەخودی ئەو کتێبەوە بەدەستبێت. بەهەمانشێوە ناسینی سروشتیش لەخودی سروشت خۆیەوە دەستەبەر دەکرێ. بەڵام رێنماییە ئاکارییەکانی کتێبی پیرۆز، ئەگەرچی دەتوانرێت بەشێوە بیروهزرە باوەکان بسەلمێنرێت، بەڵام ناتوانرێت بەو تەرزە فیکرییانە رێنماییەکانی کتێبی پیرۆز بسەلمێنرێت، ئەمەش تەنها بەخودی کتێبی پیرۆز دەکرێت. تەنانەت ئەگەر بمانەوێت بەخواییبوونی کتێبی پیرۆزمان بەدوور لەداوەرییە پێشوەختەکان بۆ ئاشکرا بێت، دەبێت ئەوە لەخودی کتێبی پیرۆز خۆیەوە پێیبگەین، کەئەخلاقی راستەقینەمان فێردەکاتو تەنها بەم رێگەیە دەتوانین بەخوایبوونەکەی بسەلمێنین، چونکە ئەوەمان نیشاندا کەبنەمای یەقینی پەیامبەران دادخوازییو چاکخوازییانە. بەهەمووانیش دەبێت خودی خۆمان بەدەستبهێنین، تا بتوانین ئیمانیان پێبهێنین. پێش ئەوە نیشانماندا کە خوداییبوونی خودا، ناتوانرێت بەموعجیزە بسەلمێنرێت. ئەوەیکە من

ناخوازم قسە لەو بـارەیـەوە بکەم، کە هەر پەیامبەرێکی درۆزنیش

دەتوانێت موعجیزەیەکی خۆینیشانبدات. خوداییبوونی کتێبی پیرۆز تەنها دەبێت لەو شوێنەدا رووبدات کەدینداریی‌و تەقوای راستەقینە فێربێت. ئەو کردەی بەدەستهێنانە رووناداث تەنها لەرێگەی خودی کتێبی پیرۆز خۆیەوە نەبێت، کە ئەگەر بەدەستنەهات تەنها بەهاوکاری پێشداوەرییەکی گرنگەوەیە، کەرەنگە خودی ئەوەمان چنگبکەوێت‌و گەواهی لەسەر ئەوخوداییبوونە بدەین، کەواتە سەرلەبەری زانینەکانی ئێمە لەبارەی کتێبی پیرۆزەوە دەبێت لەخود ئەوکتیبەوە دەربچێت. سەرەنجام، کتێبپیرۆزیش وەک «سروشت»، وەک شتگەلێک کەقسە هەڵدەگرن، پێنایەک ناداث بەدەستەوە. هەروەک چۆن ناسینی هەر شتێکی سروشتی دەبێت لەرووداوە جیاوازەکانی سروشتەوە پێیگەین، ئەو پێناسانەشی کەکتێبی پیرۆز دەریناخات دەبێت لەداستانە جۆربەجۆرەکان پێیبگەین، کە لەبارەی مەسەلە جیاوازەکانەوە لە کتێبی پیرۆزدا دەبینرێت، کەواتە دەبێت لەراڤەکردنی کتێبی پیرۆزدا ئەو رێسا گشتییە لەبەرچاوبگیرێت، کەهیچ ئامۆژگارییەک، بەدەرلەوەی لێکۆڵینەوە مێژووییەکان بەرۆشنی سەلماندبێتیان، لەو کتێبە نەزانین.

**پەراوێزەکان:**

---

١ Brauch Spinoza(١٦٣٢–١٦٧٧) فەیلەسوفی هۆڵەندی.

٢ کالۆنییەکان یان دژە ریمۆنترانتسەکان: نەیارانی ریمۆنترانتسەکان‌و کالوینستە توندڕەوەکانن کە لەئەمستردام چالاکییان دەنواند.

٣ Remontrants (هۆشمەنداران) گروپێکی سەر بەمەسیحییانی ئامی نین (شوێنکەوتووانی ئارمی نیوس)ـە، کە لەسەرەتای قۆناغی هەڤدەهەم لەهۆڵەندە چالاک بوون‌و لەبەرامبەر بزووتنەوەی توندڕەوی کالوینیدا بەتوندی وەستان. بارەگایان لەشاری رۆتردام بوو.

٤ نامەیەک سەبارەت بەلاهوت‌و سیاسەت.

٥ Temple (پەرستگا) وێڕای واتای ئەسڵی لەرووی زمانەوانییەوە، زاراوەیەکە

پرۆستانییەکان بۆ جێگەی پەستنی خۆیان بەکاریانهێناوە. لێرەشدا سپینۆزاش مەبەستی لەهەمان ئەم واتایەیە.

٧ سیهەمین نامەی گوتار بەئۆڵدنیۆرگ، نامەی سیاسی، نامەکان.

٨ rectors naturae

٩ flactuatio animi

١٠ نامەیەک سەبارەث بەلاهوثو سیاسەث.

١١ Francis Bacon(١٥٦١–١٦٢٦) گەورە پێشەنگو فەیلەسوفی ئینگلیزی.

١٢ Scriptura Sola

**سەرچاوە:**

تساهل در تاریخ اندیشەو غرب - ژولی سادا- ژاندرون - نشر نی - ل٨٥- ٩٣.

**((تـــیۆری ئاکار لای سپینۆزا))**

د. فواد زەکەریا
وەرگێرانی لە عەرەبیەوە: حسێن لەتیف

گرنگترین شەقڵ کەتیوری ئەخلاق لای سپینوزا نوێنەرایەتی دەکات، ئەو وتەیە کە پێوایە مرۆڤ ناتوانێت لە سروشت و یاساکانی دووره پەرێزبێت. سپینوزا بە توندی رەخنە لەوانە دەگرێت، کەپێیانوایە مرۆڤ لەناو سروشتدایە، وەک وڵاتێک لەناو وڵاتێکی تردا، گومان لەوە دەکەن، دەسەڵاتی رەهای بەسەرکردنەوەکانی خۆیدا هەبێت، هیچ شتێک لەودا حکوم ناکات خۆی نەبێت.»١ خاڵی سەرەتاو بنەڕەتی لەم تیوری ئەخلاقییەدا درک کردنێکی زانستیە بە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت بەشێوەیەکی گشتی، پاشان دڵنیابوونەوە لەسەروەری هزری پێویستی لە بواری مرۆڤ و رۆڵ گێڕانیدا. مەحاڵە مرۆڤ بەشێک نەبێت لەسروشت، یان نەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو گۆڕانکاریانەوە، کە دەشێت لێی تێبگات، بەو سیفەتەی هۆیەک بێت بۆی»٢.

گرنگترین شت کە لەئەنجامی ئەم تێڕوانینەوە بۆ مرۆڤ سپینوزا خوڵقاندی، دەمامکی سۆفیەتی و ئاڵوزی لەجیهانی ناوەوەی مرۆڤ داماڵی، کە ئەوانەی پێشوو خۆیان پێدەشاردەوە، پاشان لەنێو ئەو دیاردە زانستیانەدا پلە بەندیکرد، کە ملکەچ دەبن بۆ لێکۆڵینەوەو شیکردنەوە، لەهەمانکاتدا لێیکۆڵیەوە، هەروەکو لەپێشەکی بەندی سێهەمی کتێبی ئەخلاقدا دەڵێت: وەک چۆن لەهێڵ و رووەکان و تەنەکان دەکۆڵێتەوە». بەو شێوەیە جەختدەکاتەوە ئامانجی زانستی ئەخلاق تەمێکردن و ئیرشادی نییە، بەڵکو لێکۆڵینەوەو تێگەیشتنە، بەو جۆرە ئەخلاق لە بوارێکەوە، کە پێویستە ببێت دەگوێزرێتەوە، بۆ بوارێک کە پەیدابووە، جەخت لەوە دەکاتەوە ئەرکی ئەو وەک لێکۆڵینەوەیەکی ئەخلاقی رەقلێبونەوە، یان رەخنە لێگرتن نییە، بەڵکو لەسروشتی مرۆیی بەو شێوەی کە هەیە تێدەگات.

بەو شێوەیە سپینۆزا ئاستەنگەکانی نێوان واقیع و نموونەی باڵا، لەنێوان ئەوەی کردەیەو ئەوەشی پێوەری باڵایە، نکۆڵی لە خێری رەها دەکاێ، بەتایبەتی جیهانی نیازەکان، کە ئەخلاقی نموونەیی چاوی بڕیوەتە سەر. ئەم سیفەتە بنەرەتیە، ئەو شەقڵە دەگمەنە راڤە دەکاێ، کە لای سپینۆزا ئەخلاقی پێ جیا دەکرێتەوە، ئەخلاق لە گۆشە نیگایەکی تایبەتدا، لە میتۆدی ئەودا مەحاڵە، لە گۆشە نیگایەکی ترەوە بنەمای ئەو میتۆدە رەگەزێکی گەوهەریە، تیایدا راڤەکردنی ئەو دووفاقییە نامۆیە مەحاڵە، مەگەر لەمیانەی پەیوەندی تۆکمەی نێوان بابەتی ئەخلاقەوە بێێ، کە مرۆڤە و لەنێوان پێویستبوونی سروشێ لەهەموویدا، هەروەکو هفدنج دەڵێێ: مەحاڵە ئەخلاق لەمیتۆدێکدا سەیری بوون بکاێ، لەمیانەی وێنەی ئەزەلەوە»٣.

لە وەها میتودێکدا پێویستی رەها تا رادەیەک دەگرێتەوە، کە لە توانایی هزرمەندا، نابێێ هیچ بابەتێک چارەسەر بکاێ، لە گۆشەنیگای تەنیا مرۆڤەوە، کە گۆشەنیگایەکی پێویستە لە ئەخلاقدا، بەڵام هفدنج بەجیاکاری لە نێوان گۆشەنیگای ئەزەلی و گۆشەنیگای کردەیی ئەو ئاستەنگە تێدەپەڕێنێ، دەوترێێ قسەکردن لەئەخلاق چارەسەری سروشێ دەکاێ بەو پێیەی کەشەقڵ لەسەر دانراوە نەک شەقڵ دانەرە، یان بەو پێیەی بوونەوەرە بەشیانەی رەفتاریکردەیی کوتاداریان هەیە لەگەڵیاندا یەکدەگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەستەمە لە گۆشەنیگایەکی ئەوەهاوە، رێنوێنێ بۆ جیگایەک بکرێێ، کە ئەخلاق لە میتۆدێکدا لە رووە ئەزەلیەکەوە بڕوانێتە بوون، دەشێ لە گۆشە نیگایەکی ترەوە بوترێێ، ئەخلاق بابەتێکی بنەڕەتیە، لە هەموو ئەو فەلسەفانەدا، کەس هەرگیز سەری سوڕنەمێنێ کەسپینۆزا ناوی ئەخلاق، لەسەرەکیترین کتێبی دەبێێ، لەکاتێکدا لەهەردوو بەندی یەکەمیدا، بابەتگەلێکی میتافیزیکی چارەسەر دەکاێ، لەبەرئەوەی ئاستی جیاکردنەوە لەنێوان لێکۆڵینەوە لە سروشێ، لە ڕووە فراوانەکەیەوەو لێکۆڵینەوە لە مرۆڤ، بە تەواوی لای سپینۆزا خۆی دەشارێتەوە.

ئاماژەی روونی لێکۆڵینەوە میتافیزیکیە سەرەکییەکان، لەکتێبی بابەتی ئەخلاقدا ئەوەیە، سپینۆزا گۆڕانێکی بنەڕەتی لە تێڕوانینی فەلسەفی بۆ بواری ئەخلاقدا کرد، ئەو بە تەواوی جیاکاری لە نێوان فەیلەسوفە سوننەتیەکان لە بواری مەعریفەی تیوری پەتی کەمیتافیزیکیە دەکاێ، لەگەڵ بواری مەعریفەی

کردەیی، کە ئەخلاقە. (بەو شێوەیە ڕووندەبێتەوە جیاکاریەکەی هفدنج، کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، وەڵامی تەندروست بۆ کێشەکە ناخاتە ڕوو) ئەو دڵنیامان دەکاتەوە، هەرچەندە زیاتر قوڵببینەوە لەتێگەیشتن لە یاسا سروشتیە فراوانەکاندا، توانای تێگەیشتنمان لە ڕەفتاری مرۆڤدا زیاتر دەبێت، یان بواری ئەخلاق جگە لە سەنتەرێک، کە تیایدا تیشکەکانی مەعریفەی مرۆییە تێکڕایی لقەکانیەوە بە یەکدەگەن، تیایدا زانستی مرۆیی بە هەموو ئەنجامەکانیەوە پراکتیکدەکرێت، هەموو ئەوەی کە پێویستە لەسەر تۆ، بۆئەوەی قوڵ ڕۆبچێت لە تێگەیشتن لە ڕەفتاری مرۆیی و پەیوەندی ئاڵوگۆڕ لەنێوان خەڵکدا، پێویستە تێڕوانینت بۆ سروشت تێکڕایدا تێڕوانینێکی تەندروست بێت و تێکەڵ بە ئەفسانەو پێگەکانی و خورافاتەکانی. لەو کاتەدا هەموو شتێکی پەیوەست بە مرۆڤت لە بەر تیشکە تەندروستەکەیدا بۆی ڕوون دەبێتەوەو لەپەیوەندیدا بە هەموو ئەگشافەوە، تەنها لەم میانەیەوە نەبێت، ناتوانین تێگەیشتنیان مەحاڵە.

هەروەکو چۆن پێویستە بوترێت، لە گۆشەنیگایەکی ئەوەهاوە، ئەخلاق مەعریفەیەکی تیورییەو بەگشتی حاڵی وەک حاڵی عەقڵی زانستی وەهایە، هەروەها مەحاڵە بوترێت زانست مۆرکێکی کردەیی ئەخلاقی هەیە، زانست و مەعریفە پێکەوە دەرگاکانی ئەخلاقمان بۆ دەکەنەوە، هەروەکو چۆن ئەخلاق ڕێگە بۆ مەعریفە خۆشدەکات. گرنگ ئەوەیە ئەخلاقێکی پەتی دابڕاو، لە ڕێڕەوی گشتی زانستی مرۆیدا لەئارادا نییە. بەو جۆرە سپینۆزا، بەو واتایە جیاکاری نێوان واقیع و ئەرکدا تێپەردەکات، لەنێوان زانستی تیوری و بینینی کردەیی و، لە نێوان ئەخلاق و زانستدا.

### سروشت و بەهای ئەخلاقی

دەتوانین بڵێین ڕواڵەتی سەرەکی جیاوازی لەنێوان گۆشەنیگای سپینۆزاو گۆشەنیگای تەقلیدی بۆ ئەخلاق ئەوەیە، کە بەهای ئەخلاقی لای سپینۆزا جێگایەکی نییە لە ڕێرەوی کردەیی سروشتدا، ئەمە لەکاتێکدا بەهای ئەخلاقی لەدیدگای فەیلەسوفە تەقلیدیەکاندا ئەوەیە، نیازی کۆتایی تێکڕای ڕەفتاری سروشتە. ئەم جیاکاریە سەرەکیە، جیاوازی لە نێوان دیدگای زانستی یەکلاکەرەوە، لای سپینۆزاو

دیدگا نیازییە باوەکانی پێش ئەو دەکات و سروشت لای سپینۆزا بە تەواوی خاڵیە لەبەهای مرۆیی ( من سیفەتی جوانی و سلیتم و بەریەککەوتن نادەمە پاڵ سروشت، مرۆڤ ناتوانێت بڵێت شتەکان جوانە، یان ناشیرین، رێکخراوە، یان تێکچووە، تەنها لە دیدگای خەیاڵەوە نەبێت»٤ خێروشەڕ تەنها لەبیری ئێمە نەبێت بوونیان نییە، تەنانەت لە سروشتیشدا، هیچ ئاماژەیەکی میتافیزیکیان نییە، بەڵکو ئەوان تەنها بەستراون بەدیدگای مرۆڤەوە»٥ بەگوزارەشێکی تر خێروشەڕ ئاماژە ناکەن، سیفەتی چاکە لە خودی خۆیانەوە لێیان بڕوانرێت، بەڵکو ئەوان دۆخی فیکر، یان بابەت گەلێکی فیکرین لەبەراوردکردنی هەندێک لە شتەکان بە یەکتر، ئێمە دروستیان دەکەین، بەو شێوەیە دەشێت شتێک لەیەککاتدا خێروشەڕ بێت چاک بێت لە بەرانبەر ئەو ئەویتردا،»٦ بۆ نمونە دابەزینی نرخی کاڵا، دەشێت لەدیدی کڕیاردا خێر بێت، و لەدیدی فرۆشیاردا شەڕ بێت، بەڵام لەدیدی کەسێکی تردا، کە نە کڕیاربێت و نە فرۆشیار، پەیوەندی پێوە نەبێت، ئەو رووداوە، هیچ بەهاو واتایەکی نییە، ئەگەر پاش ئەوە پرسیار دەربارەی رووداوەکە بکەین، واتە دابەزینی نرخی ئەم کاڵا، وەک ئەوەی لەخۆیدایە، وەڵام ئەوە دەبێت رووداوەکە لەخۆیدا لەسەر بەهاو ئاماژەی ئەخلاقی پێکنایەت، بەڵکو ئەم ئاماژەیە لەدیدگای ئێمەوە وەردەگرێت، بەرهەمی بەراوردکردنی ئێمە، دەبێت بە رووداوێکی تر لەژیانماندا.

بەم ئاڕاستەیە سپینۆزا هزری خۆی بۆ چارەسەرکردنی پرسێکی دێرین دەقۆزێتەوە! پرسی بوونی شەڕ لەجیهاندا، تەبابوون لەنێوان بوونی شەڕو لەنێوان کارایی خودایدا، دەتوانین بڵێن رێگەی تایبەتی سپینۆزا لەچارەسەرکردنی ئەم کێشەیەدا، نمونەیەکی روونە لەنمونەکانی میتۆدە تایبەتەکەی، مەبەستم میتۆدی هاوکێشەکانە، کەتێدایە پرسە تەقلیدییەکان بەدەربڕێنێک، کە لە رواڵەت و رۆڵەکەیدا تەقلیدییە، چارەسەر دەکات، بەڵام لە ئاماژە راستەقینەکەیدا زۆر نوێیە، دەربازبوونێکی بنەڕەتی لە کلتور دەنوێنێ.

دووڕوو بۆ چارەسەرکردنی پرسی شەڕ لەپەیوەندیدا بەکارایی خوداییەوە هەیە، کەسپینۆزا هێنای:-

ا- لەرووی یەکەمدا، سپینۆزا جەخت لەوە دەکاتەوە، شەڕ نەبوون

(privation–عــدم)ەو پەیوەندی بەچیەتی شتەکانەوە نییە، ئەو ئەم عەدەمە لە نامەی ژمارە (٢١) راڤە دەکات، بەوەی (پێگەیەکی عەقڵییە–etrederaison) رێگەیەک لە بیرکردنەوەماندا، کاتێ بەراوردێک دەکەین، پاشان سپینۆزا نمونە بەکەسێک دەهێنیتەوە، کە ئێمە پێی دەڵێن کوێرە، چونکە بەراوردمان کردوە بە ئەوانی تر کەدەبینن، بەڵام لەدیدگایەکی خوداییەوە، ئەوە ناکرێت، ناکرێت بە بەرد بڵێن کوێرە(چونکە ئەو پیاوە ناتوانێت خاوەنی شتێک بێت، جگە لەوەی کە عەقڵی خودایی و ئیرادەیی خوادایی پێبەخشیوە، هەروەکو چۆن خودا هۆی نەبینی چاوی ئەو پیاوە نییە، ئەوەهاش مایەی نەبینینی بەر دەکە نییە، بەڵکو حاڵەتەکە پەیوەستە رووتەوە».

لەنامەی ژمارە ٢٣دا ئیسینوزا زیاتر هزرەکەی روونده‌کاتەوە، کاتێک دەڵێت: لەپرنسیپەکانی بیرکردنەوەی مندا، خودا هۆی رەهاو حەقیقی بۆ هەموو شتێک، کەچیەتی بدرێتە پاڵ، بەبێ هەڵاواردن. ئەگەر لەتواناتدایە بیسەلمێنێ کەشەڕو هەڵەو تاوان... هتد، گوزارش لەچیەتی یەکدەکەن، ئەوا بەبێ مشتومڕ خۆم بەدەستەوە دەدەم، لەگەڵت دەبم، خودا هۆکاری شەڕو هەڵەو تاوانە، بەڵام گوماندەکەم بتوانم، بیسەڵمێنم، ئەوەی بۆ شەڕو هەڵەو تاوان زیاد دەکرێت، شەقڵە تایبەتەکەی، هەرگیز شتێک نییە گوزارش لەچیەتی یەک بکات، لەوێوە ناکرێت بوترێت، خودا هۆکارەکەیەتی، نیرون دایکی خۆی دەکوژێت، ئێمە لەپێناویدا سەرزەنشتی دەکەین، تاوانێک نییە لە مۆرکی چاکی ئەو کارەدا، کەئەنجامی داوە. لەهەمان شێوە کردەی ئۆرست oreste بەدیوە رواڵەتییەکەوە لەو دەچێت، کە بەختوخۆڕا دایکی خۆی دەکوژێت، بە بێئەوەی شیانی ئەوەبێت ئەو سەرزەنیشتەی بەسەرداببڕێت، ئەی تاوانی نیرون، کەواتە لەچیدا تەوق دەبێت؟ تەنها لەوەدا تەوق دەبێت، کەبەوکوشتە سپڵەیی و دڵڕەقی و کەلەیی خۆی بسەلمێنێ، ئەوانەش سیفاتگەلێکی گوزارش لەهیچ چیەتیەکە، ناکەن، خوداش هۆکارەکەی نییە، ئەوەی هۆکاری کردەوەکەیە نیرون و نیازەکەیەتی.

لێرەوە دابەشکردنە زانراوەکەی هۆکارەو بۆ بکەرو نیاز دەردەکەوێت، هۆکاری بکەری تاکە راستینەیەکە لەخۆیدا لەسەر بەهایەک دانامەزرێت، بەڵکو تەنها کردەی چاک دەخولقێنێ، بەڵام هۆکاری نیازی بەهای خۆی، لەدیدگایەکی

مرۆییەوە دەخاتە سەر کردەوەکان، بەڵام لـەدەرەوەی ئەم گۆشە نیگایەوە، هیچ پێگەیەکی نییە، ئەگەر لەگۆشەنیگایەکی ئەزلی و پێویستیەوە لە سروشتدا سەیری ئیشەکان بکەین حەقیقەتی نییە، دەشێت کردەیەک بە جۆرەها نیازو بەها ئارایشت بکرێت، بەبێ ئەوەی هیچ کاریگەرییەک لەسەر چیەتی دروست بکات، بەو پێیەی بەرهەمی هۆیەکی کارایە، بەو جۆرە سپینۆزا دابەشکردنێکی دوانەیی دیدگاکان بۆ شتەکان دەکات! دیدگایەکی خودایی، تەنها بەچیەتی راستەقینەو هۆکاری کارایی و پەیوەستە بە دیدگایەکی مرۆڤانەوە، کەنیازو بەهای درێژکراوەی بەراوردکردنی شتەکانمان بەگوێرەی ئامانجە ئاییەتەکانمانکردوە، دەخاتە سەر چیەتی بەپێشوەکان، شەڕبوونی نییە، تەنها لەدیدگای دووەمەوە نەبێت، لەسەر ئەوەش ناکرێت بووترێت ئەوە بەرهەمی کارایی خودایيە.

ب- رووی دووەی چارەسەرکردنەکەی سپینۆزا بۆ گرفتی پەیوەندی شەڕ لەکارای خوداییەوە، پەیوەندییەکی تۆکمەی بەرووی بنەڕەتیە یەکەمەوە هەیە، ئەگەر شەڕ گوزارش لەچیەتیەکی چاکە نەکات، بەڵکو عەدەمێکی پەتی بێت، درێژکراوەی بەراوردکردنی رووداوەکان بێت، کە بەگوێرەی ئامانجەکان خۆمان کردومانە، ئەوا خێر بەسروشتی حاڵ دێژکراوەی بەها کۆمەڵایەتیەکانە، کە بەرهەمی هەندێک خەڵکە بە هەندێکی ترەوە، بەوپێیەی ئەگەر وێنای دۆخی سروشتی خەڵکمان کرد، تێدا کاریگەری بەها کۆمەڵایەتیەکان دەرناکەوێت، مەحاڵە شەڕ تێدا بوونی هەبێت (لە دۆخی سروشتیدا، کەواتە وێناکردنی هەڵە مەحاڵە، هیچ بوونی نییە، تەنها لە دۆخێکدا نەبێت، کە هەندێک خەڵک لەسەر مانای خێرو شەڕ کۆک بن و لەسەر هەموو کەسێک دیاریکرابێت دەوڵەت بپەرستێ، لەحاڵەتی سروشتیدا، ناتوانین وێنای ئـارەزووی بەخشینی هەموو مافێک بەخاوەنەکەی بکەین، بە گوزارەشێکی تر لەحاڵەتی سروشتیدا، شتێک نییە هاوچەشنی دادو ستەم بێت، هزرگەڵێکی ئەوەها لەدەوڵەتێکی کۆمەڵایەتیدا نەبێت دروست نابێت، لەهەموو ئەوانە دادوستەم رووندەبێتەوە، هەڵەو چاکە، هزرگەڵێکی دەرەکین، سیفاتگەلێک نین لەسروشتی عەقڵەوە پەییان پێبرابێت»٧.

ئەو چارەسەرکردنە روویەکی تری زمانی سپینۆزای لاهوتیمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە بۆ گوزارشتکردن لەمانا گەلێک بەکاربراوە، کە هەرگیز پەیوەندی بە

بواری لاهوتەوە نییە، دیدگای خودایی، کە واتای شەڕی تێدا نییە، لەسیستەمی پێویستی بۆ شتەکان زیاتر نییە، دەوترێت خودا ناکرێت هۆکاری شەڕ بێت، چونکە خودا بەتەنها هۆکاری چیەتیە چاکەکان نابێت بەتەنها، لە دەربڕینێکی قوتابخانەیی بـەولاوە زیاتر نییە، لەبارەی ئەوەی دەوترێت، ئەگەر سەیری سروشتمان لەپێویستیە فراوانەکەیدا کرد، بەها بەمانا مرۆڤانەکەی ناناسێت، بەڵکو ئەو مرۆڤاکانی لە ڕێرەوی پێویستی سروشتی ڕووداوە دیارەکاندا دەبڕن و لەبەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆیانەوە سەیریدەکەی و خێرو شەڕ دەبین.

لە رواڵەتدا زمانی بەکاربڕاو، لێکچوێکی روونی تێدایە، لەنێوان ئسپیوزاو فەیلەسوفی قوتابخانەییەکاندا، ئەو بە رۆڵی خۆی، دەیەوێت راڤەیەک بۆ دیاردەی شەڕ لەجیهانیکدا بکات، کە خواوەندیی تێدا باڵادەستە، بەڵام ئەم لێکچوونە رووکەش و فریودەرانەیە، ئەنجامی راستەقینە، بیرکردنەوە جیاوازە لەهەموو حاڵەتێکدا، لەوی ترو دواجار لەهەموو جیاواز یەکیش، چونکە قوتابخانەییەکان و لاهوتیەکان هەوڵیانداوە، هزری شەڕ لەکارایی خودایی دووربخەنەوە، بۆئەوەی ئەم بکەرە شەقڵە خێرەکەی بمێنێنەوە، ئەگەر شەڕ لەدیدگای ئەواندا، وەهمێکی دوور لە راستی بێت، ئەوا خێر راستییەکی هەڵنەگرەو دەلالەتی میتافیزیکی، یان ئەنتۆلۆجی بنەرەتی هەیە، ئەوەش ئامانجی دوورە، کەهەموو کردەوەیەکی خودایی دەیەوێت بیپێکێت، بەڵام رێگای تایبەتی سپینۆزا لەدورخستنەوەی هزری شەڕ لە کارایی خودایی، یان لەرێرەوی پێویستی شتەکان، لەهەمانکاتدا دوورخستنەوەی خێریش دەگرێتەوەو هەموو بەها لێکچووەکان، لەهەمان ئەو بـوارەدا، ئەو بە پێچەوانەی قوتابخانەییەکان نکۆڵی لەشەڕ ناکات، بۆئەوەی خێر بەتەنها لە گۆڕەپانەکەدا بمێنێنەوە، بەڵکو گۆڕەپانەکە لەهەموو بەهایەکی گونجاوو نەگونجاو لەیەککاتدا چۆڵدەکات. بە سروشتی حاڵ ئەمە ئامانجێکی تەواو جیاوازە لەوەی قوتابخانەییەکان دەیانەوێت، بەڵکو لەواقیعدا بنەمای هەموو بیرکردنەوەیەکی قوتابخانەیی تێکدەدات، بەو پێیە خێر دووردەخاتەوە، لەو سیفەتەی نیازی رێرەوی روو داوگەلێکە، لەگەردووندا نکۆڵیکردنی ئەم جۆرە ئامانج، لەگەڵ نکۆڵی کردنی شەڕ-دەگات بە نکۆڵیکردنی ویستی چاودێریکردنی خودایی لە جیهاندا، بەوپێیە سبەینێ رێرەوی رووداوەکان، بە بێباکی دەڕوات

و قورسایی لەسەر مرۆڤ نابێت. لەم جۆرە حاڵەتەدا تەنانەت، ئەگەر مرۆڤ قسە لەسەر پرەنسیپی خودای یەکەم بکات، ئەوا بوون و نەبوونی لە دیدگای مرۆڤدا، یەکسان دەبێت، هەر چەند ئەو وەڵامی مرۆڤ، بەهیچ شێوەیەک نەداتەوە. بەو جۆرە مەودای جیاوازی گەورەی نێوان ئەنجامگیری سپینۆزا، ئەنجامگیری قوتابخانەییەکان ئاشکرا دەبێت، سەرەڕای ئەوەی بەئەنجامگەلێک دەگات، لەرێگەی کۆمەڵە دێباجەیەکەوە، لە زمانەکەیدا تارادەیەکی زۆر لە زمانی ئەوان دەچێت.

**رەخنەکردنی فیکری ئازادی ئیرادە**

ناوکۆیی ئاڕاستەی حەتیمی ئەخلاقی سپینۆزا بە روونی لەرەخنەکردنیدا لە فیکری ئـازادی ئیرادەدا دەردەکـەوێـت، بەپێچەوانەی زۆربـەی مەزهەبە فەلسەفیەکانەوە، ناتوانی وێنای ئەخلاق بەبێ ئیرادەی ئازاد بکەن، سپینۆزا جەخت لەوەدەکاتەوە، باوەڕ بە ئیرادەی ئازاد، وەهمێکی بۆشە، جێکەوتێکە، لە جێکەوتەکان جەهل بەهۆکارە راستەقینەکانەوە، ئێمە ناتوانین لەحەقیقەتی مرۆڤ بگەین، بەتایبەتی لە سروشتی رەفتاری، لەکاتێکدا گریمانی فیکرێکی بۆش، لەم جۆرەمان پێشەکی کردوە، لەنامەی ژمارە(٥٨)دا سپینۆزا رێگەی تایبەتیەکەی خۆی روونەدەکاتەوە، لە تێگەیشتن لە ئازادی دەڵێت: (شتێک لەدیدی مندا ئازاد دەبێت، کە هەبێت و بەگوێرەی پێویستی سروشتی رەفتار دەکات، هەروەها بێزراو دەبێت کەشتێکی تر هەڵیسوڕێنێت و بەگوێرەی رێسایەکی دیاریکراو رەفتار بکات) سپینۆزا باوەڕی مرۆڤ بە ئازادی ئیرادەی خۆی لە رێگەی لێکچوونێکی وەک ئەمەی خوارەوە دەکات، بەردێک ناجووڵێت، ئەگەر هۆیەکی دەرەکی پاڵی پێوە نەنێت، باوای وێنا بکەین، ئەو بەردە باوەڕیوایە لەکاتی جووڵانیدا هەوڵی خۆیەتی، وای لێدەکات بجووڵێت، ئەگەر جگە لەهەوڵی خۆی هۆشمەندی لەبارەی شتێکی ترەوە نەبێت، لەکاتێکدا هۆکارە دەرەکیەکان نازانێت، کە رۆڵی لە جوڵاندنیدا هەیە، بەو شێوەیە وێنای خۆی بە ئازاد دەکات.

ئازادی مرۆڤیش هەرهەمان حاڵەتە، ئەوەی لەپێناسەی سپینۆزادا بۆ ئازادی تێبینیدەکرێت ئەوەیە، لەگەڵ پێویستی دا ناکۆک نییە، بەڵکو لەگەڵ تەحەکوم،

یان ناچارکردنی دەرەکیشدا ئازادی پێویستیەکی ناوەکییە، یان بوونەوەرێک ئازاد دەبێت، ئەگەر شتێک لەدەرەوەی خۆی ناچار، یان بێزاری نەکات، بەڵکو رەفتاری لەگەڵ پێویستی ناوەکی سروشتی خۆیدا کۆکە، ئاشکرایە ئازادی بەمانا راستەقینەکەی، لەم حاڵەتەدا بەمانا گشتگیریەکەی دوورناکەوێتەوە کەشتێک ئەحەکومی پێوە نەکات و شتێک لە دەرەوەی نەبێت، ئابوترێت ئەو بێزاری دەکات، ئەوەش مانای گوزارەیەکی درێژراوە بەزمانی لاهوتی، کەدەڵێت تەنها خودا خۆی ئازادە.

ئەنجامی دووەمی ئەم تێگەشتنە تایبەتیەی، ئازادی و پەیوەستکردنەوەی بە ئازادی ناوەکی، پەیوەستکردنە لەنێوان باوەڕی بەتاڵ بە ئازادی ئیرادەی مرۆڤ و لەنێوان جەهل بەهۆیەکانییەوە. (خەڵک هەڵدەکەن، لەکاتێکدا واگوماندەکەی ئازادن، ئەو باوەڕیان پەرچ دەبێتەوە بۆ هەستیان بەکردەوە تایبەتەکانیان، کەواتە هزری ئەوان دەربـارەی ئازادی شتێک نییە، جگە لە جەهلی خۆیان، بەهەر هۆیەک بێت بۆ کردەوەکانیان، کەواتە بیر کردنەوەی ئەوان دەربارەی ئازادی، جگە لەجەهلی خۆیان بە هەر هۆیەک بێت بۆ کردەوەکانیان زیاتر نییە، بەڵام ئەو وتەیان کە پێیوایە، کردەوەکانی مرۆڤایەتی لەسەر ئیرادە دەوەستێت، جگە لە گوزارشی کە لەگەڵ هیچ هزرێکدا نایەتەوە، زیاتر نییە، هیچ یەکێک لەوانە، نازانێت ئیرادە چییە،چۆن جەستە دەجووڵێت، بەڵام هەموو ئەوانە شانازی بەم جۆرە مەعریفەیەوە دەکەن، خەیاڵ بەجێگایەکەوە دەکەن، کە نەفس تێدا نیشتەجێیە، جگە لەپێکەنین و گاڵتەجاری هیچی تر ناوروژێین)»٨ کەواتە مەحاڵە مرۆڤ بتوانێت ئازاد بێت، بەو واتایەی کە رێگەیەک یان ئیرادەیەک لە بینینی خۆیدا بیگرێتەبەر، بەبێ ئەوەی هیچ هۆکارێکی دەرەکی رۆڵی تێدا هەبێت، ئەگەر مرۆڤ لە پەیوەندیەکی بەردەوام بێت، بەو هۆکارە ناکۆتایانەوەکە دەوریانداوە، مەحاڵە رێگایەک بگرێتەبەر، ئەگەر ئەم هۆکارانە بەهەند وەرنەگرێت.

(بیر ئیرادەی رەها،یان ئازادی نییە، بەڵکو لە ئارەزوی لەم شت، یان لەو شتدا، هۆیەک حوکمدەکات بەرۆڵی هۆیەکی تر، کە رۆڵی هۆی سێهەمی دەبێت، بەوشێوەیە هەتا کۆتایی).»٩

سەرەڕای ئەم پێویستیە رەهایە، هەستێکی دڵنیاکەرانە بە ئازادی لای مرۆڤ

هەیە، هەروەها ئارەزوی بەسەرشتەکاندا، هەرچەندە مرۆڤ لە بوارە تایبەتەکەی خۆیدا، نکۆڵیکەر بێت، بەوشێوەیە سپینۆزا سەرەڕای ئەوەی باوەڕی فیکر پێویست هەیە، جیاوازی لەنێوان یاسا سروشتیەکان و ئەو یاسانەدا دەکات، کە هاوتەمەنی مرۆڤە، باوەڕ بەجۆری دووەم لە یاسا کە ملکەچی ئیرادەی مرۆڤە، راڤە دەکات بەوەی دەگەڕێنەوە بۆ جەهلی ئێمە بەهۆکارە کۆتایی کورتەکان و گفتوگۆ وروژاندن لە بارەی هۆکاری نزیکەوە، بە پەسەندکردنی بیرۆکەی خستنەرووی شتە دەگات، بۆ ئەوەی سەبارەت بە ئێمە ژیان بکرێت «١٠.

ئەوەی روون و ئاشکرایە، لەم بیرۆکەی دوایدا، سپینۆزا فیکرەی ئازادی لەسەر ئاستە جیاوازەکان راڤە دەکات، لەسەر ئاستی رەها هەموو شتێک پێویست دەبێت، بەڵام لە ئاستی رێژەیدا، هەندێک لەشتەکان خستنەڕوو دەبن، ئەگەر بەهۆکانیەوە مەعریفەمان لە ئاستی پێویستدا نەبوو، ئەگەر ئارەزوومان بەهێزو بوو، لە گرتنەبەری رێگایەکدا، هەرچەندە بە فیعلی بەرێوەی بەرین، بەو شێوەیە لای سپینۆزا پێویستی دەبێتە نموونەی باڵای مەعریفە، ئەگەر لە گۆشە نیگایەکی مەعریفی تەواوەوە لەشتەکان رابمێنین، یان وێناکردنێکی تەواو مەرعریفیمان بەوردی لە سروشت هەبوو، ئەوکاتە باوەڕ بە ئازادی، ئیرادە دەبێت شاردرێتەوە، هەموو شتێک دەبێت پەیوەندییەکی پتەوی پێویستی بەهۆیە زانراوەکانی هەبێت، بەڵام هەڵویستی مرۆڤانەمان رێگای بەو مەعریفە تەواوە پێنادەن کە هەموو رووداوێک لەسایەیدا دەبن، بە پێویستی مەعریفەمان، بە سروشتی کورتیەوە ناکرێت هەموو شتێک هەزم بکات، ئەو جەهلەش کە ئێمە بە پلەی جیاکەی تیایدا دەژین، وادەکات بیرۆکەی ئازادی ئیرادە بەردەوام جێگەیەک لە بیرکردنەوەی ئێمەدا داگیر بکات، کەواتە بیرۆکەی ئازادی ئیرادە واقیعییە، بەڵام بیرۆکەی پێویستی، گوزارشتە لە نموونەی باڵای زانستی، هەردوو بیرۆکە دەچنە ناو دوو دیدگای جیاوازەوە، دیدگای کردەیی ژیان لەلایەک و دیدگای نموونەی باڵای مەعریفەی زانستی لەلایەکی ترەوە، ئاشکرایە سپینۆزا نیازێکی تری نییە جگە لە رزگارکردن ئەم دەرئەنجامە، یان کە دەڵێت ئێوە دەتوانن وابیر بکەنەوە ئیرادەتان ئازادە، هەرچەندە هۆکاری راستەقینەی دیاردەکات فەرامۆش بکەن، لەوەدا من رەخنەتان لێناگرم، بەڵام ئەوەی لە ئێوەم دەوێت ئەوەیە دان بەوەدا

بنێن، کە مەعریفەی تەواو دەربارەی ئەم هۆکارانە، زامنی تێپەڕاندنی ئەو بیرکردنەوەی ئێستاتانە دەربارەی ئیرادە، ئێراماں لەشتەکان لەدیدێکی گشتگیرەوە دەکات، بەسەروەری هزری پێویست نکۆڵێکردن لە ئازادی ئیرادە و جەختکردن لەسەروەری پێویست، تەنانەت لەسەر ئاستی نمونەی باڵای مەعریفە-حەتمەن پرسیار لە بارەی لێپرسراوێتی و پاداشتەوە دەورژێنێت. بەلای کەمەوە ئێمە دوونوێنەری سپینۆزا ئولدنبرج و بلینبرج دەبینین، هەمان ناڕەزایی دەردەبڕن، ئەگەر پاداشتی خودایی بریتی بێت لە سنراو چاکەدانەوە، ئەو کاتە هیچ مانایەک نامێنێتەوە، ئەگەر هەموو بخرێنە ئەسنۆی خودا بەو سیفەتەی ئەو هۆیەکەیەتی بەدەربڕینی تر، ئەگەر پێویستی رۆڵی لە بەڕێوەبردنی هەموو کردەوەکانماندا هەبێت، ئەو کات هەموو گوناهەکان رێگە پێدراو دەبن، هەموو شەڕێک بیانووی خۆی هەیە.

سپینۆزا لەوەڵامی ناڕەزایەتیەکەدا لە نامەی ژمارە٥٧دا، دەڵێت پێویستە یاساکانی خواوەندو یاسا مرۆییەکان تێپەر ناکات. هەمیشە ئەخلاف سودی خۆی هەیە هەرچەندە فەرمانکردن تێیدا، وێنەی یاساکان، یاخودشەریعەتی خودایی، یان هەر وێنەیەکی تر لەخۆ بگرێت، نەخواسە ئەگەر روانینمان نەوەک ئەوی گشت دەیکەن.

بۆ یاسا ئەخلاقیەکان وابوون بەو پێیەی کە خودا قازییەو لەوەوە دەردەچن، یاخود ئەگەر والێمان روانی لە پێویستی سروشتەوە دەردەچێت، لەهەموو دۆخێکدا بۆ ئێمە سودبەخش دەبێت، هەروەها شەڕەکانیش لە هەڵچوونی ئێمەوە سەرچاوە دەگرن، لەبارەی ئەم بیرۆکەوە سپینۆزا لەو پرسیارەوە، وەڵامدەداتەوە، کە نکۆڵی لەوە دەکات، مرۆڤ سزای خراپەکانی بدرێت، لەکاتێکدا گوناحەکانی لە سروشتیانەوە سەرچاوەی گرتبێت، دەڵێت: ئەگەر سزای ئێمە کورتببێتەوە، بۆ ئەوانەی بە لە باربردنی ئیرادەیان و هەڵبژاردنی ئازاریان، بۆچی ماری ژەهرڕێژ لەناوبەرین، کە بەسروشت گوناهبارەوە، لەوەش زیاتر هیچ نییە؟»١١ بەو شێوەیە سزادانی گوناهبار دەگەڕێتەوە، بۆ ئەوەی زیان بە ئەوانی تر دەگەیەنێ، یان سروشتی ئەو زیان بە ئەوانی تر دەگەیەنێت.

سزدان- و بەرپرسیارێتی بەشێوەیەکی گشتی-ئامانج لێیان بەرژوەندی

کۆمەڵگەیە، بەتەنها ئەنجامی خودی کردار نییە، ئەگەر خودی کردار، پێشتر جارێک جەختی لەسەرکرایەوە، نە هەڵەیەو نەشەڕە تەنها لەروانگەی مرۆڤەوە نەبێت، بەڵام لە وێنە پێویستە ئەزەلیەکەدا، هیچ بەهایەکی لەو جۆرەی نییە، شتێک بەناوی یاخیبوون لە ئارادا نییە، کە ئێمە لەبارەی یاسا سروشتییەکانی گەردوونەوە قسە دەکەین، یان بەزمانی لاهوتیەکان- هیچ کردەوەیەک پێچەوانەی ویستی خودا نییە. لە بارەی چاکەدانەوە، یان پاداشتدانەوە دەڵێت:چاکە شایانی پاداشت نییە، ئەگەر لە خۆیدا نیاز بێت، وەک لە کۆتایی هەردوو بەندی دووەم پێنجەمدا دەڵێت: پاداشت دانەوەی لە وازیکردنیدا تەوق دەبێت، نەک لەو ئەنجامەی بەدوای خۆیدا دەیهێنێت.

**هەڵچونەکان و....هۆکاری زاڵبون بەسەریدا**

لە پێشەکی بەندی سیهەمدا لەکتێبی ئەخلاقدا، وێنەی میتۆدیک بۆ لێکۆڵینەوە لە هەڵچونەکان و ئامرازی زاڵبوون بەسەریدا دەکێشێ. جەخت لەسەرئەوە دەکات، دەستپێکردنی لەو بوارە مرۆییە تیدا، مانای دەرچـوون لەپرەنسیپی حەتمی دامەزراو لە سروشتدا نییە، بەڵکو هەڵەی سەرجەم تویژەرەوەکانی بەر لە ئەو ئەوەبوو، ئەو پرەنیسپانەیان بەسەر سروشتدا پراکتیزە دەکرد، هەمان پرەنیسپیشان بەسەر مرۆڤدا پراکتیزە دەکرد بەشێوەیەکی گشتی . تێڕوانینی ئەوان بۆ مرۆڤ وەک هەڵاوێردێک لەرەوشی گشتی سروشت و دانانی لە چەقێکدا، کە تیادا رەفتاری لەسەر رووتی تێکڕای دیاردە سروشتیەکانەوە بوو لە ئەنجامی ئەوەدا، سروشتی مرۆڤ لای ئەوان بەنادیاری مایەوە. لەبەرگرنگی گەورە لە روونکردنەوەی میتۆدی سپینۆزا، لە چارەکردنی تیودی ئەخلاقەکەیدا، دەقێکی درێژ لەم پێشەکیە وەردەگرێت، هەندێک لەوانەی لەبارەی هەڵچونەکان رفتاوی مرۆڤەوە دەنوسن، وەک ئەوەی لە بارەی شتێکەوە بنوسن، لەدەرەوەی سروشت بێت، زیاتر لەوەی بیانەوێت چارەسەری دیاردەگەلێک بکەن بە گوێرەی یاسا گشتیەکانی سورشت بەڕێوە دەچێت، بەو شێوەیە ئەوان وا وێنای مرۆڤ دەکەن، وەک چۆن هەرچەند لەسروشتدا سەنتەری وڵاتێک لەناو وڵاتێکی تردا داگیربکات! ئەگەر گومانی وا دەبەن لەدەرەوەی سیستمی سروشتە، زیاتر لەوەی

رەخنەلێگراوی ئەو بێت، باوەڕیانوایە دسەڵاتی تەواوی بەسەکردەوەکانی خۆیدا هەیە، جگە لە خۆی ملکەچی هیچ نابێت، هێندەی ئەوەی من دەیزانم کەس پێناسەی سروشت و هێزی هەڵچوونی نەکردوە، توانای بیرلە بەرەنگاربوونەوەو سەرکوتکردنی دا.

بەڵام پلانی من ئەمەیە! شتێک نییە لە سروشتدا رووبدات و واراڤە بکرێت، دەرچوونە لە سروشت، کە سروشت هەمیشە لەکارکردندایە، هەمیشە، لەگەڵ حکومەتەکانی و توانای لەکرداردا وەک یەکن، یاساکانی سروشت و فەرمانەکانی کە هەموو شتێک لە سروشتدا بەهۆیەوە روودەدات و لە وێنەیەکەوە دەگۆڕێت بۆیەکی تر، هەریەکێک لەهەموو شتێک و لەهەموو سەردەمێکدا، بەو پێیە پێویستە مینۆدێک هەبێ بۆ تێگەیشتن لە سروشتی هەمووشتەکان، مەبەستم لەمیان یاساو ریساگەلێکی بەوشێوەیە هەڵچوونەکانی رق و توڕەیی و ئیرەیی و هاوشێوەکانیان، ئەگەر لەخۆیەوە سەیر بکرێت، ئەوا بە گوێرەی هەمان پێویستی و ئەحکام لەسروشتدا بەڕێوە دەچێت و دەگەڕێنەوە بۆ هۆکارگەلێکی دیاریکراو لەمیانەیەوە تێیدەگەین، تایبەتمەندی گەلێکی زانراوی هەیەو شایانی ئەوەیە بیانزانین، گرنگی ئەو وەک گرنگی تایبەتمەندی هەرشتێکی ترە تێڕامان لە خۆی دەمانگەیەنێت، بەرازی بوونمان، لەبەرئەوەش سورشتی هەڵچونەکان و هێزەکەشی بە گوێرەی ئەو مینۆدە چارەسەر دەکەم، کە پێشتر لە لێکۆڵینەوەکانمدا دەربارەی خواو عەقڵ بەکارم بردوە، پاشان دەڕوانم کردەوەکان و ئارەزوە مرۆییەکان تەواو، هەروەکو چۆن لە هێڵەکان و روەکان و تەنەکان بکۆڵمەوە). ئەم تێڕوانینە بۆ مرڤ و هەڵچونەکانی بەشێکی دانەبڕاوە لە سروشت، هەمان یاسای بەسەردا تێپەڕ دەبێت کەبەسەریدا تێدەپەڕێت، سپینۆزا چارەسەرکردنی هەڵچونەکانی کرد، بەدیاردەگەلێکی سروشتی پەتی و دایماڵی لەهەموو ئەو شانازییانەی لەسەردەستی فەیلەسوفەو نەریتگەراکان دراو بە پاڵی، کە لەهۆکاری هەڵاواردنی هەڵپەسێردراوە، تەنها بە بواری مرۆڤەوە، بەم جۆرە لە پێشەکی بەندی سێهەمدا ئەم پێناسەیە بۆ هەڵچوون دەکات، (هەڵچون کە بەخراپی دەروون ناودەبرێت، بیرۆکەیەکی، یان ئاڵۆزە، هۆش بەهۆیەوە، دەربارەی جەستەیان هەر بەشێکی تری. جەخت لەتوانی بوون زۆر، یان کەم لەوەی کەپێشتر هەیبووە دەکاتەوە، لەبوونی ئەودا حوکم

لەهۆشیدا دەکات، بەو شێوەی بیر لە شتێکی دیاریکراو بکاتەوە لەبریتی شتێکی تر» پاش کەمێک سپینۆزا ئەو پێناسەیە زیاتر ڕووندەکاتەوەو دەڵێت: مەبەستم لەهەڵچون ئەو گۆڕانە کتوپڕانەیە بەسەر جەستەیەکدا دێت، کە هێزی کارایی ئەو جەستە زیاد، یان کەم دەکاتەوە، پەکیدەخات، یان گەشەی پێدەدات، هەروەها بیرۆکەی گۆڕانکاریەکانیش»١٢ پێناسەی لەو جۆرە بۆ هەڵچون هەموو ئاماژەیەک بۆ بەهای خێروشەڕ دووردەخاتەوە، بەڵکو هەموو جیاکاریەکی چلونایەتی، لەنێوان هەڵچونێک و یەکێکی تردا دوور دەخاتەوە، بنەمای جیاوازی لەنێوان هەڵچونەکاندا دەکات، بەوەی کە لەهەموو زیادکردنێک یان، کەمکردنەوەی توانای بوونەوەر لەپاراستنی خۆی، یان کۆمەککردن بە بەردەوام بوونی لەبووندایەن شیکردنەوەی، بە بێئەوە لەسەر ئەو پرەنسیپە سەرەکیە بەتەواوی میتۆدی ئەخلاق بوونیاد دەنێت، بەبێ لەبەرچاوگرتنی یان چۆنیەتی تیایدا.

لەبەندی چوارەمی کتێبی ئەخلاقدا سپینۆزا کلێشەی درێژی هەڵچونە و مرۆییەکان دەخاتەڕوو، هەموویان لەمیانەی ئەم پرەنسیپە سەرەکییەوە پێناسەکراون، پرەنسیپی زیادی توانای مرۆڤ لەپاراستنی خۆی و بەردەوامی لەبوونیدا، یان کەمکردنەوەی ئەم توانایە سەرسامیەکی گەورەی تێدایە، کە بێگومان لایەنێکی گرنگ لە تیوری ئەخلاقی سپینۆزا پێکدەهێنێت، کە بەڕوونی ئاماژە بۆ، ڕەسەنایەتی ئەم تیوەرە دەکات، کە پێناسە زانستیە یەکلاکەرەوەکانی بۆ هەڵچوونەکان بە تەواوی جیاوازە لەپێناسەی فەیلەسوفە ئەخلاقیی نەریتگەراکان بە هەموو مانا تەقویمییەکانی (تایبەتمەندییە چۆنایەتیانەوە لەنێوان هەڵچونەکاندا هەیە، لەخۆدەگرێت، کلێشەی سپینۆزا سەبارەت بە هەڵچوونەکان، هەوڵێکی تاقانەیە لە نێو میتۆدە نەریتگەراکان ئەخلاقدا، بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو بۆچوونانەی کەهەڵچونەکان مرۆڤ دەگەڕێنەوە، بۆیە ئەسڵ کە تیایدا سروشتی مرۆڤ پەیوەست دەبێت بە سروشتی هەموو بونەوەرێکی زیندوی ترەوە، وا سەیری ناکات، کە ئەو لە گەردوندا چەقی دەوڵەتێک لەناو دەوڵەتێک داگیر دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا، سەرەڕای ئەو بایەخانەی ئەم کلێشەیە لەم بارەیەوە هەیەتی، بەدرێژی لەسەر ناوەڕۆکەکەی قسە ناکەین، دەشێت ناوەڕۆکەکە، ئەم کتێبانە بخوێنرێنەوە بەبێ یارمەتیەکی زۆری کتێبەکانە خودی سپینۆزا»١٣ بەهەرحاڵ

بوارێکی گەورە بۆ راڤەکار بەجێناهێڵێت، کە ئەوە ئاڕادەیەک روونە بە پێوانەی زۆرێک لە بەشەکانی تری فەلسەفەکەی، لەم لێکۆڵینەوەیەدا، جەخت لەسەر خستنەڕووی پرەنسیپە گشتییەکان لە فەلسەفەی سپینۆزادا بکەینەوە، پێویستە ئەوە بە هەموو وردەکاریەکانیەوە بکەین، پاشان بەهەڵبژاردنی هەندێک نموونە لەرێگا چارەی ئەو بۆ هەڵچونە جیاوازەکان لەمیانەی پرەنسیپە سەرەکیەکەیەوە، کەپێشتر ئاماژەمان بۆ کرد رازی دەبین. سپینۆزا زەمینەسازی بۆ پێناسەکردنی چێژو ئازار ئەم پرسە دەکات(هەموو زیادبوونێک یان کەمکبوونێک، یارمەتیدەر، یاخود پەکخەری هێزێکی کارایە لەجەستەماندا، هزری خۆی زیاد، یان کەم دەکاتەوە، هەروەها یارمەتیدەر، یاخود پەکخەری توانای هزریە لەزەنیماندا»١٤) لەتێبینیکردنی ئەم پرسەدا دەڵێت: زەین تێدەپەڕێت، بەم ئاڕاستەیەدا تێدەپەڕێت، بەدۆخی کەماڵی زیاتر یان کەمتردا، لەمەوە شروشتی چێژو ئازار چڕدەبێتەوە، مەبەست لەچێژ دۆخێکی نێگەتیڤە، کە تێدا زەین دەگوێزرێتەوە بۆ کەماڵی مەزنتر و مەبەستیش لەئازار دۆخێکی نێگەتیڤە، کە تێدا زەین دەگوێزرێتەوە بۆ کەماڵی کەمتر. ئەم پێناسانە لە کۆتایی بەندی سێهەمدا، تا رادەیەک وێنەیەکی لەفزی جیاواز وەردەگرێت( چێژ گواستنەوەی مرۆڤ لە کەماڵی، کەمەوە بۆ کەماڵی مەزن) (پێناسەی دووەم)، و(ئازاریش گواستنەوەی مرۆڤ لەکەماڵی مەزنەوە بۆ کەماڵی کەمتر)، (پێناسەی سێهەم)، چێژو ئازار دەبێتە گواستنەوە ئەو ئاماژەیە، بۆ ئەوەی کە دوو هەڵژون کەپەیوەست بەهەژاری و کەمی کەماڵەوە لای مرۆڤ، کەشروشتی مرۆڤ لەپلەی کەماڵیدا بەدۆخی جیاوازدا تێدەپەڕێت، لەپرۆسەی گواستنەوە خۆیدا دەبێت بەچێژ، یان بە ئازار، ئەو بۆ ئەم دوو جۆرە هەڵچوونە سەرەکییە هەڵچوونی سێهەم زیاد دەکات، کە ئەویش ئارەزوە، کە گوزارشتێکی راستەوخۆیە لە مەیلی مرۆ بۆ پاراستنی خۆی و بوونی هۆشمەندی لەبارەی ئەم مەیلەوە»١٥ ئەو پێناسەی ئارەزوو دەکات بەوەی (چیەتی مرۆڤ خۆیەتی، هێندەی ئەوەی کەوێنا دەکرێت بەڕێوەبراوە، لەرێگەی کارلێکردنەوە، یاخود بۆ رێککردنەوەی، بۆ کردەی شتێک)، ئەوەش هەموو هەوڵی مرۆڤ و بەرگریەکانی و ئارەزوەکانی و داخوازیەکانی دەگرێتەوە، کە بەهۆیەوە هەوڵی بەدیهێنانە شتێک دەدات، لێرەشەوە پەیوەندیەکی تۆکمەی بەچیەتی مرۆڤەوە

هەیە»١٦ سپینۆزا جگە لە، چێژوئازارو ئارەزوو، دان بەهیچ ئارەزوویەکی رەسەندا نانێت، کەلێیەوە هەموو هەڵچونەکانی تر هەڵئەهێنجێ و لەرێگەیەوە راڤەی دەکات، نمونەی ئەوەش (خۆشەویستی جگە لە چێژێکی هاوەڵی بە بیرۆکەی هۆیەکی دەرەکی، هەمان حاڵەت لەرقیشدا هەر هەیە بەو شێوەیە دەبینین ئەوەی خۆشەویستی دەکات، بە پێویست هەوڵدەدات ببێت بەخانەوەن و بابەت خۆشەویستی یەکەی بمنێنەوە، لەکاتێکدا کەسێک کەرق دەکات هەوڵدەدات بۆ دووردخستنەوەو تێپەڕاندن»١٧ لەخۆشەویستی و رق سپینۆزا پێناسە گەلێکی گەورە بۆ هەڵچونەکان هەڵدەهێنجێ، ئەوەش لە رێگەی گێڕانەوەی بۆ سێ هەڵچوونە سەرەکیەکە، کە برینین لەچێژو ئـازارو ئـارەزوو، ئەم هەڵچوونە سەرەکیەیانە دەگەڕێنەوە بۆ نەزمە بنەڕەتیەکانی (conatus) بونەوەر بۆ پاراستنی خۆی، ئاشکرایە جیاوازی لەنێوان ئەم تێڕوانینەی ئسپینۆزا، بۆ پەیوەندی هەندێک لەهەڵچوونەکان بە یەکترەوە، و بەسروشتی مرۆڤەوە، و لەنێوان تێڕوانینی باوی فەیلەسوفەکاندا یەکسانە بەجیاوازی لەنێوان تێڕوانینی زانا و تێڕوانینی جاهل بۆ پێکهاتەی سروشتی جەستەکان بۆ نموونە، کەسێک پسپۆر نییە، لەزانستدا پێوایە لەنێوان پێکهاتەی جەستەکاندا جیاوازی بنەڕەتی لە چۆنایەتیەدایە، ئەمە لە کاتێکدا کەسی پسپۆرو زانا ئەم جیاوازییە چۆناییەتی دەگەڕێنێتەوە بۆ چەندایەتی، بەو پێیە کە جەستە لە رۆاڵەتدا زەقترین جیاوازیەکانە دەردەکەوێت، لەراستیدا جگە لەجیاوازیەکی چەندایەتی سادە لەکێشی بەشی کەرەستەکەیدا زیاتر نییە، هەروەکو چۆن جیهان بەشتێکی دیاریکراو لە کۆمەڵە رەگەزێکی دیاریکراو دەستپێدەکات

لەمیانەی پێکهاتە جیاوازەکانیەوە هەموو دروستبوونە ئاڵۆزەکان لە سروشتدا راڤە دەکات، بەوجۆرە سپینۆزاش بەوجۆرە بەرستێکی سنوردار لەهەڵچوونەکان دەستپێدەکات و جیهانی هەستی دەروونی بەهەموو ئاڵۆزیەکانیەوە دەگەڕێتەوە بۆی.

پێویستە بەرلەوەی قسە لەسەر ئامرازی زاڵبوون بەسەر هەڵچوونەکاندا لای سپینۆزا بکەین، تێبینی ئەوە بکەین ئەو هەڵچوونەکان بەو جۆرە هەڵناگرێت، کە هەیە ئەو لەرێزی هەموو ئەو فەیلەسوفانەی تردانییە، کەهەموو هەڵچوونەکان هەڵدەگرن و وەک رواڵەتێک لە رووالەتەکانی لاوازی دەروونی مرۆیی ئامادە

سازیدەکەن، ئەو بەتایبەتی هەڵچوونە پۆزەتیڤیەکان هەڵناگرێت، کە پەیوەستن بەوەدێهێنانی سروشتی مرۆڤ خۆیەوە، یەکێک بووە لەو فەیلەسوفانەی بانگەشەی بۆ سەودای دنیا نەویستی، یاخود نکۆڵیکردن لەجەستەو داخوازیەکان کردوە. زۆربەی سەودای دنیانەویستی کە دەدرێتە پاڵ سپینۆزا لەو دیدگایەوە، کە باوەڕی وابووە فەیلەسوف و سۆفیش بووە، بەمانا پیشەییەکە، بانگەشەی لە پێناوی مەعریفەی (حدس)ی سوفیانەدا بەوشێوەیە واسەیرکراوە لە ئاراستە گشتیەکەی ئەخلاقی خۆیدا لە کەلەپوری ئەفلاتۆنی مەسیحی لە هزری رۆژئاوادا جیا نابێتەوە، ئەگەر چی دیار بێت زمانی ئیلهامی بەوجۆرە لەزۆربەی بابەتەکاندا ببەخشێت، ئەوا راڤەکردنێکی وەها بەتەواوی دوورە لە ئاراستەی حەقیقی سپینۆزاوە. یەکێک لەوشتانەی کە مێژوونووسانی ژیانی سپینۆزا لەسەری تەبان ئەوەیەکە هەرگیز تامی چێژە هەستیەکانی نەکردوە، بەڵکو هەمیشە خۆی لە ئیوەگلانی پاراستووە، بەڵام لە فەلسەفە تیۆریەکەیدا بوو، چونە لەراستەقینەکانی لەپرسگەلێکدا دەردەکـەون بۆ نموونە: (چێژ لە خۆیدا شەڕنییە، بەڵکو خێرە، بەڵام ئازار شەڕە» ١٩. لەنموونەیەکی تردا دەڵێت: (شادی هەرگیز زێدە رۆنابێت، بەڵکو هەمیشە خێر،بەڵام دڵتەنگی هەمیشە شەڕە»٢٠. ئەو بەهێز جەخت لە سروشتی مرۆیی دەکاتەوە، ئەو هەڵچوون و ئارەزووانەی پێ بەپێ، لەگەڵ ئەم سروشتەدا دەڕۆن جیادەکاتەوەو هاوکاری پاراستنی جەستەی مرۆڤ دەدات، لەکاتێکدا ئەو ئازارانەش هەڵدەگرێت کە بـەزەزەر بە جەستەی مرۆڤ دەگەڕێنەوە ئەو لە ئەخلاقی دنیانەوستێکدا ئەوە هەڵدەگرێت و دەڵێت: (بیرکردنەوەیە کی پڕو پووچ.. پێیوایە ئەوەی کە بەئازار بەسەر مرۆڤدا دەشکێتەوە ئەنجامەکەی خێرە، ئەوەش کە چێژی بۆ دەهێنێ ئەنجامەکەی شەڕە»٢١. جەختدەکاتەوە کە هەوڵدان بۆ چێژ وەرگرتن بەراستی سودمان پێدەگەیەنێت لە زیاتر کامڵبوونماندا، هەروەها بۆ زیاتر پشکداریمیان لە سروشتی خوداییدا (یان، لەم ناو کۆییەدا، بە گوێرەی سیستمێکی هەمەکی سروشت بەڕێوەدەچێت). وە ئاستێکی جیاکردنەوە لەنێوان ئەو هەڵچونانەدادەنێت کە پێویستە هەوڵیان بۆ بدرێت و هەموو ئەوانەشی کە پێویستە دوورە پەرێزیان لێبکرێت، یەکەمیان لەگەڵ عەقڵدا تەبایەو دووەمەمیان لەگەڵیدا ناکۆکە. عەقڵ لەم دۆخەدا پرەنسیپێکی جیاوازی لەهێزی سروشتی مرۆڤ،

یاخود سەودای ئەو بۆ پاراستنی خۆی نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هێزێکە پێ بەپێ، لەگەڵ سروشتی راستەقینەی مرۆڤدا دەڕواتْ و هەمانگەهی لەنێوان ئەو لەنێوان سیستمی هەمەکی شتەکاندا هەیە، ئەگەر عەقڵ بەڵگەیدا پێمان لەسەر هەڵچونێک کە لەبەردەوامی بوون و پاراستنی خۆماندا کۆمەکمان  دەکاتْ ئەوا پێویستە هەوڵی بۆ بدەین، بەڵام ئەگەر ئاستەنگی بۆ بوونمان دروستکرد ئەوا بەهەر نرخێک بێتْ پێویستە خۆمانی لێبەدووربگرین.

سپینۆزا دان بەوەدا دەنێتْ، ئەو جیاکارییە کارێکی ئاسان نییە، چونکە هەڵچونە بەهێزەکان دەسەڵاتی تەواویان بەسەر مرۆڤدا هەیە،لەوەشدا کار دەگاتە ئەو رادەیە کە ئارەزوو لە شتی خۆش و ویستراو ئامادە پاشەکشە بە ئارەزووی سەرهەڵدراو لەبارەی مەعریفە لەسەر خێرو شەڕو هەر شتێکی پەیوەستْ بە پێشترەوە دەکــاتْ»٢٢. لەهێزی ئەم جـۆرە هەڵچونانەدا کۆیلایەتی مرۆڤ دروستْ دەبێتْ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر هەڵچوون بەهێزبوو ئەوا لەتوانادا هەیە بەهەڵچوونێکی لەو بەهێزتر پاشەکشەی پێبکرێتْ، بەڵکو ئێمە دەتوانین وابڕوانینە مەعریفەی خێرو شەڕو کە ئامرازێکە بۆ پاشەکشەکردن بە هەڵچوونەکان، بەو پێیەی لە خۆیدا( هەڵچون چێژو ئازارە، هێندەی ئەوە ئێمە هۆشیاریمان لەو بارەیەوە هەیە»٢٣. بەو جۆرە سپینۆزا دەگاتە ئەوەی کە(مەعریفەی دروستْ لە بارەی خێرو شەڕەوە لەتوانادا نییە هیچ هەڵچوونێک پاشەکشەی پێبکاتْ والێی بڕوانرێتْ کە خۆی تەندروستە، بەڵکو هێندەی ئەوەی کە خۆ هەڵچوونێک پێکدەهێنێ»٢٤. ئەوە بەروونی وێنەی رێگای زاڵبوون بەسەر هەڵچوونەکاندا لای سپینۆزا دەکاتْ: هەڵچوون نابێتە ستەمکار تەنها لەبەرئەوەی ئێمە بیرۆکەیەکی روون و تایبەتمەند لە بارەیەوە بونیاد دەنێتْ»٢٥.

هەژموونی عەقڵ بەسەر هەڵچووندا زیاد دەکاتْ، وەک چۆن ملکەچ بوونی بۆی کەم دەبێتەوە ئەوەش هێندەی ئەوەی لە تێکڕای شتەکان تێدەگاتْ، بەو پێیەی کە پێویستە»٢٦ کاری ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە هەڵچوونەکان تێپەڕاندنی شەقڵە نێگەتیڤەکەیەتی، کە تیایدا هەڵچوونەکان دەبن بەگەردەلوولێکی پەیوەستْ بەهزرگەلێکی تەم مژاوییەوەو هەواڵەی دەکاتْ بۆ هەڵچوونگەلێکی تر کە لەسەر کۆمەڵە هزرێکی روون و تایبەتمەند بوونیادنراوە،جیاکاری لەنێوان هەڵچون و

هۆکاری راستەوخۆی دەرەکییەوە دەرەکات، بۆئەوەی پەیوەستی بکات بەهزرگەلێکی عەقڵی تەندروستەوە، بەوەش نەفس لەبەر رۆشنایی عەقڵێکی درەوشـاوە لە رێگای ئێرامانەوە لە کۆیلایەتی هەڵچوون رزگاری دەبێت»٢٧. بەو جۆرە سپینۆزا لەسەر ئەو بۆچوونەی سوقراتە هەمانهەنگ دەبێت، کە پێیوایە چاکەکاری زانستەو چروکی جەهلە، بەڵام بەرێگای تایبەتی خۆی هزرەکە دەخاتە روو- مەعریفە سێ جۆری هەیە کە بریتییە لە گومان و باوەڕو مەعریفەی روون یەکەمیان ئەسڵی ئەو هەڵچوونانەیە کە بەعەقڵ ناکۆکە، دووەمیان ئەسڵی ئارەزوو چاکەکانە، سێهەم ئەسڵی خۆشەویستی حەقیقەیە. بەو جۆرە وتەکەی سوکراتە راستدەکاتەوەو دەیکات بە : چروکی مەعریفەیەکی پووچەیان گومان لەبەردەم هەڵەدایەو چاکەکاری مەعریفەیەکی تەندروستە»٢٨. ئەمەش مانای ئەوەنییە مرۆڤ دەستبەرداری سودی خۆی ببێت لەپێناوی شیکردنەوەیە یعەقڵی و لۆجیکی هەموو هەڵچوونەکاندا، بیرکردنەوەو مەعریفە، لەگەڵ بەدیهێنانی سودی مرۆڤدا، بەڵکو بە پێچەوانەوە هاوکاری دەبن لەوەدا، بەڵکو دژایەتی ئەوبۆچوونە دەکات کە پێیوایە هەوڵی مرۆڤ بۆ بەیهێنانی سودی خۆی چروکیە، لە پرسگەلێک دا دەیسەلمێنێ کە هەوڵی مرۆڤ بۆ بەدیهێنانی سودی خۆی، ئەگەر عەقڵ رابەری بێت لەخۆیدا دەبێتە بونیادنانی چاکەکاری. لەبەندی چوارەمداو لە پرسی (١٩) دا دەڵێت هەموو کەس بەسروشت هەرچی خێری خۆی تێدابێت حەز بەبینینی دەکات و هەرچی شەڕی تێدا بە پێچەوانەوە. لە پرسی (٢٠)دا دەڵێت: چاکەکاری مرۆڤ لەهەوڵدان بۆ سودی خۆی دروستدەبێت، یاخود لە پاراستنی قەوارەی خۆیدا. وە لەپرسی (٢٢)دا دێت مەحاڵە بتوانین وێنای چاکەکاری بکەین لەپێش هەوڵی مرۆڤ بۆ پاراستنی بوونی خۆی، پاشان رۆڵی عەقڵ وتێگەیشتن لە پرسی ٢٣ دا راڤە دەکات و دەڵێت مرۆڤ بە گوێرەی چاکەی خۆی رەفتار ناکات، مەگەر ئەوکاتەی لە کردەوەی خۆی تێبگات لەپرسی ٢٤ دا بۆچوونەکەی چڕدەکاتەوە بەوونەیی کە رەفتاری مرڤ بەگوێرەی چاکەکەی هاوتای رەفتاری مرۆڤ و ژیانی و پاراستنی بوونیەتی (ئەوانە هەموو وتراو گەلێکی هاوشانی، بەگوێرەی ئەوەی عەقڵ هەواداریەتی لەسەر پرەنسیپی هەوڵدان، بۆئەوەی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی تێدانییە. زیاتر لەوە گوزارشت دەکات و لەپرسی ٣٠دا دەڵێت: (شتێک

تا ئەورادە خێرەکەیە پێویست، لەگەڵ سروشتی ئێمەدا بگونجێت. هەرچەندە چاکەکاری پەیوەست بێت، بەتێگەیشتنەوە، ئەوا سروشتی دەبێت هەرچەند بواری تێگەیشت لەشتەکان فراوانتر بێت مرۆڤ زیاتر لێی نزیک بێتەوە، تەنانەت، ئەگەر بگاتبە تێڕامان لەسیستمی هەرەمەکی شتەکان لە پێویستی بە گشتی یەکەیدا بەوەش بەرزترین چاکەکاری بەدیدەهێنێت، کە لە تواناداا هەیە مرۆڤ پێی بگات و توانای زاڵبوونی بەسەر هەڵچوونەکانی دادەبێت، بە هۆی پەیوەست کردنییەوە بە پێویستییەکی گشتگیری گەردوونییەوە. ئسپینوزا بە شێوازێکی وانە ویژانە گوزارشتی لەوە کردوە کە دەڵێت: (بەرزترین خێر بۆ مرۆڤ ناسینی خودایە، بەرزترین چاکە بۆ زەین ئەوەیە خودا بناسێ) ٢٩. واتای راستەقینەی ئەم جۆرە دەربڕینانە لەوتەکەیدا دەردەکەوێت، کە دەڵێت( هەرکەس بە راستی پەی بەوە ببات، شتەکان یەک لەدوای یەک لە پێویستی سروشتی خودایە، بەگوێرەی یاسا سروشتیەکان و رێساگەلێکی ئەزەلی روو دەدەن، ئەوا شتێک نابینێتەوە شیاوی رق لێبوونەوەو بەسوک سەیرکردن و بەکەم زانین بێت، وە بەهیچ شتێکدا هەڵنادا، بەڵکو ئەوەندەی چاکەکاری مرڤ رێگا بدات، رەفتاری چاک بگرێتەبەر، چێژی لێوەر بگرێت، وەک نموونەکە دەڵێت)٣٠ لە بەندی یەکەم لە پرسێکدا دەربارەی پێویستی سروشتی خودایی دەدوێت، ئەوەی مەبەستێتی رووندەکاتەوە، لەکاتێکدا پێوەندە دەکات بەقسەکردن لە بارەی یاساگەلێکی سروشتی و رێساگەلێکی ئەزەلییەوە.

بەوجۆرە هەردوو دەبڕینەکە لای ئەو هاوتا دەبن. لەسەر بنەمای ئەو هاوتای یە بەروونی پەی بە دەلالەتی راستەقینەی ئەم پرسە کە رواڵەتێکی سوفێگەری هەیە ببەین: (ئەوەی بەروونی لە هەڵچوونەکانی خۆی بگات، خودای خۆش دەوێت، هێندەی زیادبوونی تێگەیشتن لە خۆی و هەڵچوونەکانی خۆشەویستیشی بۆ خودا زیاد دەکات) ٣١.، ئەگەر ئەو گوزارەی لای سپینۆزا هەیە بگۆڕین بە گوزارەی خۆشەویستی خودایی، کە تێگەیشتن سیستمی هەمووەکی، یاخود پێویستی گەردونە، ئەوا ماناکە زیاتر رون دەبێتەوەو چەند مرۆڤ مەعریفەی دەربارەی خۆی و هەڵچوونەکانی زیاد بکات تێگەیشتنی لەوەی دوایش زیاتر دەبێت. لەسەر ئەو بنەمایە لە (پرسی ژمارە ١٨ لەبەندی پێنجەمدا) وتەکەی

سپینۆزا زیاتر راڤە دەکرێت کەس ناتوانێ رقی لە خودا بێتەوە، لەبەرئەوەی مەعریفی سیستمی گشتی لەبارەی گەردون و سروشتی پێویست و باو تێدا، هیچ بوارێک بۆ هەستی بەشەکی دیاریکراوی وەکو رق ناهێڵی ئەوەی هەستی پێدەکەن، ئەگەر گەشتین بەم مەعریفەیە پەیبردنە بە پەیوەندی تۆکمەمان بەو سیستمە فراوانەوە، نموونەی ئەو جۆرە پەیبردنە، ئەگەر بەراوردی بکەین بە هەڵچوون، ئەوا هەڵچوونی خۆشەویستی دەبێت نەک رق لەدیدی ئێمەدا ئەو چارەسەرەی سپینۆزا بۆ زاڵا بوون بەسەر هەڵچوونەکاندا دەیخاتە روو لە رێگای هەوڵدانەوە نییە بۆ رزگاربوون لەم هەڵچوونانە بەرێگەیەکی راستەوخۆ، بەڵکو لەر ێگەی ناسینی و بیرکردنەوەی عەقڵی تێداو پەیوەست کردنەوەی بە سیاقی گشتی هەل و مەرجی دەرەکی و ناوەکی مرۆڤەوەیە–ئەم چارەسەرکردنە لەهەندێک روویەوە پێچراوەتەوە،لەگەڵ شیکردنەوەی دەروونی (ئەگەر نەمانتوانی تێپەڕێن لەویستی ئەم روو لەیەکچوانە دوورتر دەبێت لەوەی پێویستە). لە رۆڵی شیکردنەوەی دەروونیدا دەوترێت لە توانادا هەیە گرفتێکی دەروونی تێپەڕینرێت ئەویش لە رێگای دەرچوون لەجیهانی نا ئاگاییەوە بۆ جیهانی ئاگایی، و لە رێگای پەیبردنی هۆشمەندانەشەوە دەبێت.

رەگەزی هاوبەش لەنێوان هەردوو جەمسەردا، تێکچوونی هاوسەنگی دەروونییەوە، هەرچەند بەردەوامیش بێت گرفتەکەی رێگای خۆی بدرەو زەینی هۆشیارمان ناگرێتەبەر، و رێگای دووبارە بونیادنانەوەی هاوسەنگی دروست پەیبردنە بەو تێکچون لە رێگای هۆش و دانانی لەسیاقی سروشتی خۆیدا، نەخواسە لە حاڵەتی یەکەمدا لە رێگای مەعریفەی عەقڵییەوە بێت، لەحاڵی دووەمدا لە رێگای تەنها هۆشەوەو لەهەردوو حاڵەتەکەدا بۆ رزگاربوونی مرۆڤ لەو تێکچوونە ئەوەندە بەسە تیشک برخێنە سەری، لەو تاریکییە دەربهینرێت کە تێدا نغرۆ بووە لەمیانەی دادێت گیربوونمان لەگەڵیداو گواستنەوەی لەبیرکردنەوەی هۆشیارانە لە بوارە بەرتەسکەکەی و لە هەلومەرجی ئاڵۆزو سنورداردا، کە کاریگەری خۆی تێدا وازی دەکات.

سەرئەنجام پێویستە ئاماژەیەکی تایبەت بەو ئەنجامە کۆمەڵایەتیە روونە بکەین، کە سپینۆزا لە تیۆرەکەیدا چڕیدەکاتەوە لەدامرکاندنەوەی هەڵچوونەکاندا.

ئەم ئەنجامانە لـەوەدا چڕدەبنەوە، کە هەڵچونەکان مایەی ئـاژاوەی نێوان خەڵکە، و عەقڵیش مایەی لێک نزیکبوونەوەیان، ئەگەر عەقڵ ئامرازمان بوو لە دامرکاندنەوەی هەڵچوونەکاندا، ئەوا پێویستە مرۆڤ هەوڵبدات بۆ زاڵبوون بەسەر هەڵچوونەکانیداو خۆی دەگات بە دڵنیابوون لەمانای کۆمەڵایەتی لەدەروونی مرۆڤدا بۆچوونەکانی ئسپینوزا لەوبارەیەوە بەشەقڵێکی دووفاقی ناو دەبرێت، پەیوەست دەکرێت بەشەقڵی دووفاقی ئێروانین لە چارەسەرێکدا کە بۆ زاڵبوون بەسەر هەڵچوونەکاندا دایناوە. ئەو لەسەرێکەوە دەڵێت هەڵچون دانامرکێتەوە مەگەر بەهەڵچونێکی لەخۆی بەهێزتر، لەسەرێکی ترەوە دەڵێت بیرکردنەوە لەهەڵچوونەکان و گریدانیان بە سیستمی پێویستی شتەکانەوە دەستەبەری تێپەڕاندنی دەکات. راستە گرێدانێک لەنێوان ئەو دوو ئامرازەدا دروست دەکات کە دەڵێت، ناسینی خێرو شەڕ هەڵچونی چێژو ئازار، هێندەی ئەوەی هۆشیاریمان لە بارەیانەوە هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جۆرە جیاکاریەک لە نێوان ئەو دوو ئامرازەدا هەیە: ئامرازی یەکەم، بەکاربردنی هەڵچونێکی بەهێزترە، هەرچونێک بێت جۆرێکی تر لە هەڵچوون دەهێڵێتەوە، بەڵام ئامرازی دووەم لەتواناداە هەیە، ئەگەر تا دوا قۆناغی بڕۆین، دەگاتە حاڵەتێک بوار بۆ هیچ هەڵچوونێک ناهێڵێتەوە، تێدا هەموو شتێک بە پێویستی رەها ئارایشت دەکرێت دەتوانین ئامرازی یەکەم وەک قۆناغێکی رەخسێنراو بۆ ئەویتر لەبەرچاو بگرین، واتە زاڵبوون بەسەر هەڵچووندا بە هەڵچوونێکی لەخۆی بەهێزتر دەبێت، ئەوەش ئاسانترین و نزیکترین ئامرازە، دەشێت تەواوبێت لە رێگای تێگەیشتنی کامڵەوە بۆ جیگەی هەموو رووداوێک لە سیستمی هەمووەکی شتەکاندا، ئەوەش دوو ئامرازی گرانن، خەڵک دەستی پێیان راناگات.

بۆ دامرکاندەوەی هەڵچوونەکان ئامرازی یەکەم یان دووەم بەکاربەرین، لەهەردوو حاڵەتەکەدا ئێمە بەهێزترین هۆی ئاژاوە لەنێوان خەڵکدا تێدەپەڕێنین، ئەگەر بەسەر هەڵچوونەکاندا زاڵبووین: (هێندەی ئەوەی مرۆڤ هەڵچوونی خراپ وەردەگرێت، ناشێت بووترێت، هێندەش بەسروشت گونجاون» ٣٢. ئەگەر مرۆڤ هۆکاری یەکەمی گرتەبەر، ئەوە گەڕانە بەدوای هەڵچونێکی بەهێزتردا، پاشان بێگومان دەگات بە نزیکبوونەوە لە نێوان خۆی وخەڵکی تردا، ئەگەر هەڵچوون

ترسێک بێت و بنرێت بە مرۆڤەوە، ئەگەر هەوڵێک بێت بۆ زیانگەیاندن بە ئەوانی تر، زیانێک لەسەرووی ئەوە دەبێت لەوانی تر بدرێت، دەیگەیەنێت بەدەست بەسەرداربوون لە ئارەووە غەریزییەکەی لەبەدیهێنانی سودی خۆی لەسەر زیانگەیاندن بەوانی تر.(لەسەر بنەمای ئەو یاسایە دشێت کۆمەڵگە بونیاد بنرێت، لەکاتێکدا کۆمەڵگەی خۆی بپارێزێت بەو مافەی کەهەمووکەس هەیەتی لە تۆڵەکردنەوە بۆ خۆی لە ئازار پێگەیشتنیدا، و خۆی بڕیاربدات لەسەر خێرو شەڕی خۆ چییە،هەرچەندە کۆمەڵگە توانای دانانی رێساگەلێکی گشتی بۆ رەفتار هەبێت، و یاسا گەلێک دەربکات، کە هەرەشە کۆمەکی بکات، نەک ئەو عەقڵەی دەستەوەوەستانە لەدامرکاندنەوەی هەڵچوندا. کۆمەڵگەیەکی لەو جۆرە لەسەر یاسا بونیادەنرێت و لەسەر هێزێکی بەتوانا بۆ پاراستنی بەدەوڵەت ناودەبرێت، ئەوانەشی لە پاراستنیدا دەژین ناودەبرێت بەشوانەکان»٣٣، بەڵام ئەگەر سپینۆزا لەدەقی پێشتوتردا جەختی لەدۆش دامانی عەقڵ لەدامرکاندنەوەی تورەیدا کرد- با ئەوە بەیاد بهێنینەوە لە تێبینیکردنی پرسی ژمارە ١٧دا لەهەمان بوندا- دۆزەکە لەگۆشە نیگای لاوازی مرۆیی و کۆیلایەتی مرۆڤەوە دەکات، لەوێشەوە دیدگایەکی ترو لە ئاستێکی بەرزتردا هەیە، دیدگای رزگاربوونی مرۆڤە) مەبەستم لەهەموو ئەوەیە کەعەقڵ تێدا توانای رزگارکردنی مرۆڤی لەهەڵچونەکانی هەیە ئەویش بە بیرکردنەوە لێی، هەروەها لەم دۆخەدا هەوڵی مرۆڤ بۆ دامرکاندنەوەی هەڵچوونەکانی دەگات بەنزیکبوونەوە لەنێوان خەڵکداو دڵنیابوونەوە لەبەها کۆمەڵایەتیەکان لە دەروونی مرۆڤایەتی دا، بەڵام لە ئاستێکی بەرزتر لە ئاستی ترسی ئاڵوگۆڕ دەگات بە ئامرازی یەکەم، عەقڵ بنەمای گونجا لەنێوان خەڵکدا( ئوەندەی خەڵکی شوێنەکەوتەی عەقڵ دەژین هەمیشە بەناچاری سروشتیان یەکانگیر دەبێت»٣٤. هەرچەندە بواری وازیکردن مرۆڤ بۆ عەقڵی فراوان بێت، و مەعریفەش بۆ سروشتی شتەکان فراوان بێت، ئاستەنگی نێوان خۆی ئەوانی تر بەرەو نەمان دەچن. بەوپێیەیە، ئەگەر کەسێک دوای چاکەکاری خۆ بکەوێت، ئەوا بۆ خەڵکیشی بەرەوا دەزانێت، چەند مەعریفەی لە بارەی خوداوە زیاد بکات ئەوەندەش ئەو ئارەزووەی خۆی دەپەرستێت»٣٥.

بەو جۆرە ئەوەی ژیانی خۆی بەعەقڵ بەرێوەدەبات، دەبێتە سەرچاوەی

خێروسودی هەمیشەیی بۆ خەڵکی تر: ( سودی لەوەدانییە لە سروشتدا بە گوێرەی عەقڵ بژی»٣٦. هەر لەبەرئەوەش هەوڵدانی مرۆڤ بۆ بەرژوەندی تایبەتی خۆی، ئەگەر بەڕێنوێنی عەقڵبێت لەهەمانکاتدا دەبێتە هەوڵێک بۆ سودی ئەوانی تر. لەوبارەیەوە سپینۆزا بە بیرۆکەیەکی گرنگەوە لە تیۆرە ئەخلاقییەکەیدا دێت، پێیوایە خێری راستەقینە شتێکە نەبەش دەبێت و نەدابەشدەکرێت، ناکەوێتە ژێرکاریگەری زۆربەی ئەوانەوە بەشداری تێدادەکەن، بەڵکو لەوانەیە هەرکەسێک پشکی گەورەی تێداهەبێت، چونکە لەوانەیە ئەو خێرە ئەگەر پارە یان پلەیان نفوزبێت، بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو ئاپۆرەیە کە لەسەریەتی، بەوپێیە دەبێت کێبەرکێ لەنێوان خەڵکدا توندبێت، هەرچەندە بڕی ئەو نیازانە سنودارەو جێگەی هەمووان تێدانابێتەوە، بەڵکو کاتێک ئەو خێرە دەبێـە مەعریفە بۆ هەمووان ڕێگە پێدراوە، وە زۆربوون ژمارەی بەشداربوون کە نابێتە هۆی کەمبوونەوەی، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەتا خەڵک زیاتر داوای مەعریفە بکات، چێوەی ئەم مەعریفەیە فراوانترو ئاسۆی بەرین تر دەبێت.

ئەوەش راڤەکردن پرسی سپینۆزا لە کە دەڵێت: ( خێری بەرز بۆ ئەوانەیە کە دوای چاکەکاری هاوبەش دەکەون لەنێو هەمووانداو، و دەشێت هەمووان چێژی لێوەرگرت لە پێشکەشکردنی یەکسانیدا»٣٧. لەتێبینیکردنی خودی ئەو پرسەدا دەڵێت: (ئەوە لەسەر شێوازی پان بەدوادا نایەت، بەڵکو لەسەر سروشتی عەقڵ خۆیەتی-بەرزترین خێر بۆ مرۆڤ هاوبەشە لەنێوان هەمووان‌دا هێندەی ئەوەی لەچیەتی (ماهیتە) مرۆڤ خۆیەوە سەرچاوە دەگرێت، هەروەک چۆن لەمیانەی عەقڵەوە دەناسرێت).

سپینۆزا بەشیکردنەوەی مەزنکردنی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە لەسێبەری عەقڵدا ناوەستێت، بەدڵنیاییەوە، هەروەکو بەربەرچی هەموو ئەوانە بداتەوە کە هەوڵی پێکەوە گرێدان لەنێوان تاکگەری و فەلسەفەکردندا دەدەن، وێنای کۆبوونەوەی عەقڵەکانیان بۆ ناکرێت تەنها لەسەر ئەو بنەمایە نەبێت کە ئەم عەقڵنە دەست بەرداری هەندێک لەجیاوازییەکانی خۆی بهێنێ. (هیچ شتێک بۆ مرۆڤ لە مرۆڤ خۆی بەسودترنییە، لەتوانای مرۆڤدا نییە شتێک دەستەبەری پاراستنی بونی خۆی بکات، گەورەتربێت لە ڕێکەوتنی هەمووان لەسەر ئەوەی زەین و جەستەی

هەمووان یەک زەین و یەک جەستە بێت، ئەگەر ئەم دەربڕین تەندروست بێت، هەمووان بەیەک دەنگ و بە گوێرەی توانا هەوڵی پاراستنی بوونیان بدەن و بۆ سودی هەمووان تێبکۆشن بەو جۆرە هەموو ئەو خەڵکانەی کە عەقڵ بەڕێوەیان دەبات–یان هەوڵا دەدەن بۆ ئەوەی سودی خۆیانی تێدا بە گوێرەی عەقڵ– هیوای شتێک بۆ خۆیان ناخوازن، ئەگەر بۆ هەموو مرۆڤی نەخوازن، بەوجۆرە ڕەفتاریان بەدادپەروەری و دڵسۆزی و شەریف وەسف دەکرێت»٣٨.

سپینۆزا لە دەقی پێشوودا بەرپەرچی هەموو ئەوانە دەداتەوە، کە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە عەقڵ، ئەگەر گۆشەگیری خۆی لەدەستدا ئەوا جیاوازیشی لەدەستدەدات، لەبەرانبەر ئەوەشدا دژە ئامانجێک بۆ کۆمەڵگەی پێکهاتووە لەخەڵکی ئازاد کەیەک عەقڵ و یەک جەستەیە دادەنێت، ئەو لە دەقێکی ترو وەڵامی هەموو ئەوانەوە داتەوە، کەمەبەستەکانی بەمەستگەلی راهیبێکی دوورە پەرێز دەچوێنن، ئەمە ئەو وەسفەیە کە زۆرێک لەراڤەکارە باوەکانی سپینۆزا بەکاری دەهێنن. ئەو بنەمایەی کە عەقڵ لەنێوان خەڵکدا کۆدەکاتەوە ئەو زوهدە نییە لەهەمووپەیوەست بوونێک بە سروشتی ئەسڵی مرۆڤەوە، بەڵکو بەدێهینانی هەموو لایەنەکانی ئەو سروشتەیە بەرێبەری عەقڵ، بەکامڵترین جۆر. (ئەوەی بۆ چەسپاندنی ئەزموون وتمان بەروونی وا لە هەموو خەڵک دەکات لێکترنزیکببنەوە لەسەر ئەو وتەیەدا مرۆڤ خودایە بۆ مرۆڤی برای» ٣٩. لەگەڵ ئەوەشدا دەگمەن روودات.خەڵک گوێڕایەڵی عەقڵ بن، ئەوان لەژیانی خۆیاندا بەگوێرەی سیستمێکی بنیانراو لەسەر ئیرەیی‌و ناکۆکی بەڕێوەدەچن، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانن ژیانێکی گۆشەگیرانە بژین، بەو پێیەی کەپێناسەی مرۆڤ ئاژەڵێکی کۆمەڵایەتییە جێگەی ڕەزامەندی هەمووە، بەڵکو ژیانی کۆمەڵایەتی بۆ مرۆڤ ئاڕادەیەکی دوور زیانەکانی لەسەر لادەبات، باگاڵتەجاڕەکان ڕقی خۆیان بکەن، بەپێکەنینی گەمژانە بە بارودۆخی مرۆڤ، بالاهوتییەکانیش رایبگەیەنن، باستایشی ژیانی گەمژانەی دەشتەکی مرۆڤ بکەن بەگوێرەی توانایان، باڕق بدەن بەمرۆڤ، و ستایش بۆ بەئاژەڵ، پاش هەموو ئەوانە، ئەوەی دەبینن، مرۆڤ دەتوانێت بەشێوەیەکی گونجاو پێویستییەکانی زیاتر بەهاوکاری یەکتر دابینبکات، تاکە ئامرازێک بۆ ڕزگاربوونیان لەو مەترسیانە لەهەموو لایەنێکەوە یەکخستنی هێزیانە»٤٠

رەنگە زیادەڕۆینەکەین لەراڤەکردندا ئەگەر وتبێستمان سپینۆزا لەپەیوەستبوونی بەهاوکاری لەنێوان خەڵکداو بەوەفابوونی زیاتر لەپێویستییەکانیادا لەهەمانکاتدا بەرگری لەشارستانیەتی پیشەسازی نوێ دەکات یەکەمین دەرکەوتە رێ بۆ خۆشکراوەکانی بینیوە، سەرەتاش رەخنە لەوانەش دەگرێت کەبالۆرە بۆ رۆژانە گۆشەگیری مرۆڤ و پشتبەخۆبەستنی لێدەدەن، خۆی دەکات بەداکۆکیخوازی پرەنسیپی دابەشکردنەکار، بەدڵنیاییەوە، هەروەها وەک لەدوایدا دەبینین ئەوە بەتوانایە لەبەدیهێنانی کەماڵی مرۆڤ زیاتر لەژیانی گەمژانەی دەشنەکی.

**لایەنە چاکو خراپەکان لەتیۆری ئەخلاقدا**

سروشتییە گرفتی چاکو خراپ بەهەر میتۆدێکی ئەخلاقی بوروژێنرێت، کەبانگەشە بۆ دامرکاندنەوەی هەڵچونەکان، هەڵوێست وەرگرتن لەمەڕ ئەم میتۆدانە بەخراپە لەرەواقییەکانەوە شتێکی باوە، ئایا مرۆڤ بانگهێشت نەکراوە، بۆ ئەوەی سەرنج بخاتە سەر وزەی خۆی لە سەپاندنی هەڵچونەکانو دامرکاندنەوەکانیداو لەکۆنترۆڵکردنی خۆیدا عەقڵی بەکاربهێنێ لەبرتیی قۆزتنەوەی ئەم وزەیە لەزاڵبوون بەسەر ئەو هۆکارە دەرەکیانەدا، کەگەیشتوون بەم هەڵچووونە، یاخود عەقڵی خۆی بەکاربهێنێ بۆ کۆنترڵکردنی ئەو جیهانەی دەوریان داوە؟ ئەم جۆرە میتۆدانە لەڕەواقیەکانەوە دەستپێدەکات، بۆ سپینۆزا، گونجاوە بۆ ئەو کەسانەی کەدەستەپاچەن لەگۆڕینی جیهانی دەوروبەریانو هەوڵیان دەخەنە سەر گۆڕینی خۆیان، جیهانی ناوەوەیان دەکەن بەتەختەی شانۆی چالاکیەکانیان، چونکە ئەوان ناتوانن خاوەنی دەسەڵات بن تەنها لەجیهانی خۆیاندا نەبێ.

لەتیوری سپینۆزا لەدامرکاندنەوەی هەڵچونەکاندا زۆر رەگەز هەیە کۆمەکی ئەم جۆرە ڕەخنەیە دەکەن، هەندێکجار بەزمانێک دەدوێت، کەسروشتی خراپ دەبەخشێت راسنەوخۆ وەکولە نامەی ژمارە (٣٠)دا هاتووە تێدا لەبارەی شەڕی نێوان هۆڵەنداو ئینگلتەراوە قسە بۆ ئولدینبرگ دەکات شەڕێک کەپێی ڕازی نین، بەوە، بەڵام من نە پێکەنیم دێ و نەگریان، بەڵکو پاڵم پێوە دەنێت بۆ فەلسەفە کاری و سەرنجدان لە سروشتی مرۆڤ ئەگەر باوەڕم وانەبێت من مافی گاڵتەکردن بەسروشتم نییە، هەرەچەندە بیر لە خەڵک دەکەمەوە حاڵیان وەک حاڵی هەموو

هەبووەکانی تر وەهایە، شتێکی تر نیین، جگە لە بەشێکی سروشتی، لەوەدا من نازانم چۆن ئەو بەشانە لەگەڵ گشتدا دەگونجێن و پێ بەپێ لەگەڵی دەڕۆن، چۆن هەر بەشێک پەیوەست دەبێت بەوانی ترەوە....

ئێستا من بۆ هەر کەسە و ئازادی ڕەوا دەبینیم بە گویرەی سروشتی خۆی بژی».

بێگومان ئەوە دیدێکی نێگەتیڤە بۆ دیاردەیەک دانی پێدادەنێ، کە شەڕو ئەوەیش جەنگە، بەڵام دەیخاتە ئەستۆی لاوازی شاراوە لە خەڵک و ناکرێت گۆڕانکاری تێدابکرێت. تێڕوانین نێگەتیڤ وەک لەم دەقەدا روونە پەیوەستنە بەڕامان لە کارەکان لە سروشتە پێویستییەکەیدا، یان لەدیدی ئەزەلەوە، خۆڵێ لادانی نییە، بۆئەوەی رواڵەتی لاوازی لەسەر خەڵکی بچووک لاببات، هەموو رووداوێک دەبەستێنەوە بەڕەوتی پێویستی ئەزەلی سروشتەوە، ئەوەش لەشیکردنەوە و فەلسەفەکاریدا کارێکی دروست و رێگا پێدراوە، بەڵام ئەگەر بوو بەگوزارەکردن لە هەڵوێستی فەیلەسوفی، ئەوا ئەو دەگات بەنکوڵیکردن لە بوونی مرۆیی خۆی و وازپێهێنانی لەبەشداریکردنی کردەیی ژیانی خەڵکی تردا، ئەوەی روونە ژیانی پراکتێکی ئێمە جۆرە دەستبەرداربوونێکی ئارەزوومەندانی کاتی دەخوازێت لەدیدی ئەزەلی و گرنگیدان بەوەی ئەوی تر لەبەشێکی رووداوەکاندا، و لەجیهانی هەڵچوونەکاندا بە ئەو بەها مرۆییانەشەوە کە تێدایە هیچ ئینتمایەکی بۆ سروشتی شتەکان نییە، بەڵام گوزارشت لە کێشە ئەسڵییەکان لەژیانی مرۆڤدا دەکات.

لەلایەکی ترەوە راستە عەقڵنیبوون و تێگەیشتن لە هۆکارەکان، هەنگاوێکی گەورەیە بۆ رزگاربوونمان لە گرفتەکانمان، بەڵام دواین هەنگاو نییە، تێگەیشتن و مەعریفە بەس نین، بەڵکو لە کورتکردنەوەیاندا جۆرێکن لە نێگەتیڤ، بەڵکو پێویستە کامڵبکرێن بەهەوڵی گۆڕینی پۆزەتیڤانەی هەلومەرجی دەرەکی ئەو هەوڵەش ئینتیمای بۆ بواری پراکتێک دەبێت، نەک بە تەنها بۆ بواری عەقڵ، سەرەڕای هەموو ئەوانە دەتوانین بڵێین تۆمەتی خراپ ناتوانرێت بەتەواوی بسەپێنێری بەسەر فەلسەفەی ئەخلاقی ئسپێوزادا، لەم فەلسەفەدا رەگەز گەلێکی چاک هەیە کەنکۆڵی لێناکرێت، ئەو لە زۆربەی ئەو منێۆدانە جیا دەبێـنەوە کە بانگەشە بۆ دامرکاندنەوەی هەڵچوونەکان بەعەقڵ دەکەن، ئەم بانگەشەکردنە

لەلای ئسپێوزا لەسەر بنەمای گۆشەگیری « زهد» بونیادنەنراوە، بەڵکو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، هیچ لئێکچونێک لە خۆناگرێت و ئەرکی مرۆڤیشە بە گوێرەی توانا هەموو رەگەزە سروشتیەکانی خۆی رازییکات، با لەوە بارەیەوە تێبینی ئەوە بکەین، ئەو پرەنسیپە بنەڕەتییەی کە لەجیانەیەوە هەموو رواڵەتەکانی رەفتاری مرۆڤ دەکات، پرەنسیپی بەردەوامبوونە لە بووندا، ئەمەش لە خۆیدا پەرنسپی کاراییە، لەکاتێکدا هەر شتێک کردەوەی مرۆڤ پەک بخات بەشەڕی دەزانێت، سەرەڕای ئەوەش بەبایەخەوە دەڕوانێتە هەوڵی مرۆڤ بە سودی تایبەتی خۆی، نکوڵی هیچ رەگەزێک لە رەگەزەکانی ژیانی هەستی ناکات، مەگەر زاڵبێت بەسەر عەقڵدا، ئەوە شتێکە هیچ فەلسەفەیەکی بونیادنراو لە سەر پڕەنسیپی کارایی رەهای مرۆڤ نکۆڵی لێناکات، وەک پێشتر نییمیان جەخت لەسەر بەهای کۆمەڵایەتی دەکاتەوە، بەشێوەیەک کە مشت و مڕهەڵناگرێت، وەگریدانێکی روون لەنێوان رابوونی مرۆڤ بۆ ژیانی خۆی و لەنێوانی پوەیەندی یە کۆمەڵایەتییەکەیدا لەوانی ترەوە هەیە، لەوەشدا رەگەزێکی پۆزەتیڤی روون هەیە.ئەم رەگەزە پۆزەتیڤەکە خۆی کردنەوە لە جەختکردنەوە لەبەها کۆمەڵایەتییەکاندا دەنوێنی لەگەڵ ئەمەشدا هەروەک دودان تێبینیکردووە، پشت ئەستورە بەدەست پێشخەری کەسایەتی ، لەمیتۆدی ئەودا سروشت بەرەوتی چارەنووساسازی خۆیدا دەڕوات و هیچ قورسیەکی لەسەر مرۆڤ یان بایەخی بۆ ئامانجەکانی نییە، ئەخلاق هیچ مانایەکی نییە، تەنها ئەوەنەبێت نەسیمێکە بەدەستپێشخەری کەسێتی هەڵدەکات، کە خەڵک لەناو کۆمەڵگەدا لەسەر بنەماکەی هاوکارن (٤١) بەدەربڕینێکی تر هاوکاری کۆمەڵایەتی لەم دۆخـەدا هێزی بەرگریخوازانەی خۆی لەتاکەوە وەردەگرێت، سەرئەنجام دەبێت لەسەر سیستمێکی خودی تاک بونیادبنرێت. نموونەی ئەم سیستمە خودییە درێژکراوەی بەرزترین ئاستە کە عەقڵی مرۆڤایەتی پێیگەیشتووە، ئەو عەقڵەش بە تەنها لای ژمارەیەکی کەمی خەڵک هەیە، هەر ئەوەش مرۆڤ ناچار دەکات دان بەوەدا بنێت کەئەخلاق لای سپینۆزا بەرەو کەمی دەڕوات نەک زۆری سەرەڕای داننانی تەواوی بە سروشتی مرڤدا، مەرجگەلێک بۆ ئەخلاق دادەنێت، تەنها ژمارەیەکی کەم پێیدەگەن، ئەم گرفتە بوو بە بابەتی پرسیارێک کەسلیڤان زاک کتێبەکەی خۆی بەناوی « ئەخلاق لای سپینۆزا» پێهێنا،

مەبەستم ئایا میتۆدی ئەخلاقی سپینۆزا دیموکراتی بووە یان ئەرستۆکراتی؟ لەوەدا سەودایەکی دیموکراتیانە هەیە کە هێرش دەباتە سەر دەسەڵاتی ئایینی ئەگەر رواڵەتەکانیشی بێت، هەروەها لە جەختکردنەوەیدا لەسەر ئەوەی کە دڵی مرۆڤ بەتەنها دەستەبەری ئەوە دەکات کە مرۆڤ بەرەو رێگای دروست و هەموار ببات، بەڵام سەودا ئەرستۆکراتیەکەی روونە، لەوەدا دەردەکەوێت کە جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە، کە ئامڕازی رزگاربوون مەعریفەیەکی عەقڵییە، کەئەوەش لای ژمارەیەکی کەمبوونی هەیە(٤٢) ئەوەها مرۆڤ پەناگەیەک نادۆزێتەوە بۆ ئەوەی بڵێت میتۆدی ئەخلاقی سپینۆزا جۆرێک جیاکاری لەنێوان ئەخلاقی سەردار و کۆیلەدا دەکات، ئەگەر لەو وەسفانە رابمێنین کە سپینۆزا لەبارەی ئەخلاقی میتۆدە لاهۆتیەکانەوە قسەی پێدەکات، بەوانەی وەکو سزا و پاداشت و بەڵێن قۆزتنەوەی هەشتی خەڵک و رووپاییکردن بۆ هەڵچوونەکانیان، ئەوا بە روونی دەبینین ئەوە وەسفانە لەلای سپینۆزا گوزارشت لە ئەخلاقی کۆیلە دەکەن، لەکاتێکدا دەبینین بانگهێشتی تەواوی خەڵک دەکات بۆ وەرگرتنی ئەو جۆرە ئەخلاقە، چونکە دەستەبەری گەیاندنیان بەرێگەی هەموار و دروستدەکات، دەبینین ناوەستی بەوەوە کە جەختبکات لەسەر ئەوەی رێگایەکی تر بۆ دەربازبون هەبێـت، بۆخۆی جۆرەکارێکی رەها دادەنێت و لەبەرئەنجامەکانی نایکات کە لەمەدوای کارەکەدا دێت، بەڵکو

لەبەرئەوە دەیکات، پاداشتی چاکەکاری چاکەکردن خۆیەتی، دان بەوەدا دەنێت کە گشت دەستە پاچەیە لەبیرکردنەوەیی دەستەبەری گرێدانی هەڵچونەکان بەرەوتی پێویست و سروشتیدا بکات، کەواتە گشت دەبێـت ئەخلاقی تایبەت بەخۆی هەبێت، کەتێدا مرۆڤ لە هەڵچوون رزگاری نابێت بە هەڵچوونێکی تر نەبێت بەهێزتر بێت لە خۆی، بەڵام تایبەت یان سەردار مەعریفە ئامرازەکەیەتی

بۆ چاکەکاری و بەختەوەری لەپەیرەوکردنی عەقڵدا، و رزگاربوونی لە دانان بە پێویستی «٤٣ دا هەموو ئەوانەی ژمارەیەکی کەم دەتوانن پێی بگەن، ئەگەر بەرزترین شتەکان وەک لە دەربڕینی پێشودا وتمان کە کتێبی ئەخلاقی کۆتایی پێهێنراوە نارەحەتترین و دەگمەنترنییان، بەمجۆرە گفتوگۆ کەلەسەر پرسی نێگەتیف و پۆزەتیف لای سپینۆزا مۆرکێکی دیالێکتیکی روونی لەخۆگرت،

وسەبارەت بەپرسی دیموکراتی وئەرستۆکراتی لەم ئەخلاقەدا، لەدڵنیاییەوە بۆ دڵنیاییەکی تر لەبەرزترین ئاستدا .

لەدیدی ئێمەدا بۆچوونی پێشوو سـەرەڕای رۆاڵەتی دەشنەکیانە دوایی وتەی ئەم بابەتە نییە، هێشتا لە توانادا هەیە بووترێت ئەو نمونە باڵایە کە سپینۆزا بۆ ئەخلاق باسی دەکات، سەرەوری عەقڵە، نەک ئەرستۆکراتی بە هەموو رووەکانییەوە وە نیاز خراپ نییە بۆ بەشێکی گەورەی مرۆڤ، چونکە عەقڵی مەزن کە ئەم خەسڵەتەی هەیە ئەگەر لەرووی پراکتیکەوە بۆ هەمووان فەراهەم نەبێتئەوا لەرووی تیوەرییەوە فەراهەمدەکرێت بۆ هەمووان ، بەڵکو مەعریفە لەرووی تیورەییەوە، نزیکترین نموونەی باڵایە بۆ دەست پێداگەیشتنی هەمووان

هەر وەک گوتمان ئەوە وەک پارەو ماڵ نییە هەتا پشکدارەکانی زۆرترین بڕەکەی کەمتربیبێنەوە، بەڵکو تاکە ئامانج ئەوەیە هەمووان بەشداری تێدا بکەن و هەتا بەشداریکردن تێدا زۆرترین بێت ئاسۆکانی فراوانتر دەبێت، بەراستە ئەمە لەڕووی پراکتیکەوە کارێکی بەد ینەهاتووە، چونکە مەعریفە تەنها بۆ کەمێکی دەگمەن نەبێت فەراهەم نابێت، بەڵام نموونەی باڵا بۆ مەعریفە ، لەپرەنسیپدا ئاسانترین نمونەی دەست پێڕاگەیشتنە، هەروەک چۆن لەرووی پراکتیکەوە پێگەیشتنی سەختترە لەسەر بنەمای ئەم سروشتە تایبەتە بۆ نمونەی مەعریفە

لە تواناماندا هەیە کێشە بە هەمووان و لە نێوان جەمسەرەکانیدا لەم کەشتییە بڵندەدا.

---

**سەرچاوە :**

اسبپنوزا د. فوئاد زکریا» سلسله الفکر المعاصر» الطبعه الپانیه ١٩٨١ ص ١٩٦-٢٢٠.

**تێبینی:** تەنها لە نووسینی ئەم فەسڵەدا نوسەر «٤٣» سەرچاوەی بەکارهێناوە ئێمە بە پێویستمان نەزانی سەرچاوەکان بنوسینەوە.

**ئــەخلاق**

سپینۆزا

لەعەرەبییەوە: ئارام جەمال سابیر

«لەسەر بوونەوەرە مرۆییەکان دەنوسم، وەک ئەوەی من لەبارەی هێڵەکانو رووتەختەکانو جەستە بەستووەکان بنوسم. سووربووم لەسەر ئەوەی گاڵتەو لاقرتێ یان نەفرەت یان بوغزو قین لەکارەکانی مرۆڤ هەڵنەگرم بەڵکو تێیانبگەم، هەربۆیە روومکردە هەستو سۆزەکان.. نەک لەبەرئەوەی بەدکارو بەزیانە لەسروشتی مرۆڤدا، بەڵکو بەوەی چەند خەسڵەتێکی پێویستە بۆ مرۆڤ وەک پێویستبوونی گەرمیو ساردی، زریانەکانو هەورەبروسکەو هەموو ئەو شتانەی لەسروشتی کەشوهەوا دەچن.»

هەرچەندە من هەندێکجار مایەپووچی ئەو ئەنجامانە دەبینم، کە بەعەقڵو بیرکردنەوەی سروشتیانەی خۆم پێیانگەیشتوم، بەڵام ئەم مایەپووچییە جگە لەتۆخکردنەوەی قەناعەتێک هیچی تری بۆ ناکرێت، ئەویش بەختەوەربوونمە لەبیرکردنەوەداو خرِکردنەوەی زانیارییەکانە، چونکە کاتەکانی خۆم بەحەسرەتو حوزنەوە بەفیڕۆنادەم، بەڵکو دەیانخەمە خزمەت ئاشتیو دڵسافیو خۆشنودییەوە.»

**مادەو عەقڵ**

شادیی‌و ئازار یان بۆ رازیکردنی غەریزەن، یان بۆ پەکخستنین، ئەم دووانە نابنە هۆکار بۆ حەزو ئارەزووەکانمان، بەڵکو ئەنجامی ئەون، ئێمە لەبەئەوە حەز لەشتەکان ناکەین، چونکە شادمانمان ناکەن، بەڵام دڵخۆشمان دەکەن لەبەرئەوەی ئێمە حەزمان لێیانەو ئەمەش هیچ دوودڵییەک هەڵناگرێت.

دیارە ئەمەش ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە نابێت مرۆڤ خاوەن ئیرادەی ئازاد بێت، چونکە ئەوە زەرورەتی مانەوەیە بڕیار لەسەر غەریزە دەدات‌و غەریزەش بڕیار لەسەر حەزو ئارەزوو دەدات، ئارەزووش بڕیار لەسەر هزرو کردە دەدات. بڕیارەکانی عەقڵ شتێک نین، جگە لە حەزو ئارەزووەکان، لەعەقڵدا ئیرادەی رەهاو ئازاد نییە، هۆکارێک هەیە عەقڵ ئاڕاستە دەکات، لەئیرادەی ئەم شت یان ئەو شتدا، ئەم هۆکارەش لەلایەن هۆکارێکی ترەوە ئاڕاستە دەکرێت‌و ئەمیش لەلایەن هۆکارێکی ترەوە، ئیدی مەسەلەکە تا ناکۆتا بەمجۆرە دەڕوات، خەڵکی پێیوایە ئەوان ئازادن لەبەرئەوەی پەی بەحەزو خواستەکانیان دەبەن، بەڵام ئاگایان لەو هۆکارانە نییە وایانلێدەکات حەزبکەن‌و دڵیان بۆ شتەکان لێبدات. رەنگە بشێت بەراوردی نێوان هەست‌و ئیرادەی ئازاد بەو بەردە بکەین، کەدەهاوێژرێتە ئاسمان، ئەگەر تۆزقاڵێک هەست بەو بەردە ببەخشرێت وادەزانێت لەکاتی فڕێدانەکەی‌و هەڵکشانی بۆ ئاسمان ئەوە خۆیەتی بڕیار لەسەر رێڕەوی هاویشتنەکەی دەدات، هەر خۆشی دیاریکەری ئەو شوێن‌و کاتەیە، کە تێیدا دەکەوێتەوە سەر زەوی. عەقڵ‌و ئەخلاق چێژی گواستنەوەی باری مرۆڤە لەحاڵەتێکی چوڕە کەماڵەوە بۆ حاڵەتی هەرە مەزنی کەماڵبوون. ئازاریش گواستنەوەی باری مرۆڤە لەحاڵەتێکی مەزنەوە بۆ حاڵەتی هەرە کەمی کەماڵبوون. من پێیدەڵێم گواستنەوە، چونکە لەخودی چێژ خۆیدا کەماڵبوون نییە: ئەگەر مرۆڤ بەکەماڵی لەدایکبووایە ئەوکات هەستی بەسۆزی چێژ نەدەکردو، پێچەوانەکەی ئەمەش مەسەلەکە روونتر دەکات.

من بەهۆی عاتیفەوە لەبارودۆخەکانی جەستە تێدەگەم، کەهێزی بزووتن تێیدا زیادو کەمدەکات، کەئەمەش بۆخۆی یان ئەوەتا یارمەتیدەرێکی ئەو هێزە دەبێت، یان بەپێچەوانەوە سنوربەندی دەکات، لەهەمانکاتدا بەهۆی عاتیفەوە لەو بۆچوونانەش تێدەگەم کەهاوشانن لەگەڵ ئەو بارودۆخەدا. هەرهەمان تێگەیشتنم

بۆ کاری چاکەو هێزیش هەیە. چەندێک توانای مرۆڤ زیاد بکات لەوەی خۆی بهێڵێتەوەو بگەڕێت بەشوێن ئەوەی سوودی پێدەگەیەنێت، ئەوەندە کاری چاکەشی زیاددەکات.مرۆڤ شتێک فەرامۆش ناکات سوودی پێبەخشێت، مەگەر ئەوەتا داوای خێری زیاتری لێکردبێت. ئەگەر عەقڵ داوای شتێکی نەکردبێت ناکۆک بێت لەگەڵ سروشتدا، لەبەرئەوە دەبێت هەموو مرۆڤێک خۆی خۆشبوێت، بەشوێن ئەوەوە بێت سوودی پێدەگەیەنێت، هەوڵی هەموو ئەو شتانە بدات، کە بەراستی دەیبەن بەرەو حاڵەتی هەرە مەزنی کەماڵبوون. پێویستە هەموو مرۆڤێکیش چەندێکی توانی هەوڵی مانەوەی خۆی بدات. هەوڵدان بۆ تێگەیشتن بناغەی یەکەمو تاکە بناغەیە بۆ چاکەکاری. عاتیفە کەڵکەڵەیەکی کەموکوڕو ناتەواوە. بەجۆرێک نابێت گەرمایی حەزو ئارەزوو وابکەن لەو کەڵکەڵەیە کەمبکەنەوە، هەروەها نابێت تیشکی کەڵکەڵەکەش لەحەزو ئارەزوو کەمبکاتەوە، چونکە عاتیفە وەک عاتیفە نامێنێتەوە، ئەگەر لەمێشکدا بیرۆکەیەکی روونو ئاشکرای لەبارەوە بۆ دروستبکرێت.

---

* سەرچاوە: * مقتطفات ، « الاخلاق مؤيده بالدليل الهندسى» سبينوزا ١٦٦٥م – ترجمه د. فتح الله المشعشع.

١ Brauch Spinoza(١٦٣٢–١٦٧٧) فەیلەسوفی هۆڵەندی.

## چاکە و خراپە چییە

**سپینۆزا**
لەئینگلیزییەوە: شاسوار کەمال مەحمود

بۆ ئەوەی بزانین چاکە و خراپە چییە،بەم شێوەیەی خوارەوە دەست پێ دەکەین:

هەندێک شت لەناو تێگەیشتن و بیرکردنەوەی ئێمەدا بوونیان هەیە ، کە لە سروشتدا بوونیان نییە، کەواتە ئەو شتانە داهێنراوی ئێمەن، بەمەبەستی تێگەیشتن لێیان. لەنێوان ئەو شتانەدا : ئێمە باس لەهەموو پەیوەندیەکان دەکەین کە سەرچاوەن بۆ شتی جیاواز ئێمە بەو شتانە دەڵێن (Entia Rationis – واتە : شتە عەقڵیەکان). ئێستا پرسیارەکە برێتییە لەوەی : ئایا چاکە و خراپە پەیوەندیان بە (عەقڵ) ەوە، هەیە یاخود بە(واقع) وە. لەو سۆنگەیەوەی چاکە و خراپە دەچنە خانەی پەیوەندیەکانەوە، دەبێت پەیوەندیان بە شتە عەقڵیەکانەوە هەبێت ، چونکە نازانین چاکە چییە بەبێ ئاماژەکردن بەشتێک (سەرچاوەیەک) کە چاک نییە. کەواتە ئێمە ئەڵێن ئەو پیاوە خراپە بە بەراود بەپیاوێک کە باشە، یان ئەو سێوە خراپە بە بەراورد لەگەڵ سیوێکی تردا کە خراپە.

هەموو ئەو تێگەشتنانەی سەرەوە، ناتوانرێت بوترێن ئەگەر شتی باش بە بەراورد لەگەڵ شتی خراپ بوونیان نەبێت، کەواتە کاتێک ئێمە ئەڵێن ئەو شتە

باشە، ئەوا ئێمە تەنها دڵنیایی دەدەینە ئەو تێگەیشتنەی خۆمان کە لەبارەی ئەو شتەوە هەمانە. هەروەک پێشتر وتمان شتەکان پێویستە لەگەڵ مانا تایبەتیەکەی بەرابمەرەکەیاندا بڕۆن، لەپێناو دروستکردنی ناوەڕۆکێکی تەواودا.

ئێستا دوای ئەو شیکردنەوە کورتە چەمکی (چاک) ەو (خراپ) ە مان بۆ ڕوون بۆوە، بەڵام بۆ زیاتر ئاشنابوون ئەم چەند سەلماندنانەی خوارەوەش ئاماژە پێ دەکەم:

*هەموو دروستکراوێک لە سروشتدا یان (شت Things) ە یان جوڵە (Action) ە ، بەڵام چاکە و خراپە نەشتە ، نەجوڵەیە. کەواتە چاکە و خراپە لەحەقیقەتدا بوونی نییە.

*ئەگەر چاکە و خراپە (شت یان جوڵ) ە بن ، پێویستە پێناسەیەکیان هەبێت.

بۆ نمونە (باشی پیتەر ، یان خراپی مایکڵ) ناتوانرێت پێناسە بکرێن، وەک بەشێک لەناوەڕۆکی کەسایەتی (پیتەر و مایکڵ) ، واتە بەبێ گەڕانەوە بۆ (پیتەر و مایکڵ) لەو (چاکە و خراپە) بیان ناگەین، بەمەش چاکە و خراپە نە (شت) ن ، نە (جوڵە) ن لە سروشتدا لەم سۆنگەیەشەوە بوونیان نییە.

## مافی سروشتیو یاسای سروشتی لای هۆبز و سپینۆزا

**د. محەمەد عابر ئەلجابری**
**لەعەرەبییەوە: ئارام جەمال سابیر**

فەیلەسوفی ئینگلیزی تۆماس هۆبز لەدیارترین دامەزرێنەرانی تیۆرەی «مافی سروشتی» بوو. ئەم تیۆرەیەی لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا «لیفیاپان» Léviathan دا باسکردووە کە ساڵی ١٦٥١ نوسیویەتی. هۆبز لەبیرۆکەیەکی نوێوە دەستیپێکرد کە لەکاتی خۆیدا بە»دۆخی سروشتی» ناسرابوو... لەکاتی دەرکەوتنی بیرۆکەی «پەیمانی کۆمەلایەتی»دا گریمانەی «دۆخی سروشتی» خستەڕوو، بۆئەوەی لەسەر بنەمایەکی «ماقوڵو بەجێ« دیاردەی کۆمەڵبوونی مرۆڤو شارستانێتی مرۆیی دابمەزرێنێتو بتوانێت، لەرابوردوویەوە، ئەو شتە پێشکەشی ئێستا بکات تا لەهۆشیاری خەڵکدا یارمەتی چاندنو چەسپاندنی چەمکەکانی نوێگەرییو تازەگەریی بدەن، چونکە بەبێ ئەو جۆرە دامەزراندنە، کە بنەماگەلی تێپەڕاندنە دیالەکتیکییەکەی لەکەلەپوردا «کەشفو سەقامگیردەکات» (کە مەبەستی لە نەفیو سەلماندنە، پاشان نەفیکردنەوەی نەفیو هێشتنەوەو پارێزگاریکردن لەسەلماندن بەشێوەیەکی تازە) خواستی نوێگەرییو تازەگەریی لەمێشکی خاوەنەکانیدا وەک شتێکی یۆتۆپیایی دەمێنێتەوە. لەو چوارچێوەیەدا گریمانەی «دۆخی سروشتی» وەک زەمینەیەک بۆ ئەو دامەزراندنە خرایەگەڕ. وەختێک هۆبز دەڵێت: «مرۆڤ گورگە بۆ مرۆڤ» بەمە گوزارشت لە»جەوهەری دۆخی سروشت» دەکات، چونکە دۆخی سروشتی، کەمرۆڤ تێیدا لەئازادییەکی رەهادا ژیاوە، دۆخی جەنگێکی بەردەوامە لەنێوان مرۆڤو مرۆڤی برایدا. لەو دۆخەدا مافی سروشتی مافی

دابینکردنی ئارەزووەکانو تێرکردنیانە. لەمبارەیەوە هۆبز دەڵێت: «مافی سروشتی» کەنوسەران هەر پێیدەڵێن دادگەریی سروشتی natural justice بەواتای: ئازادی کارکردنی هەریەکێک بەهەموو توانایەوە، چۆنی پێخۆشە، لەپێناو پاراستنی سروشتە تایبەتیەکەیدا، بەواتایەکی تر لەپێناو پاراستنی ژیانە تایبەتیەکەیداو ئەنجامدانی هەموو ئەو شتانەی، بەپێی مەزەنەی تایبەتیو عەقڵی تایبەتی خۆی، گونجاوترین ئامرازە بۆ بەدیهێنانی ئەو مەبەستە.

ئەمەش سەبارەت بە«مافی سروشتی» کەجیاوازە لە«یاسای سروشتی». «هۆبز»یش دێت جیاکارییەکی یەکلاکەرەوەیان لەنێواندا دەکاتو دەڵێت: مەبەستی من لەوشەی «ماف – Right» ئەو ئازادییەیە، کەدراوەتە هەموو مرۆڤێک بۆئەوەی بتوانێت توانا سروشتییەکانی خۆی بەگوێرەی عەقڵە ساغڵەمو تەندروستەکەی خۆی بەکاربهێنێت، پاشان ئەو بناغەیەی مافی سروشتی شانی خۆی لەسەر دادەدات ئەمەی خوارەوەیە: هەموو مرۆڤێک خاوەن تواناو تەقەللایە بۆ پاراستنی ژیانو ئەندامەکانی. مادام مافی مانەوە بۆ هەموو مرۆڤێک هەیە، لەبەرئەوە دەبێت مافی بەکارهێنانی ئامرازەکانیش هەبێت، واتە هەر شتێک دەخوازێت بابیکات چونکە بەبێ ئەوە ناتوانێت بمێنێتەوە.

لەروانگەی ئەمەوە مافە سروشتییەکان بۆ مرۆڤ چوار دانە: مافی مانەوە یان پارێزگاریکردن لەخود. مافی بەکارهێنانی هەموو ئەو ئامرازانەی مافی مانەوە دابیندەکەن. مافی بڕیاردان لەسەر ئەو ئامرازە زەرورییە هەمەجۆرانەی دەستەبەری مافی مانەوە دەکەنو مەترسی دووردەخەنەوە. مافی دەستخستنە سەر هەر شتێک کە (دەست) بیگاتێ: «سروشت لەهەموو شتێکدا مافی داوەتە مرۆڤەکان لەبەرئەوە شتێکی رەوایە بۆ هەموو مرۆڤێک هەموو ئەو شتانە بکات کەیارمەتی مانەوەی دەدەن».

ئەمە لەبارەی «مافی سروشتی»یەوە، بەڵام «یاسای سروشتی» ئەو یاسایەیە، وەک رێسایەکی هەڵقوڵاوی ناو عەقڵی مرۆڤ، کەناهێڵێت خەڵک ئەو چەشنە کارانە ئەنجامبدەن، کە بەمردنیان کۆتایی دێت، ئەو مردنەی کەهەر دەبێت ئەوان بەرەو لای خۆی راکێشێت، لەبەرئەوەی هەموو یەکێک لەوانە پابەندن بەسەرجەم مافەکانیانەوەو دەستبەرداریان نابن. هۆبز دەڵێت: پێویستە لەگەڵ

ئەوەشدا جیاکاریی هەبێت لەنێوان مافو یاسادا، چونکە ماف پشت بە ئازادی دەبەستێت، ئازادی مرۆڤ لەوەی کارێک بکات، یاخود نەیکات. لەکاتێکدا یاسا تەنها پەیوەندی بەیەکێکیانەوە هەیە (یان ئەوەتا بیکات یان نەیکات)، ئەوە یاسایە ئەو کردەیە دیاریدەکات، هەروەها جیاوازییەکی گەورە لەنێوان یاساو مافدا هەیە، کە لەجیاوازی نێوان «زۆرلێکردن– الالزام»و «ئازادی – الحریە» دەچێت لەوەی هەردووکیان لەیەک بابەتدا ناکۆکبن بەیەکتر.»مافی سروشتی»، کەسروشت دەیبەخشێت، هەموو شتێک دەداتە مرۆڤ، بەڵام «یاسای سروشتی»، کەزادەی سروشتی عەقڵی مرۆڤ خۆیەتی ڕێگەیەکی زۆر لەبارو گونجاو بۆ پاراستنی مافە سروشتییەکان دیاریدەکاتو لەسەرووشیانەوە مافی مانەوەیە. عەقڵ مرۆڤ بەرەو بیرۆکەیەکی زۆر گرنگ پەلکێشدەکات، کەبیرۆکەی تەنازولکردنە لەمافە سروشتییەکەی خۆی، کەئەویش ئازادیی هەڵسوکەوتکردنە، بەبێ هیچ کۆتوبەندێک، لەگەڵ دەستەبەرکردنی ئاشتی لەگەڵ ئەوانیتردا، کەئەمەش بەواتای وازهێنانە لەکوشتو بڕینو ڕزگاربوون لەچنگ ترس. ئەم تەنازولکردنە لە «مافی سروشتی» بریتییە لەبناغەی دەوڵەت، بریتییە لەو پەیمانە کۆمەڵایەتییەی ئەگەری پێکهاتنی دەوڵەت دەڕەخسێنێت.

لەو فەیلەسوفانەی بیرۆکەی «مافی سروشتی»یان وەگەڕخستووە فەیلەسوفی هۆڵەندی بەناوبانگ باروخ سپینۆزا (١٦٣٢–١٦٧٧)یـە. ئەم فەیلەسوفە کتێبێکی بەناوبانگی بەناوی «نامەیەک سەبارەت بەلاهوتو سیاسەت»ـەوە نوسیوەو لەناوەڕۆکدا دەڵێت: ئازادیی کاری فەلسەفی نابێتە مایەی ترس بۆ سەر تەقوا (ئایین) یان ئاسایشی دەوڵەت، بەڵام بەنەهێشتنی ئەم ئازادییە خودی ئاسایشی دەوڵەتو تەقوا هەردووکیان لەیەککاتدا لەناودەچن.

سپینۆزا مەبەستی نامەکەی لەدوو شتدا دیاریکردووە: یەکەمیان، «فەلسەفەو لاهوت (ئایین) لەیەکتر جیابن، هەروەها لاهوت ڕاشکاوانە ئەوە ڕابگەیەنێت کە «ئازادیی کاری فەلسەفی» بۆ خودی هەر تاکێک خۆی بەجێدەهێڵێت». لێرەدا، لەپاڵ ئەو فەیلەسوفە هۆڵەندییەی لەسەدەی هەڤدەدا ژیاوە، بەهەمان ئەو بیرۆکەیە دەگەینەوە کە ئیبن روشد پێش ئەو بەپێنج سەدە لەکتێبەکانیدا بەرگری لەبیرۆکەی سنوربەندیی نێوان ئایینو فەلسەفە کردووە.

دووەم، «چارەسەرکردنی ئەو بنەمایانەی دەوڵەتیان لەسەر دادەمەزرێت».
ئێمە لێرەدا ئەمەمان بەلاوە گرنگە، چونکە ئەو فەیلەسوفە لەو بوارەدا هاتووە بیرۆکەی»مافی سروشتی بۆ هەموو مرۆڤەکانی بەدەر لەئایینو دەوڵەت» وەگەڕخستووە، کەمەبەستی لە:»مافی سروشتیو رێکخستنی سروشتی ئاوەڕوانکراوە لەو رێسایانەی سروشتی هەر تاکێکی پێدەناسرێنەوە، ئەو رێسایانەی پەییانپێدەبەین، بەوەی کە هەموو وجودو بوویەک بوونو رەفتارەکەی بەشێوەیەکی دیاریکراو دیاریدەکرێت»، لەکاتێکدا هەرە یاسای مەزنی سروشت ئەوەیە، کە هەر شتێک ئەوەندەی لەتوانایدایە هەوڵدەدات لەباری خۆیدا بمێنێتەوەو تەنها لەخۆی بڕوانێت بێئەوەی ئیعتبار بۆ هیچ شتێکی تر دابنێت، لەمەوە بەوە دەگەین کە هەموو بوویەک مافی رەهای دەبێت لەوەی لەباری خۆیدا بمێنێتەوە، واتە بەو شێوەیە هەبێتو رێگەبکات، کەهەر دەبێت ئەنجامدانەکەی سروشتیانە بێت»، هەروەها سپینۆزا درێژەی دەداتێ:»لەو رووەوە جیاوازییەک لەنێوان خەڵکو بووە سروشتییەکانی تردا نابینین، یان لەنێوان ئەوانەی خاوەن عەقڵێکی تەندروستنو ئەوانەشی مێشک پووتو بەتاڵن، یاخود لەنێوان کەسانی ساغڵەمو کەسایەتییە بەهێزەکان لەلایەکو کەسە گەمژەو لاوازەکان لەلایەکی ترەوە. لەراستیدا هەریەکێک بەپێی یاساکانی سروشت شتێک بکات، ئەوە ممارەسەی مافێکی رەهای خۆی کردووە، چونکە بەو پێیە هەنگاودەنێت کەسروشتی خۆی لێیدەخوازێتو ناکرێت جگە لەوە شتێکی تر بکات. چەندێک سەیری خەڵک بکەین وەک ئەوەی تەنها لەسایەی حوکمی سروشتدابن ئەوەندە بینینمان بۆیان وایلێدێت، کەهەموویان لەیەک باردا بژین: ئەگەر دوای ئەمەش هێشتا کەسانێک هەر بێ ئاوەزو عەقڵ مانەوە، یان هەر هێشتا نەبوونەتە خاوەن ژیانێکی شایستەو بەتەنها لەژێر حوکمی مافێکی رەهای رکێفکراوی یاساکانی شەهوەتدا ژیان، ئەوا ئەوانە هەورەک ئەوانەن کە لەژێر رکێفی یاساکانی عەقڵدان. خۆ حەکیمێکیش مافی رەهای هەیە، لەوەی کار لەشتێکدا بکات کەعەقڵ فەرمانی پێدەدات، واتە بەپێی یاساکانی عەقڵ دەژی، بۆ جاهیلێکیش، یان هەرکەسێک کەبەتاڵە لەهەر سیفاتێکی خولوقی، مافی رەهای هەیە لەکردنی هەر شتێکدا، کە شەهوەت پاڵپێوەدەنێت بۆ کردنی، واتە بەپێی یاساکانی شەهوەت دەژی» (دەبینین چۆن

گریمانەی «باری سروشتی» لەلای سپینۆزا گۆڕاوە بۆ بیرۆکەی «مافی سروشتی»).

بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کەسپینۆزا خەڵک بانگهێشت دەکات، بۆ ئەوەی تەنها بەپێی سروشتی خۆیان بژین‌و گوێنەدەنە ئەوەی عەقڵ داوایان لێدەکات. نەخێر، بەڵکو ئەو جەختندەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە:» بێگومان ئەوەی دەمێنێتەوە عەقڵەو بۆ خەڵکیش ئەوە بەکەڵکترە کەبەپێی یاساو پێوەرە یەقینەکانی عەقڵ بژین چونکە، هەروەک گوتمان، ئەم یاساو پێوەرانە تەنها روویان لەبەدیهێنانی ئەو شتەیە کەسوودو کەڵکێکی راستەقینەی بۆ مرۆڤ تێدایە. وێڕای ئەمەش هەموو مرۆڤێک حەزدەکات ئەوەندەی بتوانێت لەدڵنیاییەکی دوور لەهەر جۆرە ترسێک بژی، بەڵام ئەمە مەحاڵو ئەستەمە، چونکە هەموو تاکێک دەتوانێت ئەوەی دەیەوێت ئەنجامیبدات، جگە لەوەی عەقڵیش ئەو مافانە نادات کەدەکەونە ژوور مافەکانی رق‌و تووڕەبوونەوە. لەراستیشدا تاکە مرۆڤێک لەناو ناوەندی دوژمنایەتی‌و رق‌و تووڕەیی‌و چاوبەستکردندا نادۆزینەوە دڵەڕاوکێی نەبێت، هەروەها مرۆڤێکیش نییە ئەوەندەی بتوانێت لەهەوڵی خۆقوتارکردندا نەبێت.

چۆن دەکرێت خۆمان لەو دوژمنایەتی‌و کین‌و رقە رزگاربکەین، کە بەپێی مافی سروشتی رەنگە زادەی کارو کردەوەی هەر تاکێک بێت؟ سپینۆزا لەوەڵامدانەوەی ئەمەدا دەڵێت:»... سەرنجبدەین خەڵک لەبەدبەختییەکی زۆردا دەبن ئەگەر هاوکاری یەکتری نەکەن، ئەگەر لەپێناو زەرورەتی ژیاندا وەک کۆیلە بمێننەوەو کار بۆ پێشخستنی عەقڵیان نەکەن، پاشان زۆر بەروونی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت بۆ خاتری ئەوەی خەڵک لەدڵنیایی‌و لەباشترین شێوەدا بژین، دەبووایە هەوڵی یەکخستن بدەن لەیەک سیستمدا (دەوڵەت)، لەئەنجامی ئەمەوە ئەو مافەی هەریەکێکیان بەسەر هەموو شتەکانەوە هەیبوو، بەحوکمی سروشت، دەگەڕێتەوە بۆ گروهەکەو چیدی هێزو شەهوەتی خۆی کۆنترۆڵی ناکات، بەڵکو لەلایەن هێزی هەمووان‌و ئیرادەکەیانەوە دەبێت».

---

سەرچاوە: الحق الطبیعی... والقانون الطبیعی - د. محمد عابد الجابری - الاتحاد